WWW.RUDAW.NET

رووداو
RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (307) دووشەممە 2014/4/28 8ی گولانی 2714 (750) دینار

## پارتی هۆشداری دەداتە یەکێتی

**رووداو- هەولێر**

دلشاد عەبدولڕەحمان، راوێژکاری مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان نوێترین هەڵویستی حیزبەکەی لەسەر مەسەلەی پێکهێنانی حکومەت بۆ (رووداو) خستەڕوو و گوتی "دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان لە رۆژی سێشەممەی داهاتوو سازانی نیشتیمانی لەسەر نەبووە و یەکێتی دەنگ بە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان نادات". دلشاد عەبدولڕەحمان هێرشی توندی کردە سەر پارتی و گوتی "ئەو بەشەی پارتی دایناوە لە حکومەتی داهاتوود بدرێ بە یەکێتی، یەکێکە لە بڕیارە هەرە هەڵەکانی پارتی".

(رووداو) لە سەرچاوەکانی نێو مەکتەبی سیاسی یەکێتی زانیویەتی کە بڕیاری کۆتایی یەکێتی بۆ قۆناخی پێش هەڵبژاردن بەشداری نەکردنە لە حکومەت و پەرلەمان. بەڵام (رووداو) لەسەرچاوە باڵاکانی پارتی زانیویەتی ئەگەر یەکێتی پێش هەڵبژاردنەکان نەیەتە نێو حکومەت ئەوا پارتی بڕیاری داوە بە پشکی یەکێتیدا بچێتەوە رەنگە لە جیاتی پێنج وەزارەت سێ وەزارەتیان بدەنێ و یەکێتیشی لەوە ئاگادار کردووەتەوە.



دەرباز کۆسرەت رەسوڵ:
پۆستەکانی پارتی لە ئیستیحقاقی خۆی زۆر زیاترە
9

گۆڕان سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەداتە یەکێتی
6

لە تاوانی خەتەنەکردنەوە بۆ پەردەی کچێنی
21



نێچیرڤان بارزانی بۆ (رووداو):

# ئەم قۆناغەی رێککەوتنی ستراتیژی تەواو بووە

- رێککەوتنی ژێربەژێریمان لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان نییە

3



رووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە (307) دووشەممە 2014/4/28

## دادوەری دادگای تاوانەکانی کەرکووک گیانی لە دەستدا



**رووداو- کەرکووک**

دادوەری دادگای تاوانەکانی کەرکووک لە لایەن کەسانی نەناسراوەوە لە ماڵەکەی خۆیدا دەسڕێژی گوللەی لێکراو بریندار بوو. بە هۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لە دەستدا. سەرچاوەیەکی ئەمنی رایگەیاند لە کاتی ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆ دادوەر (عیدان حەسەن) دادوەری دادگای تاوانەکانی کەرکوک لە نەخۆشخانەی ئازادی کەرکووک گیانی لە دەستدا. سێ رۆژ لەمەوبەر چەند چەکدارێکی نەناسراو کە ئۆتۆمبێلێکیان پێبوو پەلاماری ماڵی ناوبراویان لە گوندی (شمێت)ی سەر بە ناحیەی زاب دا و بە هۆیەوە ناوبراو بە سەختی بریندار بوو، شەوی 2014/4/27 لە کاتی ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆی لە نەخۆشخانەی ئازادی شاری کەرکووک گیانی لە دەستدا.

### هەڵۆ نەجات، بەڕێوەبەری ئاسایشی پارتی لە کەرکووک:

# سوپای عێراق بە بڕیاری نەجمەدین کەریم هاتووەتە نێو کەرکووک



**محەممەد نەجات**
**رووداو- کەرکووک**

بەڕێوەبەری ئاسایشی پارتی لە شاری کەرکووک رایدەگەیەنێت هاتنی سوپای عێراق بۆ ناو شاری کەرکووک بۆ پاراستنی بنکەکانی دەنگدان لە رۆژی هەڵبژاردندا، لەسەر داوای پارێزگاری کەرکووک بووە، ئەوانیش لە هاتنی سوپای عێراق بۆ ناو کەرکووک ئاگادار نەکراونەتەوە.

هەڵۆ نەجات، بەڕێوەبەری ئاسایشی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووک بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەوڵدەدات بەرگری لە پارێزگاری کەرکووک بکات، وەک دوایین پێگەی جەماوەری خۆی لە کێبڕکێکردن لەگەڵ پارتەکانی دیکە".

بەپێی قسەی ئەو بەرپرسە ئەمنییەی پارتی لە کەرکووک "یەکێتی بودجەیەکی یەکجار زۆری پارێزگای کەرکووک و پترۆدۆلار و بودجەی حیزبەکەی تەرخانکردووە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ د.نەجمەدین کەریم، بۆیە هەر کەسێک ئەو پارە زۆرەی بۆ تەرخان بکرێت دەنگ دەهێنێ".

هەرچەندە رۆژی 27/4/2014 کۆبوونەوەی لێژنەی ئەمنی پارێزگا هەبووە کە ئاسایشی پارتی ئەندامی ئەو لێژنەیەیە، بەڵام هەڵۆ نەجات گوتی ئەوان بەشداری کۆبوونەوەکەیان نەکردووە بەبێ ئەوەی هۆکارەکەی روونبکاتەوە و گوتیشی "هیوادارین سەرکردایەتی کورد بگاتە بڕیارێک بۆ گۆڕینی ئیدارەی پارێزگای کەرکووک".

ناوبراو روونیکردەوە "دووشەممەی رابردوو بە بەشداری هەموو بەرپرس و دەزگا ئەمنییەکانی کەرکووک کۆبوونەوەی لێژنەی ئەمنی پارێزگای کەرکووک بەڕێوەچوو کە هیچ شتێکی تێدا باس نەکرا، بەڵام رۆژێک دوای کۆبوونەوەکە، دکتۆر نەجمەدین کەریم لەگەڵ بەرپرسانی سوپای عێراق کۆبووەتەوە، ئێوارەی هەمان رۆژ لەلایەن فیرقەی 12ی سوپای عێراقی ئاگادارکراینەوە کە ئەوان بنکەکانی دەنگدان دەپارێزن".

هەڵۆ نەجات، دەڵێت پێشتر رێککەوتن هەبووە لەسەر ئەوەی کە سوپا لە دەرەوەی شار بن و ئاسایشی ناوخۆی شار لەلایەن هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسەوە بپارێزرێ "بەڵام ئێستا بەبێ ئاگاداری ئێمە رێککەوتن کراوە لە نێوان فیرقەی 12 و ئیدارەی کەرکووک، کە سوپا بنکەکانی دەنگدان دەپارێزێت، هێزەکانی ئاسایش پەراوێز خراون و هیچ نووسراوێکیش لەبارەی پلانی ئەمنی رۆژی هەڵبژاردن بەدەست ئێمە نەگەیشتووە".

بەڕێوەبەری ئاسایشی پارتی لە کەرکووک ئاماژە بەوەش دەکات کە "گرژییەکان لە کەرکووک بە جۆرێکە هێڵی سووریان بەزاندووە، ئەگەر رووداوێک رووبدات، ئەوا کۆنترۆڵکردنی ئەستەم دەبێت".

### هشیار عابد، سەرپەرشتیاری گۆڕان لە دهۆک:

# لە بادینانیش پۆستمان دەوێت

**عوبەید رەشافایی**
**رووداو- دهۆک**

هەرچەندە زۆر لە دهۆک نەژیاوە، بەڵام ئێستا سەرپەرشتی بزووتنەوەی گۆڕان دەکات لە بادینان. کەسێکی دیکە لە هەڵبژاردنە نێوخۆییەکانی بزووتنەوەکە بە باژێڕوانی گۆڕان لە دهۆک دانراوە، هشیار عابد دەڵێت "هەردووکمان وەکو یەک دەسەڵاتمان هەیە، بەڵام من سەرپەرشتیاری گۆڕانم".

سەرپەرشتیاری بزووتنەوەی گۆڕان، هۆکاری کەمیی دەنگەکانیان لە هەڵبژاردنەکانی رابردوودا ئاشکرا دەکات و دەڵێت "لە رووی رێکخستنەوە زۆر رێکوپێک نەبووین، کە هاتم هەندێک کارم کردووە بۆ بووژانەوەی هەیکەلیەتی رێکخستن و دیاربوو هەندێک کەموکورتی ناوخۆیی هەبوو، هەر ئەوەش بووە هۆکاری کەم دەنگهێنانی گۆڕان لە هەڵبژاردنی رابردوو، بەڵام دڵنیاین ئەمجارە کورسییەکی پەرلەمانی عێراق و دوو کورسی ئەنجوومەنی پارێزگا لە دهۆک دەبەین".

ئەگەر لە دهۆک پیسایەک بکەیت، هەست دەکەیت گۆڕان کاندیدی نییە یان زۆر زۆر کەم پۆستەرت بەرچاو دەکەوێت، ئەو بەرپرسەی گۆڕان رەتیدەکاتەوە کە خەڵکانی خاوەن بڕوانامەو و لێهاتوویان نەبێت کاندیدی بکەن و گوتی "ئەگەر 30 کاندیدت هەبێت بێگومان پارەت دەوێت، ئێمەش بیری نەوتمان نییە وەکو حیزبەکانی دەسەڵات. هەرچەندە پۆستەرمان هەبووە، بەڵام بە ئیعازی بەرپرسانی ئێرە لێدەکرێنەوە، چونکە لە گەشەکردنی ئێمە دەترسێن".

هشیار عابد باسی پەیوەندی نێوان گۆڕان و حیزبەکانی دیکە لە بادینان دەکات و دەڵێت "لە مانگی ئادارەوە هاتووم بۆ ئێرە یەک کەسی پارتی تەلەفۆنیشی بۆ نەکردووم، سەردانیشیان نەکردووین، بەڵام بەرپرسانی یەکێتی و یەکگرتوو هاتوون و منیش چووم بۆ لایان".



دەسەڵاتدارانی دهۆک مێژوویەکی باشیان نییە لە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن

سەرپەرشتیاری گۆڕان لە پارێزگای دهۆک باس لەو پۆستە باڵایانە دەکات بۆ گۆڕانخوازانی دهۆک و دەڵێت "سیڤی چەندین کەسمان ناردووە بۆ سەرکردایەتی حیزب و پێمان باشە گۆڕانخوازێکی بادینان پۆستی وەزاری وەربگرێت، بەڵام دڵنیام گۆڕان خەڵکی شیاو بۆ جێگای شیاو دادەنێت، ئیدی خەڵکی هەر ناوچەیەک بێت کێشە نییە". گوتیشی "ئێمە بەشداری فیعلی دەکەین لە حکومەت و لە سەرجەم ئاستەکان، هەتا لە پۆستە حکومیەکانی دەڤەری دهۆک بەشمان دەبێت و خەڵکی خۆمان کاندید دەکەین بۆ ئەوەی هەندێک شوێن بەپێی ئیستیحقاقی ئێمە پڕبکەنەوە".

زۆرجار گلەیی لە گۆڕان دەکرێت کە نەوشیروان مستەفا، کەسی یەکەمی ئەو بزووتنەوەیە تاوەکو ئێستا سەردانی شاری دهۆکی نەکردووە، هشیار عابد لەوبارەیەوە دەڵێت "ئەگەر ئێستاش کاک نەوشیروان لە من بپرسێت بێم بۆ دهۆک، پێیدەڵێم مەیە هێشتا ماوە، لەبەر ئەوەی ئەو عەقڵیەتەی دەسەڵاتی دهۆک بەڕێوەدەبەن، هەمان ئەو خەڵکانەن کە لە ژێر حوکمی ئەوان، چەندین بارەگای حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن سووتێنراون و خەڵکی پلەداری حیزب کوژراون.

دەسەڵاتدارانی ئەم دەڤەرە مێژوویەکی باشیان نییە لە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن، ئیدی بۆیە لەو بڕوایەدا نیم دەسەڵاتدارانی دەڤەرەکە بتوانن سەلامەتی و حورمەتی کاک نەوشیروان بپارێزن".

# لە سلێمانی رۆژانە مامەڵە بە 200 پارچە چەکەوە دەکرێت

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**رووداو- سلێمانی**

کاتێک بەنێو بازاڕی چەکفرۆشانی بەرخانەقای شاری سلێمانیدا تێپەڕ دەبیت، بازاڕێکی بێدەنگ دەبینی، بەڵام پڕ لەمامەڵەی گەرم، ئەوان هەموو چەکێکیان لادەستدەکەوێت، وەک خۆیان دەڵێن هەرچەندە ئێستا بازاڕی چەکفرۆشتن لەچاو جاراندا هیچ بەرزو نزمی بەخۆیەوە نەبینیوە، بەڵام بەتایبەتی لەم کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەدا، کڕیارانی دەمانچە زۆر بوون و زۆربەی کڕیارەکانی دەمانچەش وەک چەکفرۆشان خۆیان دەڵێن، تەمەنیان لەخوار 20 ساڵە.

ئازاد ئەنوەر، تەمەنێکی زۆری لە نێو بازاڕی چەکفرۆشی بەسەربردووە، بەڵام وەک خۆی گوتی تاوەکو ئێستا تەنیا یەک فیشەکیشی نەتەقاندووە، ئەو دەڵێت لە پێناو بژێوی خێزانەکەی پەنای بۆ پیشەی چەکفرۆشتن بردووە.

لە مانگی بانگەشەی هەڵبژاردندا، لیژنەی ئەمنی لە سلێمانی ناچار بووە 2 جار کۆنگرەی رۆژنامەوانی ببەستێ و داوا لەلایەنە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن بکات بۆئەوەی لایەنگرانیان هێور بکەنەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی تەقە لە بینای لقی چواری پارتی کرا و شەوی دواتریش بە هەمانشێوە تەقە لەبارەگایەکی دیکەی پارتی کرا لە گەڕەکی ئیبراهیم ئەحمەد لە سلێمانی.

ئاوات محەممەد، قایمقامی سلێمانی و سەرۆکی لیژنەی ئەمنی، لەبارەی رووداوەکانی 20 رۆژی بانگەشەی هەڵبژاردن لە سلێمانی گوتی "چەند حاڵەتێکی پێکهەڵپژان هەبووە و 13 برینداری لێکەوتووەتەوە کە 5 لەو برینداران بە چەک بووە". گوتیشی "لیژنەکانمان بە بەردەوامی لە دەرەوەن و چاودێری دەکەن، رێگە بە هێنانەدەرەوەی چەک نادرێ، تەنانەت ئەو چەکانەی مۆڵەتیشیان هەیە".

محەممەد عەلی، چەکفرۆشێکی دیکەیە، گوتی "هەڵبژاردنەکانی پێشوو بەهۆی دابەشکردنی دەمانچەوە بەسەر هاووڵاتیان و سەرۆک عەشیرەتەکان بازاڕ گەرموگوڕی پێوە دیاربوو، بەڵام ئەم هەڵبژاردنە بەهۆی دابەشنەکردنی دەمانچە هیچ جۆرە گەرموگوڕییەکی پێوە دیار نییە، بەڵام هیچ رۆژێکیش بێ مامەڵە نەبووین".

بەپێی ئەو داتا زارەکییانەی لەلایەن چەکفرۆشانەوە دەست پەیامنێرانی (تۆڕی میدیایی رووداو) کەوتووە، ئێستا رۆژانە کەمترین مامەڵەی چەک لە بازاڕی چەکفرۆشاندا 200 پارچە چەک مامەڵەی پێدەکرێت، کە زۆربەی دەمانچەیە.

ئازاد ئەنوەر، لەبارەی نرخی ئەو پارەیەی رۆژانە لە بازاڕەکەدا جوڵەی پێدەکرێت گوتی "نرخی هیچ پارچە چەکێک لە 2 هەزار دۆلار کەمتر نییە، رۆژانە 400 هەزار دۆلار مامەڵە هەیە، ئەگەر رۆژێک بازاڕ نەبێت بەلایەنیکەمەوە 200 هەزار دۆلار مامەڵە دەکرێت، بەرزترین نرخی دەمانچە دەگاتە نزیکەی 10 هەزار دۆلار" هەروەها گوتیشی "زیاتر پۆلیس و ئاسایش و پۆلیسی دارستان فیشەک دەکڕن".

سەبارەت بە تەمەنی ئەوانەی چەک دەکڕن، ئازاد ئەنوەر گوتی "ئەوانەی دەمانچە دەکڕن لەم کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەدا زیاتر گەنجانی خوار تەمەن 20 ساڵن، دەتوانم بڵێم 70%ی ئەوانەی دەمانچە دەکڕن تەمەنیان 18 و 19 ساڵە".

چەک فرۆشتن مەرجیشی هەیە. وەک ئازاد باسی کرد "ناوی سیانی کڕیار دەنووسرێت، دەبێت ناسنامەی پێبێت و کەفیلی هەبێت کە خەڵکی سلێمانییە و هیچ کێشە و شەڕێکی نییە". لەبازاڕی چەکفرۆشانی بەرخانەقای شاری سلێمانیدا، بێجگە لە مامەڵەی ناوخۆ، مامەڵەی چەک کڕین بۆ سووریا و ئێران دەکرێت، چەکی کلاشینکۆف و قەناس و بی کەی سی و دۆشکە بۆ سووریا دەچێت، چەکی (راو)یش بۆ ئێران دەچێت، وەک تاپڕ و بڕنەو، "بەلایەنیکەمەوە هەر مامەڵە نەبێت رۆژانە بایی 100 دۆلار مامەڵەی چەک بۆ ئێران و سووریا لەم بازاڕەدا دەکرێت". محەممەد عەلی، ئەو زانیارییەی پێداین.

دۆشکەی 12.5 و 14.5 جۆری ئەو دۆشکانەن کە لەبازاڕی چەکفرۆشاندا دەفرۆشرێن، نرخەکانیان نزیکەی 12 هەزار دۆلاری ئەمەریکییە.

ئازاد ئەنوەر، ئاماژە دەکات بەوەی چەکی جۆری دۆشکە هەمووی پاشماوەی حکومەتی پێشووی عێراقە و لە هەرێمی کوردستان لای خەڵک ماوەتەوە، گوتیشی "ئەو دۆشکانە هەندێکیان شکاون و خەڵکی قاچاخچی دەیانکڕێت و چاکیان دەکاتەوە و دەیانفرۆشێت، بەڵام لەناوخۆدا کڕیاری چەکی قورس نییە، ئاسایش ئاگاداری هەموو جوڵەیەکی مامەڵەی ئەم جۆرە چەکانەشە".



ڕووداو
ڕیپۆرتاژ
ژمارە (307) دووشەممە 2014/4/28

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان:

## مالیکی خراپترین سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانە لە مێژووی عیراقدا

**ڕووداو – هەولێر**

د.ئومێد سەباح، وتەبێژ بەناوی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان وەڵامی لێدوانەکانی ئەمدواییەی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عیراق دەداتەوە و دەڵێت "مالیکی خراپترین سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانە لە مێژووی عیراقدا". کارنامەی کاری حکوومەتەکەی پڕیەتی لە "فەشەلهێنان و شکستی ئابووری و سیاسی بۆ دەوڵەتی عێراق". ناوبراو هەروەها دەڵێت "سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق لە لێدوانەکانیدا بە ئاشکرا پێشانی دەدا کە بنەماکانی دیموکراسی و کاری پارلەمانی بەباشی هەزم نەکردووە کاتێک کە نەیار و ڕکابەر سیاسییەکانی بە پیلانگێڕانی هەولێر وەسف دەکات".



## نێچیرڤان بارزانی بۆ (ڕووداو):

# ئەم قۆناغەی ڕێککەوتنی ستراتیژی تەواو بووە

## قۆناغێکی نوێ لە هەرێمی کوردستان دەستیپێکردووە

**ڕووداو– هەولێر**

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتدا لەگەڵ (تۆڕی میدیایی ڕووداو)، دەڵێت کە تا ئێستا لەگەڵ یەکێتی لەسەر وەزارەتی ناوخۆ یەکلانەبوونەتەوە و ڕاشیگەیاند ئەوان لەسەر بنەمای ئیستیحقاقی هەڵبژاردن کە 18 کورسییان هەیە، قسەیان لەگەڵ یەکێتی کردووەو گوتی "پێموایە باشترە یەکێتی قبوڵی بکات". لەبارەی یەکگرتووی ئیسلامیشەوە ئاشکرای کرد کە "لێکتێگەیشتنێکی باش لە نێوانماندا هەیە".

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کاندیدی ڕاسپێردراوی پارتی بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم لە هەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی ڕووداو کە لە شەوانی دووشەممە و سێشەممە لە بەرنامەی هەڤپەیڤیندا بڵاودەکرێتەوە، باس لە دوا قۆناغی پێکهێنانی کابینەی هەشتەم و

### PYD بە هاوکاری حکومەتی بەشار ناهێڵێ هیچ لایەنێکی دیکەی ڕۆژئاوا کار و چالاکی هەبێت

### بەم نزیکانە دانیشتنمان لەگەڵ PKK دەبێت

ناڕەزاییەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە پشکەکانیان لە کابینەی هەشتەمدا دەکات و هەروەها کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان لەسەر نەوت و بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغدا و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا و پرسی ڕۆژئاوای کوردستان و پەیوەندی پارتی و PKK دەخاتە ڕوو، قسە لەسەر ئەو بەڵێنەشی دەکات کە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنی 21ی ئەیلولی ڕابردوو ڕایگەیاند لەبارەی ئەوەی کە خەڵک دەبێ ڕاستەوخۆ لە نەوت سوودمەند بێت لە ڕێگەی بڕینەوەی مووچەی مانگانە.

نێچیرڤان بارزانی لەبارەی پۆستەکانی کە دراونەتە یەکێتی و ناڕازیبوونی ئەو حیزبە بەو پۆستانە، ڕایگەیاند کە کێشەی یەکێتی تا ئێستا وەزارەتی ناوخۆیەو پێداگرن لەسەر وەرگرتنی ئەو وەزارەتە، گوتیشی "پارتی بە یەکێتی دەڵێ ئەو وەزارەتە هی منە، چونکە دەزگای ئاسایشت لەبەردەستە کە دەزگایەکی ئەمنیە. وەزارەتی پێشمەرگەش هی گۆڕانە و یەکلابووەتەوە، بەڵام ئەم جەدەلەی نێوان ئێمە و یەکێتی تائێستا یەکلانەبووەتەوە و بەردەوامە".

نێچیرڤان بارزانی گوتی "پێموایە یەکێتی لە دەستپێکدا تەوەقوعاتی زۆریان بە جەماوەری خۆیان دا، بەڵام ئەوەی ئێمە لەسەری قسەمان لەگەڵیان کردووە لەسەر بنەمای ئیستیحقاقی 18 کورسییە لە پەرلەمانی کوردستان، پێموایە باشترە یەکێتی قبوڵی بکات. ئێمە خۆمان پێنج وەزارەتمان هەیە و پێنج وەزارەتیشمان داوەتە یەکێتی".

لەبارەی ئایندەی ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش پاش ئەم ساردوسڕییەی لەپەیوەندی نێوان هەردوو حیزبەکەدا هەستی پێدەکرێ، نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی



(فۆتۆ: حوسێن هیمەمەتی)

کوردستان گوتی "ئەم قۆناغەی ڕێککەوتنی ستراتیژی تەواو بووە و قۆناغێکی نوێ لە هەرێمی کوردستان دەستیپێکردووە، بەڵام ئێمە بە فەرمی ڕامانەگەیاندووە کە کۆتایی هاتبێت. ئەم قۆناغە تازەیە لەسەر پارتی و یەکێتی و هێزەکانی دیکە پێویست دەکات، کە هاوکاربن و پێکەوە کاربکەن".

جگە لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیش لەسەر وەزارەتی کارەبا کێشەی هەیە و بەو وەزارەتە ڕازی نییە، نێچیرڤان بارزانی، لەبارەی ئەوانەوە باس لە دیدارێکی خۆیان لەگەڵ ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی دەکات و جەخت لەوە دەکاتەوە کە لەگەڵ ئەوان گەیشتوونەتە ئەنجامێک و دەڵێت "تێگەیشتنێکی باش لە نێوانماندا هەیە".

دوای ئەوەی ڕێککەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان لەبارەی کابینەی هەشتەم ڕاگەیەنرا، ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ناویان لە ڕێککەوتنەکە نا ڕێککەوتنی ژێر بە ژێری نێوان نێوان پارتی و گۆڕان، لەوبارەوە نێچیرڤان بارزانی گوتی "ئێمە بەهیچ شێوەیەک ڕێککەوتنی ژێربەژێریمان لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان نییە، ئێمە پێمان باشبووە بەشداری حکومەت بکەن، ئەوانیش ئارەزووی بەشداریکردنیان لە حکومەت هەبووە، لە مافی خۆیان زیاتر داوا نەکردووە، مەرجی تەعجیزییان نەبووە، وەک پارتی پێمان وابووە دەتوانین پێکەوە کار بکەین".

نێچیرڤان بارزانی لەبارەی وتەیەکی نەوشیروان مستەفا لەبارەی چوار ساڵی ئارامی لە کوردستان و هەڵوێستی بزووتنەوەی گۆڕان لەکاتی دانوستاندنەکاندا، گوتی "ئەندامانی شاندی دانوستاندنی پارتی کە لەگەڵ من بوون، بە شێوەیەکی زۆر پۆزەتیڤانە سەیری ئەم قسانەی کاک نەوشیروانیان کرد. بۆیەش ئێمە پێمانوابوو ئەمە سەرەتایەکی نوێیە و دەتوانین پێکەوە کاربکەین، ئێمە بەو بۆچوونە خۆشحاڵین".

هەروەها گوتی "چوار ساڵی ئارامی مانای ئەوە نییە کە لەم وڵاتەدا هیچ کێشەیەک نابێت، بەڵکو مانای ئەوەیە کە هەموومان لەسەر بەرنامەیەک ڕێکبکەوین، هەمووشمان هەوڵ بدەین ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکەین".

لەبارەی ئەوەی کە ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا لە سلێمانی بردیەوە، ئایا یەکێتی ئامادە دەبێت ئەو ئەنجامە قبوڵ بکات، نێچیرڤان بارزانی

### ڕێککەوتنی ژێربەژێریمان لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان نییە

### لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی گەیشتووینەتە ئەنجامێک و لێکتێگەیشتنێکی باش لە نێوانماندا هەیە

گوتی "بڕوا ناکەم گۆڕان ئەوەندە کورسییە لە سلێمانی بباتەوە کە خۆی بەتەنیا پارێزگاری سلێمانی دابنێت... ئەگەر گریمان بە تەنیاش بتوانێ، ئەوە لەسەر هەر لایەنێکە پابەندی ئەنجامی هەڵبژاردن بێت".

پرسی نەوت و کێشەکانیان لەگەڵ بەغدا تەوەرێکی دیکەیە لە هەڤپەیڤینەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو کێشەکەی گەڕاندەوە بۆ ئامانجی بەغدا لە کۆنترۆڵکردنی نەوت و گوتی "بە کوردی و بە کورتی بە دوو وشە پێتان بڵێم، مەسەلەکە کۆنترۆڵە، بەغدا دەڵێت من کۆنترۆڵی دەکەم، ئێمەش پێیان دەڵێین تەجروبەیەکی خراپمان لەگەڵ ئێوە هەیە، نابێت ئێوە کۆنترۆڵی بکەن".

کێشەی بەغدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەسەر نەوت و بودجە گەیشتە ڕادەی بڕینی بودجە لەلایەن بەغداوە، نێچیرڤان بارزانی باس لە دوایین سەفەری خۆی بۆ بەغدا دەکات و دەڵێ "بەرلەوەی بچینە بەغدا، بۆچوونی من وابوو کە بەغدا بەشێوەیەکی گشتی لە هەموو عێراقدا کێشەی دابینکردنی بودجەی هەبێت، کە چووین بۆ بەغدا لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ لایەنی عێراقی، تووشی شۆک بووم کە ئەمەم زانی، چونکە پێموابوو کێشەی داراییان هەیە و پارەیان چاپ نەکراوە و کێشەکە چارەسەر دەبێت، بەڵام ئەوان گوتیان نەخێر ئێمە بە بڕیار بودجەی هەرێمی کوردستانمان ڕاگرتووە، گوتم چۆن؟ گوتی بە بڕیاری سەرۆک وەزیران نوری مالیکی بودجەی هەرێمی کوردستانمان ڕاگرتووە، من جارێکی دیکە پرسیارەکەم دووبارە کردەوە، بە ئەمری سەرۆک وەزیرانی بەغدا نوری مالیکی ئێوە بڕیارتان داوە بودجەی هەرێم ڕاگرن؟ وەزیری دارایی گوتی بەڵێ بە ئەمری سەرۆک وەزیران و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان، گوتم کەواتە چ پێویست دەکات ئێمە مفاوەزات بکەین بۆ چارەسەرکردن، ئێوە پێشتر دەسپێشخەریتان کردووە و پارەی هەرێمتان بڕیوە، چ پێویست بەم مفاوەزاتە دەکات؟".

بارزانی لە دیدارەکەیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە کێشەی مووچە چارەسەر دەکەن و خەڵکیش دڵنیا دەکاتەوە کە مووچەی هیچ کەسێک لە هەرێمی کوردستان نافەوتێ، گوتیشی "من دەڵێم لە هەرێمی کوردستان ڕەنگە تا مانگی 5 و 6 ئەو کێشەیەمان هەبێت، بەڵام هەوڵی جدی ئێمە ئەوەیە کە دوای ئەو وادەیە، ئەگەر هیچ نەیەتە پێشەوە، ئەو کێشانە چارەسەر بکەین. گرنگ ئەوەیە خەڵکی کوردستان دڵنیا ببنەوە کە مووچەی هیچ کەسێک نافەوتێت، دواکەوتن بابەتێکە، بەڵام بەدڵنیاییەوە مووچەی کەس نافەوتێ".

نێچیرڤان بارزانی باس لە سیاسەتی ئەمریکا لەبارەی کێشەی هەرێمی کوردستان و بەغدا دەکات و دەڵێ "ئەمریکا هانی هەردوولامان دەدات بۆ ئەوەی بگەین بە تەفاهوم، ئەمە سیاسەتی ڕاستەقینەی ئەمریکایە، بەڵام هیچ لایەنێک لەسەر ئەوی دیکە فەرز ناکات".

زیاتر گوتی "ئەمریکا کە دەڵێ بگەڕێنەوە بەغدا وەک پایتەختی عێراقی فیدراڵ، مانای ئەوە نییە کە دەبێت لە ژێر کۆنترۆڵی بەغدا دابێت، ئەمریکا بە بەردەوامی هانی هەردوولامان دەدات، بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامێک. بەڕاستی بەرژەوەندی هەرێمی کوردستانیش لەوەدایە لەگەڵ بەغدا بگاتە ئەنجامێک، بەڵام کە نەگەیتە ئەنجام خۆ ناتوانیت تاهەتایە هەروا دانیشیت، دەبێت ڕێگایەکی دیکە بدۆزیتەوە، ئەمە ژیانە و بەردەوام دەبێت، چاوەڕوانی خەڵکیش لە حکومەتەکەی زۆرە، بۆیە دەبێت ڕێگایەک بدۆزێتەوە".

پەیوەندییەکانی پارتی و PKK و ڕۆژئاوای کوردستان تەوەرێکی دیکەی هەڤپەیڤینەکەیە، نێچیرڤان بارزانی ئاشکرای دەکات کە بەم نزیکانە لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان دادەنیشن و گوتی "ئێستا خەریکین بەم نزیکانە دانیشتنەکەمان لەگەڵ PKK دەبێت.. نامانەوێ کێشەمان لەگەڵ هیچ لایەنێک هەبێت"...

لەبارەی ڕۆژئاوای کوردستانیش دەڵێت "PYD بە هاوکاری حکومەتی بەشار ناهێڵێ هیچ لایەنێکی دیکەی ڕۆژئاوا کار و چالاکی هەبێت"..

هەروەها دەڵێت "وەک حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ پەیوەندییەکمان لەگەڵ کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان نییە، چونکە یەک لایەنە ڕایانگەیاندووەو ئەگەر هەموو هێزەکان پێکەوە کار بکەن ئێمە هاوکاریان دەبین".

بارزانی پرسی خەندەقی نێوان باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان وەک بابەتێکی ئەمنی باس دەکات و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بە بەرپرس دەزانێت لە پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لەوبارەوە دەڵێت "مەسەلەی خەندەق زۆر گەورە کراوە، بەپێی یاسا حکومەت بەرپرسیارە لە دابینکردنی ئەمن و ئاسایشی هەرێمی کوردستان و بۆ ئەوەش ئێمە هەموو کارێک دەکەین. خەندەقەکەش هەر بۆ ئەم ئامانجە لێدراوە، نەک بۆ دژایەتی هیچ حیزبێک".

### جەدەلی نێوان ئێمە و یەکێتی لەسەر وەزارەتی ناوخۆ تا ئێستا یەکلانەبووەتەوە

### ئێمە خۆمان پێنج وەزارەتمان هەیە و پێنج وەزارەتیشمان داوەتە یەکێتی

### تا مانگی 5 و 6 کێشەی دواکەوتنی مووچەمان دەبێت، بەڵام چارەسەری دەکەین

## نەوشیروان مستەفا: قۆناغی تەپڵی شەڕ کۆتایی هاتووە

**هەولێر - رووداو**

نەوشیروان مستەفا، رێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان لە دوایین رۆژی بانگەشەکانی هەڵبژاردنی پارێزگاکان پەیامێکی ئاراستەی خەڵکی کوردستان و دەنگدەران کرد و رایگەیاند، ئەمڕۆ ئێمە لە بەردەم ئەگەر و هەلی گۆڕانکاریی گەورە و گرنگداین و قۆناغی تەپڵی شەڕ و پێکدادانی خوێناوی کۆتاییهاتووە. لەبارەی ئەو سەرکردانەی کە لە بزووتنەوەکە جیابوونەتەوە، نەوشیروان مستەفا دەڵێت "هەر لە سەرتاوە دەمانزانی رووبەڕووی سەختی وا دەبینەوە کە هەندێککەس بەرگەی نەگرێت و بەجێمان بهێڵن".





ڕۆستەم قاسمی، بەرپرسی کۆمیتەی پەرەپێدانی بازرگانیی نێوان ئێران و عێراق:

# هەناردەکردنی نەوتی کوردستان بۆ ئێران لە تانکەرەوە دەگۆڕین بۆ بۆڕی



(فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم)

**هیڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

هەرێمی کوردستان و ئێران رێککەوتن کە گازی سروشتی ئێران بگاتە نێو ماڵان و گرێبەستەکەش بۆ ماوەی زیاتر لە 20 ساڵ دەبێ. گەورە بەرپرسێکی دەوڵەتی ئێرانیش دەڵێ "هەناردەکردنی نەوتی کوردستان بۆ ئێران لە تانکەرەوە دەگۆڕین بۆ بۆڕی".

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەنگاوێکی گەورە لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەبواری وزەدا هاتە پێش و ئێستا دەیەوێ گەورەترین رێککەوتنی دووقوڵی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئیمزا بکات.

ڕۆستەم قاسمی، بەرپرسی کۆمیتەی پەرەپێدانی بازرگانیی نێوان ئێران و عێراق، دوای کۆبوونەوەیەکی فراوان لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) رایگەیاند "هەرێمی کوردستان رۆژانە پێویستی بە 25 ملیۆن مەتر سێجا گازی سروشتییە و ئێرانیش ئەو پێداویستییەی پێ دابین دەکرێت".

قاسمی روونکردنەوەی زیاتر لەسەر پێداویستی هەرێمی کوردستان بۆ گازی سروشتی دەدات "بۆ بەکارهێنانی پیشەسازی، وێستگەکانی کارەبا، بەکارهێنانی ماڵان، بەتایبەت لێرە کە زستانەکانی ساردە و خەڵکیش دەتوانن کەڵکی لێوەربگرن، چونکە گاز سووتەمەنییەکی هەرزانە".

ئێران 180 کیلۆمەتر بۆڕی گازی سروشتی لە نێو خاکی خۆیەوە رادەکێشێ بۆ سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، بەرپرسەکەی ئێران دەڵێ "ئێستا کارەکەمان راسپێردراوە بە لێژنەی دووقۆڵی تاوەکو رێککەوتنی کۆتایی لەسەر بکەین".

ئێران جگە لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراقیش گرێبەستی ئیمزا کردووە بۆئەوەی گازی سروشتی بۆ رەوانە بکات و گرێبەستەکەش بایی نزیکەی 15 ملیار دۆلاری ئەمریکییە.

بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی وۆل ستریت جۆرناڵی ئەمریکی، واشنتن لەو گرێبەستە نارەحەتە. ڕۆستەم قاسمی دەڵێ "لەگەڵ عێراق گرێبەستی فرۆشتنی گازمان هەیە و ئێمە دوو وڵاتی دراوسێین، گوێ بە قسەی خەڵک نادەین".

ڕۆستەم قاسمی، پێشتر بەرپرسی یەکەمی سوپای قودس بووە لە ئێران و دواتر بەرپرسی بەشی "خاتەم ئەنبیا" بووە کە باڵی ئابووری سوپای قودسە لە ئێران، پاشان وەزیری نەوتی ئێران بووە و ئێستا بەرپرسی کۆمیتەی پەرەپێدانی ئابووری و بازرگانییە لە نێوان ئێران و عێراق، بەپێی دوایین راپۆرتی گۆڤاری فۆربیسی ئەمریکیش، قاسمی لە ریزی دە یەکەمین کەسە بەهێزەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووە.

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، لە کۆبوونەوەی نێوان شاندی ئێران و وەزارەتی سامانە سروشتییەکاندا شاندی ئێرانی ئامادەیی خۆی بۆ هەرێمی کوردستان نیشاندا کە هەرێمی کوردستان نەوتی خاوی خۆی تاوەکو ئەودیوی سنووری ئێران ببات، بەرامبەر ئەوەش لە کەنداو ئەو برە نەوتە وەربگرێ و هەر لە کەنداو بیفرۆشێ، هەرێمی کوردستانیش ئێستا سەرقاڵی ئەو پێشنیازەی ئێرانە.

### رۆژانە 25 ملیۆن مەتر سێجا گازی سروشتی بۆ هەرێمی کوردستان دابین دەکەین

### گازی سروشتی ئێران بۆ هەموو ماڵەکانی هەرێمی کوردستان رادەکێشین

ڕۆستەم قاسمی لەوبارەیەوە دەڵێ "هەناردەکردنی نەوتی رەش بە ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر ناکرێت و دەبێ بە بۆڕی بێت، بەڵام راکێشانی بۆڕی لە نێوان دوو وڵات کاری حکومەتەکانە و ئێمە خەریکین و بڕیاری لەسەر دەدەین".

ڕۆستەم قاسمی رەتیکردەوە کە بە "قاچاخ" نەوتی هەرێمی کوردستان هەناردەی ئێران بکرێ و گوتی "ئێستا لە هەرێمی کوردستانەوە چەندین پێکهاتەی نەوتی لە رێی ئێرانەوە هەناردەی ئەفغانستان دەکرێ بەهۆی ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان، ئێمە هەوڵدەدەین کە ئەوانە رێکبخەین و دۆخی باشتر بێنینە ئاراوە و بەهیچ شێوەیەکیش پشتڕاستی ناکەینەوە کە نەوتی کوردستان بە قاچاخ دێتە نێو ئێران".

هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوە نارەزایی توندی حکومەتی عێراقی لێکەوتەوە و تاوەکو ئێستاش بەغدا دەڵێ قبوڵی ناکەم بەبێ گەڕانەوە بۆ بەغدا، هەرێمی کوردستان نەوتی خۆی بفرۆشێ.

بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەڵێن "ئەگەر رێککەوتنی ئێمە لەگەڵ ئێران کۆتایی هات بۆ هەناردەکردنی نەوت، ئەوا عێراق ئەوکات ناچار دەبێ دان بەوەدا بنێت کە هەرێمی کوردستان دەتوانێ نەوتی خۆی بفرۆشێ".

ڕۆستەم قاسمی دەڵێ "ئێمە پێمان خۆشە هەماهەنگی لە نێوان هەموو بەشەکانی عێراق هەبێ و دۆستانی عێراقیشمان رادەسپێرین کە پەیوەندی کارا و بەردەوامیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەبێت".

بەرپرسە باڵاکەی کۆماری ئیسلامی ئێران باسی هەوڵەکانی وڵاتەکەی دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و دەڵێ "هەموو تواناکانمان دەخەینە گەڕ بۆئەوەی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق چارەسەر بێت".

سەرکونسوڵی گشتی ئێران لە هەولێر بە (رووداو)ی گوت "ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتەکەی نزیکەی 4 ملیار دۆلارە".

ڕۆستەم قاسمی باسی پلانی حکومەتی ئێرانی کرد بۆ زیادکردنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان و گوتی "ئێمە پەیوەندی بازرگانیمان بەراورد بە تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان کەمترە، هیواداریین لەو سەردانانەدا بتوانین ئەو پەیوەندییە ئابوورییە تا دوو بەرامبەر بەرز بکەینەوە". گوتیشی "ئامادەییمان هەیە و هەر بەربەستێک هەبێ لایدەبەین".

# یەکێتی: نە هێزی 70 و نە چەکە قورسەکانمان رادەستی وەزارەتی پێشمەرگە ناکەین

## گۆڕان: ئەگەر یەکێتی ئەو هێزە تەسلیم نەکات دەبێتە هێزێکی ناشەرعی

**هیڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان سەرباری ئەوەی پیرۆزبایی لە بزووتنەوەی گۆڕان دەکات بە وەرگرتنی وەزارەتی پێشمەرگە، بەڵام دەڵێ "نە هێزی 70 و نە چەکە قورسەکانی یەکێتی رادەستی وەزارەتی پێشمەرگە ناکەین و خۆمان بەخێوی دەکەین". هەڵسووڕاوێکی بزووتنەوەی گۆڕانیش هۆشداری دەداتە یەکێتی کە "ئەوە هێزی عەشائیری نییە و ئەگەر یەکێتی ئەو هێزە تەسلیم نەکات، دەبێتە هێزێکی ناشەرعی".

دەربارەی کاریگەری وەرگرتنی وەزارەتی پێشمەرگە لەلایەن گۆڕانەوە بۆ سەر یەکێتی، مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە بە یەکێک لە سەرکردە سەربازییەکانی یەکێتی هەژماردەکرێ، پیرۆزبایی حیزبەکەی لە رکابەرە سەرسەختەکەی یەکێتی کە بزووتنەوەی گۆڕانە دەکات و دەڵێ "وەزارەتی پێشمەرگە بۆ گۆڕانە و موبارەکیان بێ و ئینشائەڵڵا کاری خۆیان دەکەن".

مستەفا چاوڕەش بە دووری دەبینێ هێزی 70ی یەکێتی کە هێزێکە لە دەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگە، رادەست بکرێ و نایشارێتەوە کە ئەو هەنگاوە قورسە "هێزی 70 لای یەکێتییە کە 18 لیوایە و هەر لیوایەک چوار هەزار پێشمەرگەیە و هەموو ئەندامانی ئەو هێزە یەکێتین". گوتیشی "رەنگە هەندێکیان ژێر بە ژێر سەر بە لایەنێکی دیکە بن".

یەکێتی تەنیا هێزی پێشمەرگەی نییە، بەڵکو چەکی قورسیشی هەیە کە "120" دەبابە لەخۆدەگرێ و پێشتریش ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە رێگەی (رووداو)ەوە هەڕەشەی کردبوو ئەگەر وەزارەتی پێشمەرگە نەدرێ بە حیزبەکەی ئەوا جگە لە یەکێتی هیچ کەس و هێزێکی دیکە لەم هەرێمە دەسەڵاتی بەسەر ئەو هێز و چەکەدا نابێ.

یەکێتی سەرباری ئەوەی هێزی سێیەمە و تەنیا توانی بایی 18 کورسی لەپەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەنگ کۆبکاتەوە، بەڵام بەرپرسانی ئەو حیزبە وەبیری لایەنەکانی دەهێننەوە کە یەکێتی خاوەن هێزێکی سەربازییە و هیچ کەس دەسەڵاتی بەسەر ئەو هێزەدا ناشکێ.

مستەفا چاوڕەش باسی چەکی حیزبەکەی دەکات "ئەو چەکەی لەدەستی هێزی 70یە چەکی خۆمانە و چەکی کەس نییە، خۆ حکومەت ئەو چەکەی بە ئێمەی نەداوە، بەڵکو لە بەعسمان گرتووە، خۆ نابێت پێشمەرگەت هەبێ و چەکیان نەبێ، ئەمە چۆن دەبێ؟".

ئەم هەڵوێستەی یەکێتی لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕانەوە بەرەورووی رەخنەی توند دەبێتەوە. مام رۆستەم، هەڵسووڕاوی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ "ئەگەر یەکێتی ئەو هێزە تەسلیم نەکات دەبێتە هێزێکی ناشەرعی".

مام رۆستەم کە فەرماندەیەکی دێرینی سەربازییە، هۆشداری دەداتە یەکێتی کە ئەگەر ئەو هێزە نەبێتە بەشێک لە وەزارەتی پێشمەرگە ئەوا "مووچەیان نادرێتێ". گوتیشی "حەزدەکەم سەرکردەکانی یەکێتی ئەوە باش بزانن کە هێزەکانیان لای ئەوان نامێنن، کە گوتمان کێ هێزی نیشتیمانییە با بێتە نێو ریزەکانی وەزارەتی پێشمەرگە، بڕوا مەکەن کەسێک بمێنێتەوە لەنێو یەکێتی".

دەربارەی چەکی یەکێتیش، مام رۆستەم گوتی "دەبێ یەکێتی ئەو چەک و هێزەی هەیەتی رادەستی حکومەت بکات، خۆ ئەوە هێزی عەشائیر نییە و هێزی کوێخاکانی زەمانی زوو نییە".

تەنیا یەکێتی هێزی نییە لە دەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگە، بەڵکو پارتیش هێزی تایبەتی خۆی هەیە کە بە هێزەکانی 80 ناودەبرێ. مام رۆستەم باس لەوەدەکات کە گەرەنتییان لە پارتی وەرگرتووە بۆئەوەی هێزی 80 بخرێتە سەر وەزارەتی پێشمەرگە و گوتی "کاک نێچیرڤان بارزانی هەر لە زووەوە گوتی دەبێ هێزی حەفتا و هەشتا بکەین بە هێزێکی نیشتیمانی بۆ کوردستان".

مستەفا سەید قادر، کاندیدی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ وەرگرتنی وەزارەتی پێشمەرگە باسی یەکخستنی هێزی پێشمەرگە دەکات و دەڵێ "دەمانەوێ هێزی پێشمەرگە یەکبخەین و بیکەین بە هێزێکی نیشتیمانی و بەهێزی پاراستنی هەرێمی کوردستان، نەک هێزی کەس و چەند لایەنێکی سیاسی".

مستەفا سەید قادر ئەوەشیگوت "دەمانەوێت یاسای وەزارەتی پێشمەرگە و یاسای کۆمەڵە و حیزبە سیاسییەکان جێبەجێ بکەین کە بەپێی هەردوو یاساکە نابێ کاری حیزبی لەناو هێزی پێشمەرگەدا بکرێ".

کاندیدەکەی بزوتنەوەی گۆڕان وەبیری یەکێتی هێنایەوە کە گۆڕان لەنێو هێزی پێشمەرگەدا "غائیب" نییە و دەڵێ "لەناو هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆشدا، گۆڕان دەنگێکی زۆری هێناوە و چەندین فەرماندە و پێشمەرگەی دێرینیش کە ئێستا خانەنشینن، لەناو بزوتنەوەی گۆڕاندا کار دەکەن، لەبەر ئەوە بەباشی دەتوانین ئەم وەزارەتە بەڕێوە ببەین".

بەڵام بەرپرسێکی باڵای یەکێتی نایشارێتەوە کە ئەگەر هێزەکانی 70 مووچەیان نەدرێتێ لەحاڵێکدا نەبوونە بەشێک لە وەزارەتی پێشمەرگە، ئەوا وەک ئەو گوتی "یەکێتی دەرگای زۆری هەیە لێیبدات بۆ بەهێزکردنی هێزی پێشمەرگەی خۆی".

مستەفا چاوڕەش بێمنەتی حیزبەکەی لەوە پیشاندا کە مووچەی هێزەکانی پێشمەرگەی سەر بە یەکێتی دەبڕن و گوتی "ئەگەر توانیمان هێزەکانی حەفتا بەخێو دەکەین، ئەگەر نەمانتوانی ئەوا بیرێکی لێدەکەینەوە". گوتیشی "دەبێ چەکی کوردستان بەدەستی خەڵکی چاکەوە بێت".



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

ڕووداو

ژمارە (307) دووشەممە 2014/4/28




## عەبدوڵا ئۆجەلان باسی پارتی دەکات

**رووداو- ئەنقەرە**

لە دوایین دیداری شاندی بەدەپە و هەدەپە لەگەڵ ڕێبەری زیندانیکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان عەبدوڵا ئۆجەلان، چەندین بابەتیان خستۆتە تاوتوێکردووە، لە چوارچێوەی قسەکانیاندا ئۆجەلان باسی هەڵوێستەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردووە. ئیدریش بالوکەن، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی بەدەپە رایگەیاند عەبدوڵا ئۆجەلان باسی خۆرئاوای کوردستانی کردووە و گوتویەتی "خەندەق سودی بۆ هیچ کەسێک نییە، دەبێت تورکیا بە سیاسەتەکانی خۆیدا بچێتەوە بەرامبەر رۆژئاوای کوردستان، چاوەڕوانی من ئەوەیە. بۆ کردنەوەی دەروازە سنوورییەکان دەبێت بەپەلە بکرێت و هەنگاوی خێرا بنرێت و پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ داد و گەشەپێدان (ئاکەپە) هەڵسوکەوت دەکات".

پێنج ناویان بۆ حیزبەکە پێشنیاز کردووە

# حیزبە کوردییەکەی ئێران 7 مانگە چاوەڕێی مۆڵەتە

**فوئاد حەقیقی**
**رووداو- هەولێر**

ئەو حیزبە کوردییەی کە چەند چالاکوانێکی کورد لە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان بڕیاری دامەزراندنیان داوە، تاوەکو ئێستا لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی ئێرانەوە مۆڵەتی پێنەدراوە و یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەو حیزبەش دەڵێن رازین بە مەرجەکانی وەزارەتی ناوخۆ بۆ پێدانی مۆڵەت.

دوای هاتنە سەرکاری حەسەن رووحانی سەرۆک کۆماری ئێران، چاوەڕوان دەکرا کەشی داخراوی سیاسی ئێران کەمێک بکرێتەوە، بۆیە چالاکوانانی کورد لە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان بڕیاری دامەزراندنی حیزبێکی کوردییان دا، بەناوی حیزبی یەکگرتووی نەتەوایەتی.

ئەو چالاکوانانە 7 مانگ لەمەوبەر و لە تشرینی دووەمی 2013 دا داواکارییەکیان ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆی ئێران کرد بۆ وەرگرتنی مۆڵەت، بەڵام تاوەکو ئێستا وەڵامیان نەدراوەتەوە.

ڕەحیم فەرهمەند، سکرتێری گشتی بەرەی یەکگرتووی کورد، لە پێنەدانی مۆڵەتدا باس لە دوو کێشە دەکات: یەکەم، وەزارەتی ناوخۆی ئێران ئەوان بە "بەرە" ناناسێ. دووەم: مەرجە حیزبەکە وشەی "کورد"ی پێوە نەبێت.

ڕەحیم فەرەهمەند دەڵێ "وەزارەتی ناوخۆ دەڵێ بەرە لە کۆمەڵێک ڕێکخراو پێکدێ. کەچی لە ئێران ڕێکخراوی دیکەش هەیە کە بەناوی بەرە چالاکی دەکەن، وەک بەرەی ئوسوڵگەرایان و بەرەی پایەداری". بەگوتەی فەرهمەند وەزارەتی ناوخۆ پێشنیازیان کردووە لە جیاتی وشەی "بەرە" وشەی "حیزب" بەکاربهێنرێ. بۆ وشەی "کورد"یش داوایان کردووە وشەی "نەتەوایەتی" بەکاربهێنرێ.

سکرتێری گشتیی بەرەی یەکگرتووی کورد، سەبارەت بە جێبەجێکردنی ئەو مەرجانەی وەزارەتی ناوخۆ بە (رووداو)ی گوت "گۆڕینی ناو گۆڕانێک لە بۆچوون و بڕواکانی ئێمەدا دروست ناکات، بۆیە ناڕەزایەتیمان لەو رووەوە نەبووە، چونکە ئامانجی ئێمە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتییە و دەمانەوێ لە چوارچێوەی یاسادا دەرفەتی کار و چالاکیمان پێبدرێ".

فەرهمەند باس لەوە دەکات کە بەپێی یاسا دەبێت چەند ناوێک بۆ دامەزراندنی حیزب پێشنیاز بکرێ. بۆیە ئەوانیش جگە لە "حیزبی یەکگرتووی نەتەوایەتی"، ناوەکانی "حیزبی یەکگرتووی ماد"، "حیزبی کۆمەڵگای دێمۆکراتیک"، "حیزبی ئاشتی و ئازادی"و "حیزبی میدیا"شیان پێشنیاز کردووە.

بەرەی یەکگرتووی کورد ساڵی 2005 بە هەوڵی چالاکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و بە رۆڵی سەرەکی بەهائەدین ئەدەب، نوێنەری پێشووی شارەکانی سنە، کامیاران و دیواندەرە دامەزرا. بەرە لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتی ئێراندا چالاکی دەکات. بەرە بۆ "وەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد، دیموکراسی، عەدالەتی کۆمەڵایەتی و جێگیربوونی گەشەی هاوسەنگ لە وڵات"دا هەوڵدەدات.

ڕەحیم فەرهمەند، چالاکیی چەندین ساڵەی بەرە بە "سەرکەوتوو" لە قەڵەم دەدات. بەڵام ڕەخنەگران و شارەزایانی سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێیانوایە بەرەی یەکگرتووی کورد نەیتوانیوە سەرکەوتوو بێت.

تاهیر خەدیو، خوێندکاری زانستی سیاسی لە زانکۆی تاران دەڵێ "بواری ڕێکخستن یەکێک لەو شتانەیە کە پێویستە بەرە پێداچوونەوە بە خۆیدا بکاتەوە".

بەرە لە پێنج ئەنجومەن پێکهاتووە. لە چوار پارێزگای رۆژهەڵاتی کوردستان و تاران ئەو پێنج ئەنجوومەنە لە ژێر چەتری بەرەی یەکگرتووی کورددا چالاکیی دەکەن.

تاهیر خدێو دەڵێت "بەرە ڕێکخستنێکی ورد و دیاری نییە. جگە لەوەش بەرە لەڕووی هزری و سیاسیشەوە پێویستی بە پێداچوونەوە و هەڵگرتنی گوتارێکی دیکە هەیە".

بەرەی یەکگرتووی کورد، دوو روانگەی بەسەردا زاڵە. روانگەیەک پێیوایە کە بەرە دەبێت نەتەوەییتر بێت. ئەم روانینە پێیوایە دەبێت پاشکۆی "کورد" بەناوی بەرەوە بمێنێ. روانگەیەکی دیکە خۆی واقیعبینتر نیشان دەدات و زیاتر ئامانجی بەلاوە گرینگە. ئەمان ناویان زۆر بەلاوە گرینگ نییە. بۆیە مانگی نۆڤەمبەری 2013 بڕیاریاندا ناوی بەرە لابدەن و بە ناوێکی دیکە داوای مۆڵەت بکەن.

دوای نزیک بە یەک دەیە، ڕەحیم فەرهمەند دەڵێ "ئێمە هێشتا هیوادارین کە مۆڵەتی کارکردنمان پێبدرێ". بەڵام ئەگەریش مۆڵەت نەدرێ بەگوتەی فەرهمەند "خەباتی سیاسی – کۆمەڵایەتی شتێک نییە کە پابەند بێت بە مۆڵەتی لایەنی دیکە".

فەرهمەند پێیوایە، حەسەن رووحانی لەوە دەچێ خوازیاری گۆڕانکاری بێت، بەڵام ریفۆرمخوازانی دەوروبەری کۆسپی بۆ دروست دەکەن.



کۆبوونەوەیەکی بەرەی یەکگرتووی کورد

# PDK-T تابووی ناوی "کوردستان" دەشکێنێ

**دەنیز سێرنجی**
**رووداو- دانیمارک**

بۆ یەکەمجار لە مێژووی کۆماری تورکیا پارتێک کە وشەی کوردستان لە ناوەکەیدایە، مولەتی کارکردنی وەرگرت.

محەممەدئەمین کارداش، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان- تورکیا دەڵێت "زۆر خۆشحاڵ بووین بە بڕیارەکە، زۆر کەس پێیانگوتین کە داواکارییەکەی ئێمە قبوڵ ناکرێت لەبەرئەوەی وشەی کوردستانی تێدایە، بەڵام دەبینین داواکارییەکەمان قبوڵ کراوە".

پارتی دیموکراتی کوردستان- تورکیا (PDK-T) لە ئامەد لەلایەن 40 ئەندامی پلە بەرزی پارتەکەوە دامەزراوە. سەرکردەکانی پارتەکە سەردانی وەزارەتی ناوخۆی تورکیایان کردووە بۆ ئەوەی داواکارییەکان پێشکەش بکەن، هەفتەی رابردوو دوای سێ مانگ چاوەڕوانی داواکارییەکە قبوڵ کرا.

ئامانجی پارتەکە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە بۆ ئەو 15 ملیۆن کوردەی کە لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا (باکووری کوردستان) دەژین. ئامانجی پارتەکە کردنی ئامەدە بە پایتەختی ئەو دەوڵەتە و ئاڵای سەربەخۆ و سروودی ئەی رەقیب بەشێک دەبن لەو دەوڵەتەی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا هیوای بۆ دەخوازێت.

کارداش دەڵێت "ئێمە داوای خاکی کەس ناکەین. دەمانەوێت دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دروست بکەین و بەپێی یاسای نێودەوڵەتی کاری بۆ دەکەین".

ئێستا ئەم پارتە نوێیە پشتگیری هیچ کەس و لایەنێکی نییە، بەڵام کارداش دەڵێت ئومێدی هەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە داهاتوودا پشتگیری پارتەکەی بکات.

ئەو هەروەها دەڵێت "لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا دەنگی خۆیان دەگەیەننە خەڵکی و پشتگیری خەڵک بۆ خۆیان مسۆگەر دەکەن."

پارتە کوردییەکانی دیکەی تورکیا، وەکو پارتی ئاشتی و دیموکراسی (BDP) داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن، نەک سەربەخۆیی.

مەناف شیرناخی، نوێنەری ئەو پارتە نوێیە لە شرناخ جەخت دەکاتەوە کە پارتە نوێیەکە نایەوێت دوژمنایەتی لەگەڵ هیچ پارتێکی دیکەی کوردیدا بکات لە تورکیا. ئەو بە (رووداو)ی گوت "بەڵام ئۆتۆنۆمی بەس نییە و پێداویستیەکانی کورد پڕناکاتەوە. ئێمە دەوڵەتی خۆمان دەوێت، چونکە دەوڵەت پارێزگاریە لە دژی سەرکوتکاری و زەبروزەنگ".

شرناخی وتەیەکی مستەفا بارزانی بە نموونە دەهێنێتەوە کە دەڵێت "سەربەخۆیی ئاواتی دڵی هەموو کوردێکە."

کێشەی کورد لەم مانگەدا لە تورکیا بووە بە سەردێڕی زۆر لەهەواڵەکان.

هەر لەم مانگەدا ڕاگەیەندرا کە بەم زووانە یەکەم زانکۆ بەزمانی کوردی لە ئامەد دەکرێتەوە و نەخۆشخانەکان لە ئامەد خزمەتگوزاری بە زمانی کوردی پێشکەش دەکەن.

هەفتەی رابردوو زانکۆی دیجلە گۆڤارێک و ماڵپەڕێکی دامەزراند بۆ ناساندنی زانستی کۆمەڵایەتی کوردی بە جیهان. ئەوەش بۆ یەکەمجارە کە لە تورکیا ڕێگە بە زمانی کوردی دەدرێت تێکەڵی جیهانی ئەکادیمیا ببێت.

ئەمە لەکاتێکدایە کە ڕۆژی 12ی ئەم مانگە دەسەڵاتدارانی تورک داوایان لە کۆمەڵەیەکی بازرگانی کرد وشەی کوردستان لەناوەکەیدا و لە هەموو بەڵگە فەرمییەکاندا بسڕێتەوە، چونکە ئەو وشەیە وشەیەکی دەستووری نییە.

لە ژێر هەمان بیانوودا، وەزارەتی ناوخۆی تورکیا لەسەرەتای ئەمساڵدا داواکاری گرووپێک خوێندکاریان ڕەتکردەوە کە داوایان کردبوو ڕێگەیان پێبدرێ "بزووتنەوەی لاوانی کوردستان" دابمەزرێنن.

پسپۆڕێک:

# سەعیدی کوردی بەسەدان منداڵی ئەرمەنی لە مردن رزگار کردووە



**دەنیزسەرینجی**
**رووداو- ئامەد**

ساڵانە لە 24ی مانگی نیساندا هەموو ئەرمەنەکانی دونیا یادی ئەو کۆمەڵکوژییە دەکەنەوە کە لە ساڵی 1915دا لەلایەن تورکیای عوسمانییەوە دەرحەقیان کرا. مەزەندە دەکرێت بەهۆی سەرکوتکردن و کوشتن یەک ملیۆن تاوەکو ملیۆن و نیوێک ئەرمەن کوژرابن.

رۆڵی کورد لەم کۆمەڵکوژیانەدا چی بووە؟ ئوگور ئومیت ئونگۆر، پرۆفیسۆر لە زانکۆی (ئوترێخت)ی هۆڵەندا و پسپۆڕێکی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان، دەڵێت "هەندێک عەشیرەتی کورد یارمەتی دەوڵەتی عوسمانییان دا لەکاتی کوشتنی ئەرمەنەکاندا، بەڵام هەندێک عەشیرەتی دیکەش، بۆ نموونە لە دێرسم، مێردین و سەمسوور، بەرگرییان لێکردن و یارمەتی ئەرمەنەکانیان دا. ئەوان ئەرمەنەکانیان لەنێو ماڵی خۆیاندا شاردەوە و رەوانەی ئەو ناوچانەیان کردن کە لەژێر کۆنترۆڵی رووسەکاندا بوون".

بەپێی قسەکانی ئۆنگۆر، زۆر لەو ئەرمەنانەی کە لەو کۆمەڵکوژییە دەرباز بوون، بەیارمەتی و کۆمەکی کورد دەرباز بوون.

ئەو پرۆفیسۆرە هۆڵەندییە بۆ (رووداو) بەمشێوەیە باسی رۆڵی سەعید نورسی، سەرۆکی بزووتنەوەی ئیسلامی نورسیەکان دەکات کە لەنێو کورددا بە سەعیدی کوردی دەناسرێت "سەعیدی کوردی منداڵی ئەرمەنی رەوانەی رووسیا و هەرێمەکانی رووسیا کردن و بەوهۆیەوە لە مردن رزگاریان بوو".

سەبارەت بەو کوردانەی بەشدارییان لەو کۆمەڵکوژییەدا کرد، ئۆنگۆر دەڵێت "ئەوانەی کە لە کۆمەڵکوژییەکاندا بەشدارییان کرد، بەهۆی خراپی باری ئابووری و جیۆپۆڵیتیکی ئەو کارەیان کردووە".

هەروەها دەڵێت "هۆزەکانی کورد لەلایەن حکومەتی تورکیاوە لە دژی ئەرمەنەکان بەکارهێنران. لەبەرئەوەی کورد و ئەرمەنەکان هەردووکیان داوای ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵیان دەکرد. لەهەمانکاتدا هەندێک لە عەشیرەتەکان بە کوشتنی ئەرمەن بەرژەوەندی ئابوورییان دەستکەوت."

هەرسێ سەرۆکی ئەوکاتی تورکیا، ئەنوەر، تەلعەت و جەمال پاشا بەرپرسی سەرەکین لە کۆمەڵکوژییەکە "بەڵامکاربەدەستە عوسمانییەکان لەسەردەمی عەبدولحەمید تاوەکو ساڵانی 1890 کوردیان لە دژی ئەرمەنەکان رێکخست، لەژێر ناوی ئاڵای حەمیدییەکان، ئەو یەکە سەربازییانە کە بە سوارەی حەمیدی دەناسران کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکانیان ئەنجامدا". ئەو پرۆفیسۆرە دەڵێت "ئەوان پڕوپاگەندەی ئاینییان بەکارهێنا "بە کوردە نەخوێندەوارەکانیان دەگوت ئەگەر کافرەکان بکوژن، ئەوە بەهەشت بەدەستدێنن."

### ئەحمەد تورک داوای لێبوردن دەکات

هەندێک لە ئەرمەنەکان باوەڕیان بە ئاینی ئیسلام هێنا وبەمشێوەیە لە کۆمەڵکوژییەکە رزگار بوون و لەنێو بنەماڵە کوردییەکاندا گەورەبوون. ساڵی رابردوو سیاسەتمەداری ناسراوی کورد ئەحمەد تورک، گوتی کوردیش بەشداری ئەو رووداوانەی کردووە کە لە ساڵی 1915دا دژی ئەرمەنەکان، سریان و ئێزدییەکان ئەنجامدران و داوای لێبوردنی لەو گەل و نەتەوانە کرد. ئەحمەد تورک گوتی "کوردیش بەرپرسیارێتی لە رووداوانەدا هەیە. باب و باپیرانیشمان زوڵمیان لەو گەلانە کردووە. ئێمە وەکو نەوەی ئەوان داوای لێبوردن لەو گەلانە دەکەین. رەزامەندی لەسەر لێبوردنەکەش گرنگە".

بەڵام هەموو کەسێک دان بەوەدا نانێت کە رووداوەکانی 1915 کۆمەڵکوژی بووبن، هەرچەندە زۆربەی مێژووناسان هاوڕان لەسەرئەوەی کە کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان کۆمەڵکوژییەکی پلان بۆ دارێژراو بووە. 99 ساڵ بەسەر رووداوەکەدا تێپەڕدەبن، بەڵام تاوەکو ئێستا تورکیا ئەو کۆمەڵکوژییە رەتدەکاتەوە.

رۆژنامەنووسی ئەرمەنی (هرانت دینک) بەڕێوەبەری گشتی رۆژنامەی (ئەرمەنکی ئاگۆس) دوای ئەوەی کوشتنی ئەرمەنەکانی بە کۆمەڵکوژی ناوبرد، چەندین جار دادگایی کرا و بە "سووککردنی تورکیا" تاوانبارکرا.

هرانت دینک لە 2007دا لەلایەن نەتەوەپەرستێکی تورکەوە کوژرا. بەپێی قسەی دانییێلا کوزمانۆڤیچ، مامۆستای زانکۆی کۆپنهاگنی دانیمارکی و پسپۆڕێکی تورک، تورکەکان زۆر لەوە دەترسن کە ئەگەر دان بە کۆمەڵکوژییەکەدا بنێن، ئەرمەنەکان داوای قەرەبوو و گەڕاندنەوەی هەرێمەکانی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بکەن، چونکە پێشتر زۆر لە ئەرمەنەکان لێرە دەژیان "زۆربەی تورکەکان هەر نازانن کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان چییە، لەبەر ئەوەی باسی ئەم مێژووەیان بۆ ناکرێت"، کوزمانۆڤیچ بۆ (رووداو)ی باسکرد کە "تورکەکان نازانن چی بەسەر کەمینەکانی ئەنادۆڵ هاتووە. لەبەر ئەوەی ئەم مێژووە وەکو هەڕەشە لە دژی یەکێتی تورکیا سەیر دەکرێ".

ڕووداو
ژمارە (307) دووشەممە 2014/4/28



## شەهرستانی: دانوستاندنەکانی نێوان هەولێر و بەغدا شکستیان هێناوە

**ڕووداو- بەغدا**

حوسێن شەهرستانی، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ کاروباری وزە لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا دانی بەوەدانا کە دانوستانەکانی نێوان هەولێر و بەغدا هیچ ئەنجامێکیان لێنەکەوتووەتەوە. شەهرستانی دەڵێت، حکومەتی عێراق پێشوازی لە بڕیارەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کاتێک ڕایگەیاند "لە ڕۆژی یەکی نیسانەوە ڕۆژانە 100 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕێگەی کۆمپانیای بەبازاڕخستنی نەوتی عێراق (سۆمۆ) هەناردە دەکات، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو بڕیارەی جێبەجێنەکردووە و تاوەکو ئەمڕۆش یەک بەرمیل نەوتیی هەناردە نەکردووە".

# گۆڕان سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەداتە یەکێتی

**ئەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

هێشتا گەڕان بە دوای هاوپەیمانێتیدا کۆتایی نەهاتووە و دوای هەڵبژاردنەکانی 30ی نیسان، جارێکی دیکە هاتوچۆی سەر ئەو شەقامانە گەرم دەبێتەوە کە دەچنەوە بەردەم بارەگای مەکتەب سیاسی حیزبەکان، یەکلاییکردنەوەی ئیدارەی پارێزگای سلێمانی، هەر لەئێستاوە گۆڕان و یەکێتی خستووەتە جموجوڵی دۆزینەوەی هاوپەیمانێتییەکی بەهێز.

بەپێی ئەو زانیاریانەی لە سەرچاوەکانی نێو حیزبەکانەوە دەست (ڕووداو) کەوتوون، یەکێتی چاوی لەوەیە هاوپەیمانێتی لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی پێکبهێنێت و لەو ڕێگایەوە بازنەی هاوپەیمانێتییەکەی فراوانتر دەکات بۆ ئەوەی ڕێگە بگرێ لەوەی پارێزگاری سلێمانی لەدەستبچێت. بەرپرسێکی بزووتنەوەی گۆڕانیش دەڵێ "هاوپەیمانێتی دادی یەکێتی نادات".

### گۆڕان: سلێمانی یەکلایی بووەتەوە

لە سلێمانی ململانێیەکی توند لە نێوان یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕاندا هەیە. ئەمەش وایکردووە هێرشی ڕاگەیاندنی یەکێتی لەسەر هەڤاڵ ئەبوبەکر چڕبێتەوە کە لایەنگرانی گۆڕان بە "پارێزگاری ئایندەی سلێمانی ناوی دەبەن". ئەمەش لە حاڵێکدایە کە بزووتنەوەی گۆڕان لەو 31 کورسییەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی 14 کورسی بە "کورسی مسۆگەری گۆڕان" دەزانێ.

دانا عەبدولکەریم، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان کە هاوکات سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕانە لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، دەڵێ بڕوامان وانییە لە هیچ حاڵەتێکدا یەکێتی بتوانێ بە هاوپەیمانێتیش پۆستی پارێزگاری سلێمانی بپارێزێت "چونکە مەحاڵە هەموو حیزبەکان دژی گۆڕان بن و گەلەکۆمەکێ لەگۆڕان بکەن بۆ ئەوەی ببنە هاوپەیمانی یەکێتی".

دانا عەبدولکەریم، پێیوایە "گۆڕان لە 14 کورسی کەمتر ناهێنێ و بگرە زیاتریش، یەکێتیش لە باشترین حاڵەتدا 7 کورسی دێنێ، بۆیە لە دۆخێکدا پارێزگاری سلێمانی بەدەستەوە دەمێنێ کە پارتی و یەکگرتوو و کۆمەڵ ببنە هاوپەیمانی یەکێتی".

بزووتنەوەی گۆڕان ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 7 مانگ لەمەوبەری پەرلەمانی کوردستان لە یەکێک لە حاڵەتەکاندا کردووەتە پێوەری ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و بەو پێیەش بزووتنەوەی گۆڕان زیاتر لە 14 کورسی، یەکێتی 7 کورسی، پارتی 3 کورسی، یەکگرتوو 3 کورسی و کۆمەڵ 2 کورسی بەدەستدێنێ لە پارێزگای سلێمانی.

ئەو بەرپرسەی بزووتنەوەی گۆڕان، دڵنیایی دەداتە یەکێتی کە نایانەوێ هەموو پۆستەکان قۆرخ بکەن "ئەگەر یەکێتی ڕازی بوو لەگەڵمان ڕێکبکەوێ، پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەدرێتێ". گوتیشی "ئەگەر لە هەولێر پارتی هاوکارمان نەبێ لە ئەنجومەنی پارێزگادا، چۆن دەتوانین هاوکاری بین، بۆ یەکێتیش هەروا".

### یەکێتی: هەموو لایەک پێویستی بە هاوپەیمانێتییە

بەرپرسێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، هەرچەندە ڕەتیدەکاتەوە دەستیان بە گفتوگۆ کردبێ بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی دوای 30ی نیسان، بەڵام گوتی "دەرگامان لەسەرپشت دەبێ بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ هەر لایەنێک".

لەتیف شێخ عومەر، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، پێیوانییە تەنیا بەدەستهێنانی پارێزگاری سلێمانی پێویستی بە هاوپەیمانێتی هەبێ "لە هەولێریش بەهەمانشێوە زەحمەتە حیزبێک بتوانێ بە تەنیا پارێزگار دابنێ".

لەساڵی 2005دا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بۆ یەکەمینجار ئەنجامدرا، لەماوەی هەفتەیەکدا پارتی و یەکێتی توانییان پارێزگاری هەولێر و سلێمانی و دهۆک دەستنیشان بکەن، بەوپێیەی زۆرینەی هەرسێ پارێزگاکە بوون. بەڵام هەموو شتێک لەو هەڵبژاردنەی 30ی نیسان دەگۆڕێ، بەو پێیەی نەخشە نوێیەکەی باڵانسی هێزەکان لە 2009ەوە قسە دەکات.

لەتیف شێخ عومەر پێیوایە هاوکێشە سیاسییەکە بەشێوەیەک دەبێت لە سلێمانی کە هەموو لایەک پێویستی بە هاوپەیمانێتی دەبێ "بۆ ئەوەی بتوانێ پارێزگاری سلێمانی ببات".

### کۆمەڵ: درەنگە بۆ هاوپەیمانێتی

ئەندامێکی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی، بڕوای وایە کە تازە درەنگە بۆ ئەوەی یەکێتی بڕوا بە هێزەکانی دیکە بهێنێت لە سلێمانی ببنە هاوپەیمانی بۆ ئەوەی پارێزگاری لە دەست بمێنێتەوە. ئەم قسەیە لە کاتێدایە کە کۆمەڵی ئیسلامی یەکێک دەبێت لەو لایەنانەی یەکێتی یان گۆڕان، لە دەرگای دەدەن بۆ ئەوەی دۆخێکی باشتر دەستەبەر بکەن تاوەکو زۆرترین کورسی ئەنجومەنی پارێزگایان بەدەستەوە بێت. ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی کۆمەڵ کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، ڕەتیکردەوە کە یەکێتی داوای هاوپەیمانێتی لێکردبن، هەروەها گوتی "ئەوە درەنگە بۆ یەکێتی و هەر لایەنێکی دیکەش کە بیەوێ ئەوە بکات، چونکە دەبوو پێش پێکهێنانی حکومەت قسەی لەسەر بکرایە".

بەبڕوای ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی، یەکێتی دۆستە نزیکەکانی خۆی لەدەستداوە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو کارەیان لەگەڵ بکات "من بڕوام وایە لەسەر هەمان نەخشەی پێکهێنانی حکومەت، گۆڕان و پارتی و کۆمەڵ، ئیدارەی پارێزگاکانیش پێکدێنن".

هەرچی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانە، ڕەتیدەکاتەوە ئێستا ئەو پرسە لەگەڵ هیچ حیزبێک باس بکات و دەڵێ "ئەوە پەیوەندی بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە هەیە و دەبێ ئەنجامەکان دەربکەون، چونکە پێش هەڵبژاردن ئەو بابەتانە یەکلایی ناکرێنەوە".

عومەر محەممەد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێ "ئێمە ئەم بابەتە هەڵدەگرین بۆ دوای هەڵبژاردنەکان، دەکرێت دوای هەڵبژاردنەکان قسەی لەسەر بکرێت".

### هەڵەبجە گۆڕان و یەکگرتووی دوورخستەوە

لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، یەکگرتووی ئیسلامی ڕەخنە لە گۆڕان دەگرێت و ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕانیش دەڵێت "لەبەرئەوەی دەزانین بۆچی ڕەخنەمان لێدەگرن، وەڵامیان نادەینەوە".

لە هەڵەبجە و هەورامان و شارەزوور، ئەو ناوچانەی یەکگرتووی ئیسلامی تێیاندا بەهێز بوو، لە هەڵبژاردنی 2013ی پەرلەمانی کوردستاندا، گۆڕان تێیدا بووە زۆرینە، بەمەش خەونە گەورەکەی یەکگرتووی ئیسلامی دەکەوێتە مەترسییەوە کاتێک دەیویست لەو ڕێگایەوە ئەویش پارێزگایەکی نوێی هەرێمی کوردستانی بکەوێتە دەست.

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ "ئێمە وەک گۆڕان بەهیچ شێوەیەک وەڵامی یەکگرتوو نادەینەوە، چونکە دەزانین لەوە پەستن هەندێک لە کاندیدەکانمان کادیری ئەوان بوون و لە هەڵەبجەش پێشیان کەوتووین".

بەڵام ئەکرەم محەممەد، بەرپرسی مەڵبەندی هەڵەبجەی یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێ "کار بۆ ئەوە دەکەین لە هەڵەبجە ببینەوە بە هێزی یەکەم، چونکە لە هەڵبژاردنی پێشوو گۆڕان بە چەند دەنگێکی کەم لەپێشمانەوە بوو".




(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

# هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە سوێد بە سستی و کێشەوە بەڕێوەچوو

**شاد محەممەد**
**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە نێو دەنگدەرانی تاراوگەنشین بەڕێوەچوو و ئەمڕۆ (دووشەممە)ش بەردەوام دەبێت. بەهۆی زۆریی ژمارەی تاراوگەنشینانی کوردستان و عێراق لە سکەندەناڤیا و باکووری ئەوروپا، لە نەرویج یەک بنکە و سوێد هەشت بنکە و لە فینلەنداش یەک بنکە هەیە.

بەپێی زانیارییەکانی نێردراوی ڕووداو لە شاری ستۆکهۆڵم، کە سێ بنکەی دەنگدانی تێدا کرایەوە، تا کۆتایی ڕۆژی یەکەم، ڕێژەی دەنگدەرانی کورد کەم بووە و کێشەیەکی زۆری تەکنیکی هەبوو. لەکاتێکدا ئەو ڕۆژە پشووی فەرمی بووە و هیچ ئەگەرێک نییە بۆ ئەوەی ڕۆژی دووەم خەڵک زیاتر بەشداری بکەن.

لە ڕۆژی یەکەمیشدا بەهۆی دروستبوونی کێشە لە نێوان لایەنگرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و لایەنەکانی دیکە، کێشە لە بنکەی دەنگدانی رینکەبی، لە باشووری ستۆکهۆڵم دروست بوو، بەم هۆیەوە بۆ نزیکەی 3 کاژێر پرۆسەی دەنگدان ڕاگیرا.

بەرپرسێکی بزووتنەوەی گۆڕان گوتی "ڕووداوەکە پەیوەندی بە هاتنی ژمارەیەکی زۆر لایەنگری یەکێتییەوە هەبوو کە بە ئاڵای سەوز و بە هوتافی حیزبی هاتنە بنکەکانی دەنگدان".

### کۆمیسیۆنێکی "ڕەش"

هەموو ساڵێک کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق، ئۆفیسێکی کاتیی تایبەتی دەکاتەوە و سەرپەرشتی پرۆسەکە دەکات و لایەنە تەکنیکییەکانی ڕێکدەخات. بەپێی کۆمێنتی کادرانی کۆمیسیۆنەکە و نوێنەری پارتە کوردییەکانی ستۆکهۆڵم، وێڕای بوونی گەندەڵی، کێشەی زۆری تەکنیکیان هەیە و پشکی عەرەبەکانیش زۆر زیاترە.

ڕێکخەری کاروباری کۆمیسیۆن لە بزووتنەوەی گۆڕان لە شاری ستۆکهۆڵم ڕوونیکردەوە "لە سوێد ژمارەی کورد زۆر لە عەرەبە عێراقییەکان زیاترە، کەچی لە پشکی کارمەندان حسابی 17% دەکەن". گوتیشی "لەکۆی 22 بەرپرسی باڵای کۆمیسیۆن 4یان کوردن".

(ڕووداو)یش ئاشکرای کرد کە لە کارەکانی کۆمیسیۆندا کەموکورتی کارگێڕی و نایاسایی هەیە و بەپێی یاسای دامەزراوەیی سوێد "کۆمسیۆن بە گەندەڵیی پلە یەک تۆمەتبارە"، وەک کارمەندێکی کۆمیسیۆن لەشاری ستۆکهۆڵم بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەمساڵ تەواوی کارمەندەکان بە ڕەش دامەزراون". مەبەست لە "ڕەش" دامەزراندنی نایاسایی کارمەندانە بۆ خۆدزینەوە لە باجی دەوڵەت.

لە سوید هەر کەسێک کارێک بکات، هەمیشەیی بێت، یان کاتی، دەبێ بەپێی کۆنتراکتەکەی (فەرمانگەی تۆماری باج) ئاگادار بکاتەوە و بەپێی داهاتەکەی باجی نزیکەی 36-33% بدات. هەرچەندە تەواوی ئەوانەی دامەزراون و کۆنتراکتیان بۆ کراوە دانیشتووی سوێدن، بەڵام بە "ڕەش" دامەزروان و 3 مانگ کۆنتراکتیان بۆ کراوە.

باڵیۆزخانەی عێراق خۆی لەم پرسە دەدزێتەوە و بەرپرسانی کۆمیسیۆنیش بە پاساوی سەرقاڵی وەڵامیان نەدایەوە و چەند کارمەندێکیش گوتیان "دەبووایە کۆمیسیۆن خۆی ئەوەی بکردایە".

ئاواز کە وەک کارمەندێکی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، سەرپەرشتی بنکەیەکی دەنگدان دەکات، گوتی "هەموومان ڕەشین و ئەمەش کارێکی نایاساییە".

شۆڕش قادر، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستانیش گوتی "ئەو خەڵکانەی لە سویدەوە دامەزراون دەبێ فەرمی بن و باج بدەن". بەڵام گوتی "سکات (باج) شمولی ئەو خەڵکانە ناکات کە لە عێراقەوە هاتوون".

سامان ئەبوبەکر، کە نوێنەری گۆڕانە دەڵێت "فێڵی تەکنیکی زۆریان لە کورد کرد، بۆ نموونە بانگهێشتی کۆبوونەوەکان نەدەکراین، بۆ ئەوەی ئۆتۆماتیک پەراوێز بخرێین". دەشڵێت: "کۆمیسیۆن تەنانەت ئێمەی لە دەستبەکاربوونی ئاگادار نەکردەوە. لەکاتێکدا ئێمە زۆرینەین".

> **لە مالمۆ یەکێتی، لە ستۆکهۆڵم پارتی و لە یۆتۆبۆری گۆڕان یەکەم دەبێت**

### کێشەی دۆکیۆمێنتەکان

کێشەی دۆکیۆمێنتە عێراقییەکان کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی دەنگ و کەمبوونەوەی حەماسەتی بەشداربووان هەبوو. زۆر کوردی تاراوگەنشین، بە تایبەت ئەوانەی سیاسین، بەڵگەی عێراقییان نییە و کۆمسیۆنیش لە کاتێکدا پێشترو لە ڕێنماییەکاندا گوتوویەتی بە تەسدیقکراوی ناوخۆییش دەبێت، بەڵام تەنیا ڕێگەیان بەوانە دا کە بەڵگەی ئەسڵی، یان تەسدیقکراوی باڵیۆزخانەیان پێبوو. نوێنەری پارتەکان گلەیی لە خەمساردی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کوردی نێو باڵیۆزخانەکە دەکەن. نوێنەری حکومەتیش دەڵێت "تەدەخولی ئیداری پێشوەختە ناکەین". بەڵام سامان ئەبوبەکر گوتی "نوێنەری حکومەت دەبێ بەرپرسیارێتی زیاتری هەبێت، باڵیۆزخانە کوردێتی خۆی نیشان نەداوە و هیچ ڕۆڵێکی ئەرێنی بۆ کورد نەبوو".

### دەنگی کورد بۆ بەغدا دەڕوات

بەپێی زانیاری (ڕووداو)، زۆرینەی دەنگی دەنگدەران بۆ بەغدا دەڕوات. چونکە پێشتر و بەهۆی ئەوەی پاسپۆرتی عێراقی هەمووی لێی نووسراوە بەغدا، کۆمیسیۆن دەڵێت "دەتوانن تەنیا دەنگ بۆ بەغدا بدەن".

ماهیر ئەمین، دەنگدەری کورد لە ستۆکهۆڵم بە (ڕووداو)ی گوت "لەبەر ئەوەی پاسپۆرتەکەم بەغدایە، گوتیان تەنیا دەتوانی دەنگ بۆ بەغدا بدەی، بۆیە ڕەتمکردەوە و دەنگم نەدا".

بەم هۆیەوە زۆر کەس لە دەنگدان پاشەکشەیان کرد. نوێنەری پارتەکانیش ئەمە بە فێڵێکی تەکنیکی دەزانن.

بەڕێز عەلی، نوێنەری یەکێک لە حیزبە کوردییەکان لە کۆمیسیۆن گوتی "کورد وێڕای ئەوەی حەماسەتی زۆری بەشداریی هەیە، بەڵام زانیاری و هۆشیاریی دەنگدانیان لاوازە". دەشڵێت "هەروەک ساڵان بەبێ دۆکیۆمێنتە باوەڕپێکراوەکان دێن و بەم هۆیەشەوە بۆیان نییە دەنگ بدەن".

### دابەشبوونەکان لە کوردستان نزیکن

بەپێی ئەو زانیارییە بەراییانەی لە ڕێگەی بریکار و بەرپرسی بنکەکانەوە دەست نێردراوی (ڕووداو) کەوتووە، حەماسەتی کورد بۆ بەشداریی زیاتر بوو، بەڵام لەناو عەرەبەکان زیاتر سوننەکان حەماسەتی بەشدارییان هەبوو، لەگەڵ ئەوەش بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو "ڕێژەی بەشداری وەک هەڵبژاردنەکانی پێشوو نەبوو، وەک یەکێک لە کارمەندەکانی کۆمیسیۆن گوتی. بەگوێرەی پێشبینییەکان، لە مالمۆی چوارەم شاری گەورەی سوێد کە دەکەوێتە خوارووی وڵاتەکە، یەکێتی دەنگی یەکەم دەبێت و لە ستۆکهۆڵمی پایتەختیش پارتی یەکەم و لە یۆتۆبۆریش کە مەزەندە دەکرێت زۆرترین ژمارەی کوردی باشووری کوردستانی لێبێت، گۆڕان یەکەمە.



بەردەم بنکەیەکی دەنگدان لە سوێد (فۆتۆ: ڕووداو)

یەکێتی و یەکگرتووش بەشداریی دەکەن

# کۆبوونەوەکەی پەرلەمان پرسی حکومەت یەکلایی دەکاتەوە


(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

نەوزاد مەحمود
رووداو- سلێمانی

ئەو کۆنووسەی لایەنە سیاسییەکان واژۆیان کرد بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان لە رۆژی سێشەممەی داهاتوو، هیچ بوارێکی نەهێشتەوە بۆ زیاتر دواخستنی پێکهێنانی حکومەت و هەموو لایەنەکان ناچار دەکات لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەماندا، واژۆ لەسەر نەخشە نوێیەکەی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بکەن.

واژۆکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسەر کۆنووسەکە هەرچەندە بە تێبینییەوەیە، بەڵام پەرلەمانتارێکی پارتی دەڵێ ئەمڕۆ دووشەممە "پارتی مەسەلەی حکومەت لەگەڵ یەکێتی یەکلایی دەکاتەوە". پەرلەمانتارێکی گۆڕانیش گوتی "ئەگەر یەکێتی پێش هەڵبژاردن نەیەتە ناو حکومەتەوە، ئەوا دوای هەڵبژاردن ئەو 5 وەزارەتەشی پێنادرێ".

## پارتی: یەکێتی رازی دەکرێت

د.فرسەت سۆفی، ئەندامی فراکسیۆنی زەرد لە پەرلەمانی کوردستان گوتی پارتی ئەمڕۆ لە کۆبوونەوەکانی لەگەڵ یەکێتی ئەوپەڕی هەوڵدەدات بۆئەوەی "یەکێتی بە وەرگرتنی پۆستەکانی خۆی رازی ببێ و لەگەڵی رێکبکەوێ بۆ ئەوەی چیدی پێکهێنانی حکومەت لە وادەی خۆی دوانەکەوێ".

ئەو پەرلەمانتارەی پارتی دەڵێ هەرچەندە یەکێتی تێبینییان هەبووە، بەڵام ئیمزایان کردووە کە رۆژی سێشەممە پەرلەمان کۆببێتەوە "یەکێتی ئامادە دەبن و کاندیدەکانی خۆشیان بۆ وەرگرتنی پۆستی دەستەی سەرۆکایەتی ئامادە دەکەن".

پێشتر مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوایکردبوو پێش هەڵبژاردن، حکومەت یەکلایی بکرێتەوە و پەرلەمان کۆببێتەوە، هەرچەندە گێرە و کێشەش هاتنە بەردەم کۆبوونەوەی پەرلەمان، بەڵام سەرئەنجام فراکسیۆنەکان رێککەوتن لەسەر دیاریکردنی رۆژی سێشەممە بۆ دانیشتنی پەرلەمان.

وەک فرسەت سۆفی باسیکرد، لەم دوو رۆژەدا "پارتی هەموو هەوڵەکانی خۆی لەگەڵ یەکێتی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی هەموو شتەکان یەکلایی ببنەوە".

## گۆڕان: یەکێتی بەنەخشەکە رازییە

بەرپرسێکی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ ئەوان وەک گۆڕان دەمێکە دەزانن کە یەکێتی پۆستەکانی خۆی قبوڵە و نەهاتنە ناو حکومەتی تەنیا بۆ ئەوە دەوێ "لەرووی دەروونییەوە شەڕی گۆڕانی پێبکات لە بانگەشەی هەڵبژاردندا".

ئەو بەرپرسەی بزووتنەوەی گۆڕان کە نایەوێ ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ سکرتێری پەرلەمان بۆ یەکێتی دانراوە و رۆژی سێشەممە دەبێ ئەو پۆستە وەربگرێت "ئەگەر یەکێتی رۆژی سێشەممە ئەو پۆستە پەرلەمانییەی پەسەند کرد، کەواتە بە پشکەکانی حکومەتیش رازی بووە".

لەبارەی کاردانەوەی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان ئەگەر بە پۆستەکانی رازی نەبوو، گوتی "جگە لە جێهێشتنی دانیشتنەکانی پەرلەمان، چیدی هەیە بیکات؟".

بزووتنەوەی گۆڕان بە وەرگرتنی سەرۆکی پەرلەمان و 4 وەزارەتی دیکە و جێگری وەزیری ناوخۆ، رازی بوو بەشداریی لە حکومەت بکات. ئەوە لە 17ی نیسان بەشێوەی رێککەوتن لەگەڵ شاندی دانوستانکاری پارتی ئیمزای کرد.

## یەکێتی: کێشەمان وەزارەتی ناوخۆیە نەک پەرلەمان

گۆران ئازاد، ئەندامی فراکسیۆنی سەوز لە پەرلەمانی کوردستان، گوتی "ئەگەر ئەمڕۆ لە دانیشتنمان لەگەڵ پارتی نەگەینە رێککەوتن، پۆستەکەی پەرلەمان وەرناگرین".

ناوبراو جەختدەکاتەوە کە رازیبوونیان بەوەی رۆژی سێشەممە کۆبوونەوەی پەرلەمان بکرێ، بەو مانایە نییە کە رازی بووبن بەوشێوەیە بەشداریی لە حکومەت بکەن و دەڵێ "ئێمە کێشەمان لە پۆستەکانی پەرلەمان نییە، سکرتێری پەرلەمان یان جێگری سەرۆکی پەرلەمانمان بدەنێ ئاساییە بەلامانەوە، بگرە ئێمە کێشەمان لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ هەیە و دەبێ وەزارەتی ناوخۆمان پێبدرێ".

لەوەتەی پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت بۆ یەکێتی یەکلایی بووەتەوە، ئەو حیزبە پێداگیری لەسەر وەرگرتنی یەکێک لە پۆستە ئەمنییەکان دەکات. گۆران ئازاد دەڵێ تاوەکو ئێستاش بە هەمان نەفەسی 20 رۆژ لەمەوبەر سوورین لەسەر داواکردنی وەزارەتی ناوخۆ "رۆژی سێشەممە ئەگەر لەگەڵ پارتی رێکبکەوین قسەی خۆمان دەبێت، ئەگەر رێکنەکەوین هەر قسەی خۆمان دەبێت".

## یەکگرتوو: چاوەڕێی هەڵوێستی یەکێتی نین

ئەبوبەکر هەڵەدنی، ئەندامی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان رەتیکردەوە هەڵوێستەکانیان گرێدراوی هەڵوێستی هەر لایەنێکی دیکەبێت لە رۆژی سێشەممە و گوتی"بەشداریی دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان دەکەین و سکرتێری پەرلەمانیشمان پێبدرێ وەریدەگرین".

یەکێتی تاراددەیەک پشتئەستورە بەدووری یەکگرتوو لە حکومەتەوە و هیوای وایە ئەگەر بەشداریی حکومەتی نەکرد، دەتوانێ لەگەڵ ئەو هێزە ئیسلامییە، بەهێزی 28 کورسی جموجولێکی ئۆپۆزسیۆنبوون بخاتە ناو پەرلەمان ئەگەر ئەو رێگایەی هەڵبژارد.

بەڵام ئەبوبەکر هەڵەدنی، لەبارەی بەشداریکردنی یەکگرتوو لە حکومەت دەڵێ "پێداگیری لەسەر خۆمان دەکەین و کارمان بەسەر یەکێتییەوە نییە، یەکێتی بە 18 کورسییەوە ئەو هەموو پۆستەی پێدراوە، بۆ ئێمە کە 8 کورسیمان لەوان کەمترە ئاوامان لەگەڵ دەکرێ".

ناوبراو جەختدەکاتەوە لەوەی کە دەبێ یەکێتی بەشداریی لە حکومەت بکات و حکومەتێکی بنکە فراوان بێت "بەڵام بە سەنگ و قەبارەی خۆی".

## کۆمەڵ: چاوەڕوانی کەس ناکرێ

سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ "چیدی دانیشتنی پەرلەمان دواناخرێ و سێشەممە دەستەی سەرۆکایەتی هەڵدەبژێردرێ". مەروان گەلاڵی گوتیشی "ئەوە تەنانەت ئەگەر یەکێتیش بەشداریی نەکات".

گەلاڵی پێیوایە ئەگەر سێشەممە پەرلەمان دەستەی سەرۆکایەتی هەڵنەبژێرێ، ئەوا متمانەی لای خەڵک نامێنێ و دەڵێ "مسۆگەر سەرۆک و جێگرەکەی و سکرتێری پەرلەمان هەڵدەبژێردرێ، ئەگەر یەکێتی رازی نەبوو، پۆستەکەی دەدرێتە لایەنێکی دیکە تاوەکو ئەوکاتەی دێتەوە ناو پەرلەمان و حکومەت".

دواین پێشنیازی پارتی بۆ یەکێتی ئەوەبووە جێگری سەرۆکی پەرلەمان کە پۆستی پارتییە وەربگرێت و سکرتێری پەرلەمان بدرێتە یەکگرتوو، بەپێی ئەو زانیاریانەی لە سەرچاوەیەکەوە دەست (تۆڕی میدیایی رووداو) کەوتوون، پارتی بە یەکێتی گوتووە "ئەگەر بەو پۆستانە رازی نەبێت و پێش هەڵبژاردن نەیەتە ناو حکومەتەوە، ئەوا لە دوای هەڵبژاردن ئەو پۆستانەی پێنادرێتەوە، بۆیە چاوەڕواندەکرێ ئەمڕۆ دووشەممە یەکێتی رازی ببێ بەوەی رۆژی سێشەممە دەستبەرداری داواکارییەکانی ببێ و بەشداریی خۆی لە حکومەت رابگەیێنێ".

# بانگەشەیەکی مۆدێرن بە پشتیوانی عەشیرەت

شادیە رەسوڵ
رووداو- سلێمانی

لەسەر بەشێک لەو پۆستەر و بڵاوکراوانەی کاندیدەکانی هەردوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکان دار و دیواری شاریان پێ داپۆشیوە، ناوچە و عەشیرەت و نازناو زەق کراونەتەوە. بەشێک لە پاڵێوراوان هیوایەکی زۆریان بەو جۆرە پشتیوانییە مەعنەوییانە هەیە. تەنانەت کاندید هەیە لە پۆستەرەکەیدا زیاتر بانگەشە بۆ باوک یان باپیری دەکات.

سۆز نوری چەلەبی، کاندیدی لیستی گۆڕان بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کە لە هەموو پۆستەرەکانیدا نازناوی چەلەبی زەقکردووەتەوە، دەڵێ ئەوە ناوی باپیرە گەورەیەتی بۆیە دانراوە "خێزانەکەم بەم ناوە ناسراوە، ئەمە وشەیەکی تێکەڵە هەم تورکییە و هەم عەرەبیە بەمانای (سەرۆکی بازرگانان) دێت، هەر کە باپیرە گەورەم هاتووەتە سلێمانی ئەم ناوەی وەرگرتووە "من لە کاری ئاسایی رۆژانەشدا هەر بەم ناوە ناسراوم، بۆیە دەنگدەرەکانم بەم ناوە زیاتر دەمناسنەوە".

ناوبراو پێیوایە بەکارهێنانی نازناوی باپیرەی یارمەتیدەری دەبێت بۆ ئەوەی دەنگێکی باشتر کۆبکاتەوە و دەڵێ "ئەوە رێگایەکی باشە بۆ ئەوەی زیاتر بناسرێی".

هەندێک لە کاندیدەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکان ناوی باپیریان وەک یەکێک لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بەکارناهێنن، بەڵکو نازناوێک یاخود ناوی باوکیان کە شەهیدە یان بەهۆی ناوی ناوچەکەیانەوە، دەیانەوێت دەنگدەرەکانیان بیانناسن.

کوردستان سێوکانی، پێشتر بۆ ماوەی 8 ساڵ سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی بووە لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، هەر لەو کاتەشدا بەو ناوە بەشداریی هەڵبژاردنی کردووە "سێوکان، ناوی گوندەکەمانە لە ناحیەی بنگرد، کاتێک باوکم لەگەڵ 3 برایدا هاتوونەتە سلێمانی لە ساڵی 1949 خەڵکی پێیانگوتون ئەمانە سێوکانییەکانن، بۆیە بەم ناوە ناسراوم".

ناوی تەواوی خۆی، کوردستان حاجی رەسوڵ سێوکانییە، بەڵام "ماوەی 8 ساڵ لە کاری خێرخوازی لە رابیتەی ئیسلامی کارمکردووە، هەروەها 8 ساڵە سەرۆکی یانەی ئاشتیم بۆیە بەو ناوە دەمناسنەوە".

هەندێکی دیکە لەو کاندیدانەی بەشداری لە بانگەشەکاندا دەکەن، تەنیا لە کاتی بانگەشەدا ئەو ناوە بەکاردەهێنن کە زیاتر ناوی ناوچەکانیانە. د.حەسەن سابر محەممەد کاندیدی پارتی کە لەناو پۆستەرەکانی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە ناوی د.حەسەن پێنجوێنی بانگەشە دەکات، دەڵێ من لە دایکبووی پێنجوێنم، هەر لەوێش گەورە بووم، بۆیە شارەکەم خۆشدەوێت و بەو ناوە دەنگدەرەکانم دەمناسن". گوتیشی "تەنیا بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنەکان ئەم ناوەم داناوە، کاتێک دەرچووم بۆ پەرلەمانی عێراق ناوی پێنجوێنییەکە لێدەکەمەوە و دەیکەم بە د.حەسەن کوردستانی، چونکە ئەوکاتە دەبمە نوێنەری کورد نەک تەنیا ناوچەکەی خۆم".


(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

زیاتر لەناو کاندیدەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراقدا، بابەتی سەیر و سەمەرەی بانگەشە هەیە، چونکە کاندیدە ئافرەتەکان بەشێکیان ناوی خۆیان لەسەر پۆستەرەکانیان دانەناوە، بەڵام ژنان و ئافرەتانی کاندید لە هەرێمی کوردستان، ناو و وێنەی خۆیان لەسەر پۆستەرەکانیان دادەنێن.

هەندێک لە کاندیدەکانی دیکە ناوی پیشەیەکیان لە جیاتی ناوی باوک و باپیریان لکاندووە بەناوی خۆیانەوە و دەیانەوێ لەو رێگایەوە سەرنجی دەنگدەر رابکێشن بۆ لای خۆیان. کە ئەم جۆرە بانگەشەیە نوێیە.

کاندیدەکانی یەکێتی زۆرترین پاشناویان هەڵگرتووە. هەندێک لەو پاشناوانە بوونە جێی قسە لەسەرکردن و نوکتە دروستکردن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. لەوانەش رێبینی خوێندکاران، شێخ تەهای UN، پشتیوانی خانەنشین، رووناک بۆمبا، دڵشادی بەیتەرە، لەیلای ژنان، شادانی بەڕێوەبەری ئەنفالکراوان. شکۆفەی ژینگە، بەسۆزی ژینگە، سەفین حوسێن بلۆک و جوامێری پێشمەرگە دێرینەکان، شێخ دارای کەشناسی و... هتد.

لە پۆستەری کاندیدەکانی یەکێتی لە سلێمانی، ئافرەتێک بە روویەکی خۆشەوە دەردەکەوێ و لە ژێرەوەی پۆستەرەکەی نووسراوە (بەسۆزی ژینگە). کاتێک خەڵکی تەماشای دەکەن و بە وردی سەرنجی ناوەکەی دەدەن، ناوی باوکی و باپیری دیار نییە کە ناوی سیانیشی بەسۆز بەکر عەلییە "لەسەر ئەرکی خۆم زیاتر لە 1000 نەمامم لەسەر شاخی گۆیژە بۆ سەوزکردنی پایەختی رۆشنبیری چاند، بۆیە خەڵک ئەو ناوەیان لێنام، هەر بەو ناوەش بانگەشە دەکەم".

بەسۆز دەڵێ تەنیا لە سلێمانی ئەو کارەی نەکردووە و لە زۆربەی شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان نەمامی رواندووە "هەوڵدەدەم هەموو کوردستان سەوز بکەم بۆ ئەوەی بگەینە ستانداردی جیهانی".

ڕووداو
ئابووری
ژمارە (307) دووشەممە 2014/4/28

## نرخی مریشک بۆ نزمترین ئاست دادەبەزێت



**ڕووداو – سلێمانی**

سۆران غەفور، بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانیی سلێمانی ڕابگەیاند "نرخی مریشک لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیووە، بە جۆرێک نرخی مریشـکی زیندوو لە بازاڕەکانی شـاری سلێمانی بۆ یەک کیلۆ تەنها دوو هەزار و 750 دینارە". ناوبراو گوتیشی "هەموو ساڵێک لەمانگی چوار و پێنج دا نرخی مریشک دادەبەزێت، بەڵام ئەمساڵ بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزینی بەخۆوە بینیوە، بە جۆرێک لەکێڵەگەکانی بەخێوکردنی پەلەوەر لە سنووری شاری سلێمانی، نرخی یەک کیلۆ مریشک دابەزیووە بۆ تەنها دوو هەزار و 300 دینار.

### بایی 20 ملیار دۆلارە

# ملیۆنێک و 191 هەزار ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان هەن



(فۆتۆ: سیڤان محەممەد سەلیم)

**ئارام کاکەخان**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسـی هاتوچۆی هەرێمـی کوردسـتان دەڵێت، ئێسـتا کوالێتی کۆنتـڕۆڵ دانـراوە و ڕێگە نادرێـت ئۆتۆمبێلی کوالێتـی خـراپ هاوردەی هەرێمی کوردسـتان بکرێت، ئـەوە لـە کاتێکدایـە کـە بەگوتـەی مامەڵەکارانی ئۆتۆمبێل، ئەو ئۆتۆمبێلە مۆدێل بەرزانـەی دەهێنرێنـە هەرێمی کوردسـتان بێ کەموکوڕی نین.

### 290 کۆمپانیا ئۆتۆمبێل هاوردە دەکەن

بەهـۆی زیادبوونـی خواسـتی هاووڵاتیـان، سـاڵانە ژمارەیەکی بەرچاو ئۆتۆمبێل هاوردەی کوردستان دەکرێت. حاڵی حازر 293 کۆمپانیا ئۆتۆمبێل هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکەن. وەک ئامـارەکان دەریدەخـەن، تەنیا لەماوەی سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 13 هەزار و 951 ئۆتۆمبێل هاوردەی هەرێمی کوردستان کراون: 7 هەزار و 296 ئۆتۆمبێل بۆ هەولێر و 4 هەزار و 167 ئۆتۆمبێل بۆ شاری سلێمانی و 2 هەزار و 488 ئۆتۆمبێل بۆ شاری دهۆک.

عەمید قادر سـدیق، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی هاتوچۆی هەرێمی کوردسـتان بـە (ڕووداو)ی گوت "ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا ملیۆنێک و 191 هەزار و 270 ئۆتۆمبێل هەیە".

کۆڵێتـی ئـەو ئۆتۆمبێلانـەی دەهێنرێنـە کوردسـتان جێی گومانە، عەمیـد قادر دەڵێت "پێشـتر کوالێتی کۆنترۆڵ نەبوو، بەڵام ئێسـتا هەیە و لە ڕێگەی چەند کۆمپانیایەکەوە ساڵانە هـەززە بـۆ تـەواوی ئۆتۆمبێلـەکان دەکرێت و کەموکوڕییەکانیان دەستنیشان دەکرێت".

### 65%ی ئۆتۆمبێلەکانی هەولێر و دهۆک پشکنینیان بۆ نەکراوە

"هـەززە" یاخود ئەو پشـکنینەی بۆ ڕادەی توندوتۆڵیـی ئۆتۆمبێـل دەکرێـت، لە سـاڵی 2009وە لـە هەرێمـی کوردسـتاندا دانـراوە. ئۆتۆمبێلەکانی سـنووری پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک لە ڕێگەی کۆمپانیایەکەوە هەززە دەکرێن، بـەڵام ئۆتۆمبێلەکانـی سـنووری پارێـزگای سـلێمانی لـە ڕێگـەی 7 کۆمپانیـاوە هـەززە دەکرێن. بەپێی ئامارەکانی ئەو کۆمپانیایە، لە سـاڵی 2009دا تەنیـا لە پارێـزگای هەولێر و دهۆک 80 هەزار و 198 ئۆتۆمبێل پشـکنینیان بـۆ کراوە، بەڵام لە سـاڵی 2013 ئەو ژمارەیە زیادی کردووە بۆ 330 هەزار و 879 ئۆتۆمبێل.

سـیروان عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری کۆمپانیای opv بۆ پشـکنینی ئۆتۆمبێل دەڵێت "بەشـێک لە ئۆتۆمبێلـەکان کاتێـک کەموکوڕییەکانیان دەستنیشـان دەکەیـن و بـە خاوەنەکـەی دەڵێیـن چاکیبکـەوە، شـوفێرەکە دەڕوات و نایەتەوە، چونکە سـزای پۆلیسی هاتوچۆ بڕی 30 هـەزار دینارە و لە هەرشـوێنێک تووشـی مەفرەزەکانی پۆلیسـی هاتوچۆ ببێت سزاکەی ئەوەنـدە زۆر نییـە کـە پێـی نەدرێـت، بۆیە ئەوەنـدە خۆی بە بڕوانامەی ئێمەوە سـەرقاڵ نـاکات، شـوفێریش هەیـە کـە کەموکـوڕی ئۆتۆمبێلەکەیمان دەستنیشـان کردووە هەوڵی داوە بەرتیلمان بداتێ". ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە شوفێران زۆر گرنگی بە پشکنینەکان نادەن "بەپێـی ئاماری ئێمە، سـاڵی ڕابـردوو 69%ی ئۆتۆمبێلەکانـی سـنووری پارێـزگای هەولێر و 61%ی ئۆتۆمبێلەکانـی سـنووری پارێـزگای دهۆک پشکنینیان بۆ نەکراوە".

بەپێـی ئامـاری ئـەو کۆمپانیایـە، لـە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک لە ساڵی ڕابردوودا 217 هـەزار و 339 ئۆتۆمبێـل لـە پشـکنینی یەکـەم بڕوانامـەی دەرچوونیان پێـدراوە، 65 هەزار و 295 ئۆتۆمبێلیش لە پشـکنینی دووەم بڕوانامـەی دەرچوونیـان پێـدراوە، 6 هـەزار و 589 ئۆتۆمبێلیـش لـە پشـکنینی سـێیەم بڕوانامەیان پێدراوە.

### پارەی خەڵکی کوردستان بۆ ئۆتۆمبێلە

زۆربـەی ئـەو ئۆتۆمبێلانـەی لـە هەرێمـی کوردسـتاندان بەدەسـت چینی مامناوەند یان فەرمانبەرانـەوەن کـە نرخیـان لە نێـوان 15 هەزار تاوەکـو 20 هەزار دۆلارە. لە هەمانکاندا ئۆتۆمبێلی نرخ بەرزیش هەن.

ئەگـەر تێکـڕای ناوەندیـی نرخـی ئـەو ئۆتۆمبێلانەی بە دەست چینی ناوەندەن بکرێتە پێوەر کە دەکاتە 17 هەزار و 500 دۆلار. ئەوا هەرێمی کوردستان بایی 20 ملیار و 847 هەزار و 225 هەزار دۆلار ئۆتۆمبێلی تێدایە.

### داهاتی هەززە 6 ملیار دینار بووە

بـۆ هەززەکردنـی هـەر ئۆتۆمبێلێک بڕی 20 هـەزار دینـار وەردەگیرێـت، بەوپێیـە سـاڵی 2013 تەنیـا پارەی پشـکنینی ئەو ئۆتۆمبێلانـەی پشـکنینیان بـۆ کـراوە لە هەردوو پارێـزگای هەولێر و دهۆک 6 ملیار و 617 ملیـۆن و 580 هـەزار دینـار بووە، سیروان عەبدوڵڵا دەڵێت "15%ی ئەو داهاتە بـۆ بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆیە و 85%یشـی بۆ ئێمەیە".

### 20 ملیۆن دۆلار بۆ چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل

بەپێـی ئەو ئامـارەی دەسـت (ڕووداو) کەوتـووە، سـاڵی ڕابـردوو نزیکـەی 234 هـەزار و 851 ئۆتۆمبێل خـراپ بوون، یان کەموکوڕییان هەبـووە و چاککراونەتەوە و خەرجیەکانیشیان 20 ملیۆن دۆلار بووە.

عەبدولکەریـم بازیانی، شـارەزای کڕین و فرۆشتن و چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل لە شاری هەولێر کە ئێسـتا کاری کڕین و فرۆشـتنی ئۆتۆمبێـل دەکات، دەڵێـت ئۆتۆمبێلەکەی هەززە نەکـردووە، عەبدولکەریم دەڵێت "بە گشـتی 150 دۆلار بـۆ چاککردنەوەی گێڕ و 25 دۆلار بـۆ گۆڕینـی لایت و 100 دۆلار بۆ گۆڕینی ڕۆت و 25 دۆلار بۆ برێک، کڕینی 2 تایەش 100 دۆلاری دەوێت".

بەپێـی ئامـاری کۆمپانیـای opvi لـەو ئۆتۆمبێلانەی سـاڵی ڕابردوو پشکنینیان بۆ کـراوە 56 هـەزار و 578 ئۆتۆمبێل کێشـە لـە تایەیانـدا هەبـووە و پێیان گـۆڕدراوە. 56 هـەزار و 247 ئۆتۆمبێـل کێشـەیان لـە مەکینـەدا هەبـووە، 68 هـەزار و 159 ئۆتۆمبێل کێشـەیان لە برێکدا هەبووە، 29 هـەزار و 116 ئۆتۆمبێـل لایتیان کێشـەی هەبووە، 33 هەزار و 748 ئۆتۆمبێل ڕۆت و ڤۆڵتیان تەواو نەبووە.

بەپێی ئەو نرخانەی کە بۆ چاککردنەوەی ئۆتۆمبێـل هـەن لـە هەرێمی کوردسـتان، شـوفێرانی پارێـزگای هەولێـر و دهـۆک بـۆ گۆڕینـی دوو تایـەی ئۆتۆمبێلەکانیـان 5 ملیـۆن و 659 هـەزار دۆلاریـان خـەرج کردووە، بۆ چاککردنەوەی مەکینە 8 ملیۆن و 437 هـەزار دۆلار، بـۆ گۆڕینـی بانس و کۆنتڕۆڵکردنـی برێـک 1 ملیـۆن و 703 هـەزار دۆلار، بـۆ گۆڕینی لایتـی ئۆتۆمبێل 728 هـەزار دۆلار، بۆ گۆڕینی ڕۆت و ڤۆڵت 3 ملیـۆن و 375 دۆلاریـان خەرجکـردووە، سـەرجەم ئـەو خەرجیانـەش نزیکـەی 20 ملیۆن دۆلارن.

# مۆتۆرسوارە بیانییەکان ڕێگەی کوردستان هەڵدەبژێرن



**یودیت نیورینک**
**ڕووداو- هەولێر**

> دوای سەرنجڕاکێشـانی شـاخەوانە بیانییەکان، هەرێمی کوردسـتان سـەرنجی مۆتۆرسکیلەکان بۆخۆی ڕادەکێشێت.

کۆمپانیـای گەشـتیاریی هۆڵەنـدی مۆتۆر ترەیلـس کـە گەشـتی پـڕ سەرکێشـی بـۆ مۆتۆرسکیلەکان ڕێکدەخات، بڕیارە کوردستانیش بکاتە یەکێک لە شـوێنەکانی ناردنی گەشـتی مۆتۆرسواری.

مارکـۆ براند، لە گەشـتێکیدا بـۆ هەولێری پایتەختـی هەرێمـی کوردسـتان دەڵێت "ئێمە دەمانەوێـت ئەو شـوێنە جوانانە ببینین کە بۆ گەشتوگوزار ئامادەنەکراون و حەزدەکەین بەسەر ڕێچکە و تووڵەڕێدا مۆتۆرەکانمان لێخوڕین. ئێمە حەزمان لە سەرکێشییە."

مارکـۆ 15 سـاڵ پێش ئێسـتا دەسـتی بە گەشـتە مۆتۆرسـوارییەکانی کـردووە، یەکەم گەشـتی بە نێـو ڤێتنامـدا بـووە. هەرچەندە ئـەوکات ئەو بۆخـۆی کاری بـۆ کۆمپانیایەکی گەشـتوگوزاری دەکـرد، بەڵام بـە تەنیاش بە مۆتۆر گەشتی شوێنی نوێی دەکرد "حەزدەکەم بۆ خۆم ڕێگەی گەشتی خۆم هەڵبژێرم و ڕێگەی نوێی مۆتۆرسواری بدۆزمەوە".

ئەو کاتێک کە لە ڤێتنام مۆتۆرسواری دەکرد، بیرۆکـەی ڕێنوێنی گەشـتیاری لا دروسـت بوو "کاتێـک کە بەناو مەزراکانی برنجدا مۆتۆرەکەم لێدەخـوڕی، ئـەو هەسـتەم لادروسـت بوو کە پێویسـتە ئەم جوانیانە پێشانی کەسانی دیکە بدەم." ئێستا کۆمپانیای مۆتۆر ترەیلس گەشت بۆ 35 شـوێن ڕێکدەخات، زۆربەی شـوێنەکان لە ئاسـیا و ئەوروپادان. کۆمپانیاکە گرووپی 6 بۆ 10 کەسی ڕێکدەخات و ڕێنوێنێکیان لەگەڵ دەنێرێت، هەروەها فیتەرێک و ئۆتۆمبیلێکیشیان لەگـەڵ ڕەوانـە دەکات کـە پارچـەی یەدەگی مۆتۆری تێدایە. ڕێگا تایبەتەکانی مۆتۆرسواری، ڕێگای نیپاڵ-هۆڵەندا و ڕێگەی ئاوریشمی ئاسیای ناوەڕاسـتە، گەشت لە هۆڵەنداوە بۆ جۆرجیا و قرغیزستان و مۆنگۆلیا ڕێکدەخات.

بۆ گەشـتی ڕێگاکەی ئاسـیای ناوەڕاسـت، مۆتۆرسـوارەکان مۆتـۆری خۆیـان دەبـەن، بـەڵام براند زۆرجـار مۆتۆر لـەو ناوچانەی کە گەشـتی پێدا دەکات بە کرێ دەگرێت. ئەوەش لەبەرئەوەیە کە ئەستەمە مۆتۆرێک بخەیتە نێو فڕۆکـە و لـە هەندێک لە ڕێگاکانیـش مۆتۆری سـووک باشترە لە مۆتۆری هارلی دەیڤدسن کە لە هۆڵەندا زیاتر بەکاردەهێنرێت.

ئەو دەڵێت "مۆتۆڕێکی سووک بە مەکینەیەکی 250 CC بییەوە باشـترە بۆ ڕێگا سـەختەکان، ئەوەش لەبەرئەوەیە کە مۆتۆری بچووک ئاسانتر کۆنترۆڵ دەکرێت و کاتێکیش کە بکەوی ئاسانتر هەڵدەسـتیتەوە. ئەگـەر وا نەبێت ئـەوە بیرت تەنیا لای مۆتۆرەکەت دەبێت، ئەوەش مەبەستی گەشتکردن نییە."

براند دەڵێت ئامانجی گەشـتکردن بە مۆتۆڕ ئەوەیـە کە هەسـت بەوپـەڕی ئـازادی بکەیت کاتێـک کە بەو شـوێنە جوانانەدا بـە مۆتۆڕ و بە نێو ناوچە سروشـتییەکاندا گەشت دەکەیت. "گەشتی مۆتۆر ڕێگەت دەدات کە هەموو شتێک ببیسـتی و ببینی. ناخرێیتە نێـو تەنەکەیەکی پـڕ لە هەوای سـاردەوە و بە ئـارەزووی خۆت خێراییەکەت هەڵدەبژێری."

بۆ گەشتەکەی کوردستان پێویستە لە تورکیا مۆتـۆر بە کـرێ بگرێت، چونکە لە کورسـتان هێشتا یانەی مۆتۆرسواری نییە. هەرلەبەرئەوەش ناچاربوو بەڵگەی فەرمی لە خاوەنی مۆتۆرەکەوە بهێنێت و پێشـانی بدات کە ڕووخسەتی ئەوەی هەیە مۆتۆرەکە بەرێتە ئەودیوی سنوور. بەڵگە و بەڵگەکاری بۆ ماوەی سێ سەعات براندی لەسەر سنوری تورکیا-عێراق دواخست.

لە گەشتەکەیدا بۆ کوردستان، براند بە دوای تووڵەڕێدا دەگەڕێت کە لە شارەکانەوە بیبات بۆ لادێکان و شارۆچکەکان. "هەڵبژاردنی ڕێگە زۆر لە هەڵبژاردنی شـوێنی سەردانیکردن گرنگترە. مۆتۆر بۆ کۆمەڵە شوێنێکت دەبات کە ئۆتۆمبیل ناتوانێت بتگەیەنێتە ئەو شوێنانە".

یەک لەو کێشانەی ڕووبەڕووی براند دەبێتەوە نەبوونی نەخشـەیەکی ڕێکوپێکە تا شـاڕێگە و ڕێگـە بچووکەکان و ڕێگە خۆڵین و تووڵەڕێکان پێشانی براند بدات.

دوای چەنـد ڕۆژێـک مۆتۆرسـواری، ئـەو ئێسـتا حەزی لێرەیە. چەند یادەوەری لێرە بۆ دروسـت بووە و بەبیری دێتـەوە کە لە یەکێک لە زاڵگەکان چاییـان بۆ هێناوە، وێنەی لەگەڵ پیاوانی گوندنشین گرتووە کاتێک کە لەگەڵیان دانیشـتووە و قسەیان لەگەڵ دەکات، کەسێکی نامـۆ بوتڵێک ئاوی بۆ هێنـاوە و لە یەکێک لە ڕێسـتورانتەکان نانـی خـواردووە و خاوەنـی ڕێستورانتەکە پارەی لێوەرنەگرتووە و لە لادێکان بانگهێشتی ماڵەوەیان کردووە بۆ ئەوەی نانیان لەگـەڵ بخوات، بەڵام نەیتوانیوە بچێت، چونکە ناچاربووە لەگەشتەکەی بەردەوام بێت.

هەرچەندە هێشـتا زۆرکەس کوردسـتان بە مەترسـییەکانی عێراقـەوە گرێـدەدەن، بـەڵام وێنەکانـی سـەر فەیسـبووک و کۆمێنتەکانـی کۆمەڵێک کەسـیان بۆ کۆکردووەتەوە "خەڵکی دەڵێن دەیانەوێت لە یەکەم گەشتی ئەزموونیدا بەشدار بن، دەزانن کە من گەشتێکی ئەزموونی بۆ ئێرە ڕێکدەخەم".

کێشەی ئەمنی لە کوردستان ترسی بۆ براند دروست نەکردووە. ئەو مۆتۆرسوارانەی کە ناوی خۆیـان بـۆ گەشـتەکەی براند تۆمـار دەکەن، هـەر بۆ خۆیـان بەدوای سەرکێشـیدا دەگەڕێن "سـاڵی ڕابردوو چووینە تاجیکسـتان. ئەمساڵ گەشـتێکمان بۆ کۆنگۆ ڕێکخست کە شوێنێکی پڕ مەترسییە" ئەو بەدەم پێکەنینەوە وا دەڵێت.

مۆتۆرسـواری سـەرچاوەیەکی نوێـی داهات دەبێـت بۆ کەرتی گەشـتیاری لە کوردسـتان. ئێسـتا گەشـتوگوزار لە کوردسـتان سەرنجی گەشتیارە ئەوروپیەکان ڕادەکێشێت، ئەوان دێن تا شـوێنە مێژووییەکان و سروشت و کەلتووری کوردستان ببینن. گەشـتیاران بۆ شاخەوانی و مانەوە لە هۆتێلە پێنج ئەسـتێرەکانی سلێمانی و هەولێر دێن.

هەروەهـا شـوێنی خلیسـکانی سـەر بەفر لەسـەر چیای کۆڕەک و چەند شـوێنێکی دیکە دروست دەکرێن. پێشـبڕکێی بەلەم لە ڕووبارە تیژڕەوەکانی نێو شاخەکانی کوردستان بەشێکی دیکەیە کە ئێستا لە بنیاتناندایە.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش، لە یەکەم مانگی بوون بە پایتەختی گەشتیاری وڵاتانی عەرەبیدا، زۆر عێراقـی سـەردانی کوردسـتانیان کـرد بۆ ئەوەی سەردانی تاڤگە و سروشت و پارکەکانی کوردستان بکەن، بە تایبەت یەکێک لە پارکەکان کە باڵۆنە هەواییەکەی سەرنجی زۆر گەشتیاری ڕاکێشاوە.



باوکم لە کۆنگرەی 3 داوای دەست لەکارکێشانەوەی کرد، بەڵام مام جەلال قبوڵی نەکرد

دەرباز کۆسرەت ڕەسوڵ، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی سەوز، خاوەنی سێیەم زۆرترین دەنگ (51025) لە هەڵبژاردنی ڕابردوو. کوڕی جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە. لە یەکەم هەڤپەیڤینی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی بارودۆخی نێوخۆی حیزبەکەی و پرسی پێکهێنانی حکومەت و تەندروستی باوکی دەکات.

هەڤپەیڤین: مەحموود یاسین کوردی

### دەرباز کۆسرەت ڕەسوڵ بۆ (ڕووداو):

# ئەو پۆستانەی پارتی بۆخۆی داناوە لە ئیستیحقاقی خۆی زۆر زیاترە



فۆتۆ: هیمداد کەریم

**دەتوانین بڵێین سەردەمی ڕێککەوتنی ستراتیژی بەسەرچووە**

**دۆخی ئێستای یەکێتی تەنیا و تەنیا بە چاکسازی چارەسەر دەبێ**

**ڕووداو: وەکو کوڕی کەسی دووەمی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، جەوهەر و قەیرانی ناوخۆی یەکێتی لە چیدا دەبینی؟**

**دەریاز کۆسرەت:** ئەگەر سەیرێکی وردی مێژووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بکەین، دەبینین لە هەموو سەردەم و قۆناغە جیاجیاکاندا ڕای جیاوازی تێدا هەبووە. زۆرجار ئەم ڕایە جیاوازانە کێشەی لە نێوان سەرکردایەتی دروستکردووە، بەڵام ئەوەی جێگای دڵخۆشییە، زۆرینەی ڕا جیاوازەکان لە بەرژەوەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هەوڵدان بۆ پێشخستن و گەشەسەندنی حیزبەکەمانە، ئەم کێشانەی ئەمڕۆش کە هەن ڕوون و ئاشکرایە کە ڕای جیاوازی هەڤاڵانمانە لەپێناو گەشەسەندنی یەکێتی و بەرەوپێشبردنی و ئاشتکردنەوەی لەگەڵ جەماوەر.

**ڕووداو: تۆ وەکو گەنجێک لەگەڵ شاڵاوی برات و قوباد تاڵەبانی دەستپێشخەریەکتان کرد کە بەرهەمەکەی کۆبوونەوەی هۆتێل دیڤان بوو لە شاری هەولێر، لە نێوان بەڕێز کۆسرەت ڕەسوڵی باوکت و بەرهەم ساڵح، دەکرێ بزانین چارەنووسی ئەم دەستپێشخەرییە چی بوو؟**

**دەریاز کۆسرەت:** چارەسەرکردنی کێشەکانی یەکێتی بوون و لەم پێناوەشدا هەوڵێکی زۆر درا و دواجار هەمووومان گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە دەبێ وەکو یەک تیم لە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن بەشداری بکەین و ڕا جیاوازەکانمان وەلا بنێین.

**ڕووداو: تێڕوانی تۆ و براکەت و قوباد تاڵەبانی بۆ تێپەڕاندنی دۆخی ئێستای یەکێتی چییە، مەبەستم قۆناغی بانگەشەی هەڵبژاردن؟**

**دەریاز کۆسرەت:** دەتوانم وەک خۆم قسە بکەم و ناتوانم لەبری شاڵاو و قوباد بڕیار بدەم، بەڵام بەبڕوای من ئەم دۆخەی ئێستای یەکێتی تەنیا و تەنیا بە چاکسازی و نوێبوونەوە و ئاشتبوونەوەمان لەگەڵ جەماوەر چارەسەر دەبێ، هەروەک دەبێ چاوێکی ورد بە بەشێکی زۆر لە سیاسەتەکانی ڕابردووماندا بخشێنینەوە و وردتر لە جاران مامەڵە بکەین.

**ڕووداو: هەست بە جیاوازی تێڕوانی نەوەی نوێی یەکێتی دەکەی لەگەڵ ئەوانەی ئێستا سەرکردایەتی یەکێتی دەکەن، بۆ نموونە تێڕوانی تۆ لەگەڵ باوکت، یان تێڕوانینی قوباد تاڵەبانی؟**

**دەریاز کۆسرەت:** بێگومان جیاوازی هەیە لە تێڕوان و بیروبۆچوونمان، بەڵام من پێموایە بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ئەوان و توانای جەستەیی ئێمە دەتوانین باشتر کاربکەین، جیا لە هەموو ئەمانە بیرکردنەوەی ئێمەی گەنج دوورە لە ململانێی ناشەرعیی حیزبی.

**ڕووداو: ئێوە لەگەڵ ئەوەن سەرکردایەتی ئێستا دەست لەکاربکێشنەوە، ئیدارە و سیاسەتی یەکێتی بدرێتە دەست گەنجەکان؟**

**دەریاز کۆسرەت:** یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە سەرەتای دروستبوونییەوە حیزبێکی گەنجانە بووە و هەمیشە گەنج شادەماری کارکردنی ئەم حیزبە بووە، ئەگەرچی من لەگەڵ ئەو ڕایە نیم کە ئەوانەی بە مێژوو و خەباتی یەکێتییەوە ماندوو بوون بچنەوە ماڵەوە، بەڵکو من بە باشی دەزانم کە یەکێتی لە کۆنگرەی داهاتوودا ژمارەیەکی زیاتر لە گەنجان بێنێتە پێشەوە و سوودیش لە ئەزموونی کەسانی دیکە وەربگرێ.

**ڕووداو: تەندروستی باوکت باش نییە، تۆ وەکو کادیرێکی دیارو پەرلەمانتارێکی ئەو حیزبە کە زۆرترین دەنگی ئەندامانی یەکێتیت بەدەستهێناوە، لەگەڵ ئەوەی باوکیشت دابنیشێت؟**

**دەریاز کۆسرەت:** سەرکردایەتی هەموو حیزبەکان بە تەمەن لە باوکم گەورەترن و نەخۆشیشیان هەیە، بەڵام نەخۆشییەکەی باوکم پێوەی دیارەو هی ئەوان شاراوەیە، جگە لەوەش ئێستا باوکم هێندەی گەنجێک و بگرە زیاتریش کاردەکات هەم بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هەمیش بۆ گەلی کورد. باوکم لە کۆنگرەی 3ی یەکێتی داوای دەست لەکارکێشانەوەی کرد، بەڵام جەنابی مام جەلال قبوڵی نەکرد.

**ڕووداو: د.بەرهەم ساڵح سوورە لەسەر ئەوەی کە پێویستە کۆنگرە لە وادەی خۆی ببەسترێ و ئامادە نییە هیچ بەرپرسیارێتیەک وەربگرێت و وەکو ئەندامێکی سادە دەمێنێتەوە، ئێوە هەوڵتان نەدا قەناعەتی پێبکەن کە ئەم داوایە بۆ دوای هەڵبژاردن دوابخات؟**

**دەریاز کۆسرەت:** د.بەرهەم ساڵح کوڕی یەکێتییە و هەر بۆ یەکێتی ئیش دەکات و هەموو هەوڵ و هەڵوێستەکانی سەرجەم هەڤاڵان بە ئاقاری خزمەتکردنی یەکێتییە و مایەی ڕێزە.

**ڕووداو: بە ڕای تۆ دواخستنی کۆنگرە لە بەرژەوەندی یەکێتیدا بوو؟**

**دەریاز کۆسرەت:** لەوانەیە پێویست نەکات قسە لەسەر ڕابردوو بکەین، بەڵام پێویستە کۆنگرەی ئەمجارەمان کۆنگرەی نوێبوونەوە و هێنانە پێشەوەی گەنج و دانانی بەرنامە و پلانێکی نوێتر لە جاران بێت بۆ کارکردن.

**ڕووداو: ئێستا هێزۆخان دەسەڵات و ژمارەیەکی قورسی ناو یەکێتییە، پەیوەندیت لەگەڵ ئەو چۆنە، پێتوایە دەتوانێ بۆشایی مام جەلال پڕبکاتەوە؟**

**دەریاز کۆسرەت:** وەکو کادیرێکی یەکێتی پەیوەندیم لەگەڵ سەرجەم سەرکردایەتی حیزبەکەم باشە، بەڵام ئەگەر قسە لەسەر پڕکردنەوەی بۆشایی هەڤاڵ مام جەلال بێت، پێموایە هیچ کەسێک ناتوانێ ئەم کارە بکات، هەموومان دەبینین غیابی جەنابی مام جەلال چ کاریگەرییەکی لەسەر کێشەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق هەبووە.

**ڕووداو: کۆمەڵێک دەزگای هەستیاری یەکێتی هەن کە خواستی زۆرینەی ئەندام و کادیرانی یەکێتی لەگەڵ ئەوەیە گۆڕانکاری لەو دەزگایانە بکرێت، لەوانە دژە تیرۆر و زانیاری و ئاسایشی گشتی؟**

**دەریاز کۆسرەت:** هەموو کەسێک قابیلی گۆڕانە لەناو یەکێتی و تا ئەتایە هیچ پۆستێک بۆ کەس نامێنێ و یەکێتی گەورەترە لە کەسەکان. هەر پۆست و کەسێک پێویستی بە گۆڕانکاری بێ بە ئامانجی نوێبوونەوەی یەکێتی ئێمە لەگەڵیداین، وەک خۆشتان دەزانن مرۆڤ خۆشی تاقەتی دەچێ ئەگەر ماوەیەکی زۆر لە زۆنی سەوزدا دەسەڵاتی هەبووە. ناکرێ ئەمڕۆ هێزێکی ئاوا گەورە فەرامۆش بکرێ و هیچ پۆستێکی ئەمنی پێ نەدرێت. جگە لەمەش مێژوو شایەتی ئەوەیە کە لە سنووری دەسەڵاتی یەکێتیدا ئەم مەلەفانە بەوپەڕی ئازادی و دیموکراسییەوە بەڕێوەبراون، باشترین بەڵگەش هەڵبژاردنی ڕابردوو بوو کە لەناو دامودەزگا ئەمنییەکاندا لایەنەکانی دیکەش دەنگێکی زۆر باشیان هێناوە.

**ڕووداو: لەم قۆناغەدا یەکێتی دەتوانێ ببێتە ئۆپۆزسیۆن؟**

لەیەک شوێن بمێنێتەوە.

**ڕووداو: بۆچی دەستپێشخەری بۆ هێورکردنەوە و لێکنزیکبوونەوەی یەکێتی و گۆڕان ناکەن؟**

**دەریاز کۆسرەت:** یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەمیشە دەرگای واڵا بووە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ سەرجەم لایەنەکان، سەبارەت بە گفتوگۆ لەگەڵ گۆڕان هەمیشە دەرگامان کراوە بووە و لەوانەیە دوای هەڵبژاردن ئەمجۆرە کۆبوونەوانە بکرێن.

**ڕووداو: پەیوەندیت لەگەڵ کوڕەکانی بەڕێز نەوشیروان مستەفا چۆنە؟**

**دەریاز کۆسرەت:** بەو پێیەی لە ڕابردوودا هاوخەبات بووینەو هەموومان لە ڕیزی یەک حیزب کارمان کردووە، پەیوەندیمان هەیە، بەڵام کەمتر یەک دەبینین.

**ڕووداو: پەیوەندیت لەگەڵ کوڕەکانی سەرۆکی پارتی هەیە، هەوڵتان داوە ئاستی پەیوەندی باوکتان تێپەڕێنن وەکو کوڕی سەرۆک و کوڕی جێگری سەرۆکی هەرێم؟**

**دەریاز کۆسرەت:** وەکو بنەماڵەیەکی ئەم کوردستانە پەیوەندیمان لەگەڵیان هەیە و لەوانەیە لە زۆر بابەتدا تێڕوانین و بیروبۆچوونمان جیاواز بێت و لە هەندێک بابەتی نەتەوەییش ڕای هاوبەشمان هەبێت.

**ڕووداو: تێبینی و سەرنجی ئێوە چییە لەسەر ئیستیحقاقی یەکێتی لە پێکهاتەی حکومەتی نوێدا؟**

**دەریاز کۆسرەت:** ئێمە وەکو یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە سەرەتای گفتوگۆکاندا ئەوەمان ڕاگەیاند کە بەشداری لە حکومەتێکی نیشتیمانی بنکەفراواندا دەکەین و هەر ئێمەش بووین حکومەتی پەنجا بە پەنجامان ڕەتکردەوە، بەڵام ئەوەی ئێستا کراوە لە دابەشکردنی پۆستەکان ناعەدالەتییە. بۆ نموونە پارتی دیموکراتی کوردستان خاوەنی 38 کورسییە، بەڵام ئەو پۆستانەی بۆ خۆیان داناوە لە ئیستیحقاقی خۆیان زۆر زیاترە. یەکێتی نیشتمانی کوردستان حیزبێکی خاوەن مێژوو و قوربانیدانە و دوای شەڕی ناوخۆ ڕێککەوتنی ستراتیژیمان لەگەڵ پارتی کرد بە ئامانجی ڕاگرتنی شەڕی ناوخۆ و یەکتر قبوڵکردنی لایەنەکان، بەڵام چۆن دەبێ لە 5 پۆستی سیادی هیچ پۆستێک بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان نەبێ.

**ڕووداو: یەکێتی 18 کورسی هەیە، بۆچی زۆر پێداگری لەسەر وەرگرتنی پۆستە ئەمنی و سیادییەکان دەکات؟**

**دەریاز کۆسرەت:** لەدوای کارەساتی شەڕی ناوخۆ، یەکێتی نیشتمانی کوردستان

**د.بەرهەم کوڕی یەکێتییە و هەر بۆ یەکێتی ئیش دەکات**

**چۆن دەبێ لە 5 پۆستی سیادی هیچیان بۆ یەکێتی نەبن؟**

**دەریاز کۆسرەت:** وەکو دیدگاو بەرنامەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئێمە لە سەرەتاوە بۆ ئەوە دانەمەزراوین بێینە دەسەڵات، چۆن لە شاخ خەباتمان کردووەو لە دەسەڵات نەبووینە ئێستاش لامان ئاساییە، بەڵام ئێستا حوکمڕانی لە کوردستان بەبێ یەکێتی نیشتمانی کوردستان ناکرێ و ئەستەمە هیچ کەسێک بتوانێ بەبێ یەکێتی لە کوردستان حوکم بکات.

**ڕووداو: سەبارەت بە ڕێککەوتنی ستراتیژی چی دەڵێی، پێتانوایە شتێک ماوە بە ناوی ڕێککەوتنی ستراتیژی؟**

**دەریاز کۆسرەت:** لە واقیعدا ماوە، بەڵام ئیشی پێناکرێ و دەتوانین بڵێین سەردەمەکەی بەسەرچووە، جیا لەم جۆرە ڕێککەوتنانە پێویستە لە پەرلەمانی کوردستان یاسایەک دەربکەین کە سەرجەم لایەنە سیاسییەکان پابەند بکات بۆ ئەوەی بەهیچ شێوەیەک بەرژەوەندی باڵای گەلەکەمان نەکرێتە قوربانی حیزبایەتی.

**ڕووداو: لەم هەڵبژاردنە پێشبینی چەند کورسی دەکەی بۆ یەکێتی؟**

**دەریاز کۆسرەت:** بەر لە هەر شتێک ئەنجامدانی پرۆسەکە بە شێوەیەکی پاک و بێگەرد لای ئێمە ئامانجی سەرەکییە و هیچ ژمارەیەک ناڵێم، بەڵام دڵنیام ئەمجارە گۆڕانکاری گەورە ڕوودەدات.

**ڕووداو: پاش پێکهێنانی حکومەت تۆ لە پەرلەمان دەمێنیتەوە یان دەکشێیتەوە؟**

**دەریاز کۆسرەت:** من ئەندامی یەکێتی نیشتمانی کوردستانم و سەرکردایەتی حیزبەکەم هەر بڕیارێک بدات پابەند دەبم پێوەی و لەهەر شوێنێک یەکێتی نیشتمانی کوردستان کارم پێ بسپێرێ جێبەجێی دەکەم.

**ڕووداو: پێشبینی دەکەی هیچ کاندیدێکی یەکێتی هەمان ئەو ژمارە دەنگەی تۆ بهێنێ لەم هەڵبژاردنە؟**

**دەریاز کۆسرەت:** بەبڕوای من کێشە کەسەکان نین، گرنگ ئەوەیە بە هەموومان بتوانین دەنگێکی باش بۆ یەکێتی کۆبکەینەوە.

**ڕووداو: ئێستا کارو چالاکییەکانی ڕێکخراوی (ڕێباز فاوندەیشن) خۆی لە چیدا دەبینێتەوە؟**

**دەریاز کۆسرەت:** لە داهاتوودا دەمانەوێ سەنتەرێکی توێژینەوەی زانستی بکەینەوەو ئەو خوێندکارانەی کە دەچنە دەرەوە و پێویستیان بە سەرچاوەی زانستییە هاوکاریان بین، هەروەک دەمانەوێ لەو سەنتەرەدا و لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان پەرە بە ئاستی زانستی بدەین و زانکۆ و توێژینەوەی زانستی ڕۆڵی کارای خۆیان ببینن. تاوەکو ئێستا 252 پرۆژەمان ئەنجامداوە و نزیکەی 65 هەزار کەس لێیان سوودمەندبوون.

سەبارەت بە ستراتیژی ڕێباز فاوندەیشن بۆ ساڵی 2014 نیازمان وایە 40 پرۆژە ئەنجام بدەین لە بوارەکانی (پەروەردە، منداڵان، سپۆنسەرکردنی خوێندکاران، وەرزش، ژنان، گەنجان و لاوان و خزمەتکردنی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە تایبەت لەناوچە دوورە دەستەکان. هەروەها پرۆژەی تایبەتمان هەیە بۆ منداڵانی تووشبوو بە نەخۆشی تالاسیمیا کە تا ئێستا 500 منداڵی تووشبوو لێی سوودمەند بوون. هەروەها بە هاوکاری نەخۆشخانەی پار هەڵمەتێکی پشکنینی شێرپەنجەی مەمکی بێ بەرامبەرمان بۆ خانمان دەستپێکردووەو ماوەی 10 ڕۆژ دەخایەنێت، ئەمە جگە لە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی 5 هەزار نامیلکە سەبارەت بەم نەخۆشییە.

**ڕووداو: نەخۆشخانەی پار (نەخۆشخانەیەکی خێرخوازییە بۆ کەسوکاری شەهیدان) بەڵام ڕەخنەو گلەیی هەیە لەوەی پارەی زۆر لە نەخۆشەکان وەردەگیرێت؟**

**دەریاز کۆسرەت:** ئێمە لە مەراسیمی کردنەوەی ئەم نەخۆشخانەیە ڕامانگەیاند کە نەخۆشخانەی پار نەخۆشخانەیەکی خۆبەڕێوەبەری قازانج نەویستە، لەوساوەش تا ئێستا هەر لەسەر ئەم بەرنامەیە کارمان کردووە و داشکاندنی تایبەتمان هەیە بۆ وارسی شەهیدان و ئەنفالکراوان. لێرەوەش پێتانڕادەگەیەنم کە نرخی چارەسەر لەم نەخۆشخانەیە هەرزانترە لە هەموو نەخۆشخانەکانی دیکە. ئێمەین لەم نەخۆشخانەیە وامانکردووە کە زۆرترین ئەو ئامێرانە بێنینە کوردستان کە لە کوردستان و ناوچەکە نین. لە داهاتووشدا خزمەتگوزارییەکانی نەخۆشخانەکەمان زیاتر بەرەوپێش دەبەین و ئیدی نەخۆشی کورد پێویستی بە دەرەوەی وڵات نابێ بۆ چارەسەری.

هەر لێرەوە دەمەوێ بڵێم کە لە سەرجەم ئەو نەشتەرگەریانەی بۆ چاندنی جگەر ئەنجامدراوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی 25 هەزار دۆلاری دابین کردووە و 80 هەزار دۆلاری لە ئەستۆی نەخۆشخانە بووە. هەر لە سەرەتای کردنەوەی نەخۆشخانەکەش تا ئێستا زیاتر لە 750 خێزانی شەهید و ئەنفالکراو لەم نەخۆشخانەیە چارەسەر کراون و داشکاندنی تایبەتیان بۆ کراوە و وارسی ژمارەیەکی زۆریشیان بەبێ بەرامبەر چارەسەرەکانیان بۆ کراوە.

**حوکمڕانی لە کوردستان بەبێ یەکێتی ئەستەمە**

**لەگەڵ ئەو ڕایە نیم سەرکردایەتی ئێستای یەکێتی بچنەوە ماڵەوە**

**پەیوەندیم لەگەڵ کوڕەکانی نەوشیروان مستەفا هەیە، بەڵام کەمتر یەک دەبینین**

رووداو
هونەری
ژمارە (307) دووشەممە 2014/4/28

## مێژوو دەبێتە پێشکەشکار



**ئەڤین سەلاح – هەولێر**

کچە ئەکتەری لاو "مێژوو جاهید" دەبێتە پێشکەشکاری بەرنامەیەکی منداڵان بە ناوی "کاتێک کە منداڵ بووم" و لە ماوەیەکی نزیکدا لەسەر شاشەی زارۆ تیڤی پێشکەش دەکرێت. مێژوو دەربارەی ناوەڕۆکی بەرنامەکە بە (رووداو)ی گوت "ئەو بەرنامەیە هەر جارێک میوانداری هونەرمەندێک دەکات و هونەرمەندەکە باسی ژیانی سەردەمی منداڵی خۆی دەکات". مێژوو جگە لە کاری پێشکەشکاری دواترین کاری درامایشی بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "ئێستا سەرقاڵی کاری وێنەگرتنم بۆ درامای براوە دۆڕاوەکان". مێژوو جاهید رۆڵی سەرەکی بینیوە لە درامای "رەوتی ژیان" کە لە چەند کەناڵێکی کوردی نمایش دەکرا.



عەزیز وەیسی بۆ (رووداو):

# هێڵی لەڤ
# عەزیز وەیسی دووەمە

## لە یەک رۆژدا لە سێمانی 11500 سیدیم فرۆشراوە

هونەرمەندی گۆرانیبێژ عەزیز وەیسی، جارێکی دیکە بە سمێڵە رەشە گەورەکەیەوە لە ئاهەنگێکی جەماوەریدا کە پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ بانگەشەی لیستەکەی لە شاری هەولێر رێکیخستبوو، دەرکەوتەوە. شەممەی رابردووش بۆ هەمان مەبەست لە شاری بەغدا بوو. وەیسی لەبانگەشەی هەڵبژاردنی رابردوودا دەرنەکەوت، ئەو ماوەیە قسەی زۆر لەسەر وەیسی دەکرا کە گوایە دڵی لە حیزبەکان رەنجاوە بۆیە سەردانی باشووری کوردستان ناکات. عەزیز وەیسی وەڵامی ئەو قسانە و چەند پرسیارێکی دیکە لەم هەڤپەیڤینەدا دەداتەوە.

رێکەوت و ئەڤین
رووداو- هەولێر



ئەگەر سمێڵم لاببەم کەس نامناسێتەوە

تاتلیسەس هەر بە عەزۆ بانگم دەکات

هەوادارانی لایەنێک بە هەڵە لە عەزیز وەیسی گەیشتبوون

**رووداو: ماوەیەکە لە میدیاکان دووریت و دەرناکەویت، بۆچی؟**

**عەزیز وەیسی:** لەڕاستیدا ئەم ماوەیە هەر لە دەرەوە بووم، چونکە لە کریسمسی ساڵی پارەوە گرێبەستم لەگەڵ کۆمپانیای "سێ برا" کرد کە دەبوو ئاهەنگ بۆ کوردی دەرەوە بکەم، هەر لەبەر ئەو هۆکارە بوو لە کوردستان دەرنەدەکەوتم، بەڵام وەک بەرهەم، بەرهەمم هەبووە.

**رووداو: بۆچی تەنیا لە ئاهەنگەکانی پارتیدا دەبینرێی، ئەگەر لایەنێکی دیکە بۆ نموونە گۆڕان و یەکێتی داوات لێبکەن بەشداری ئاهەنگەکانیان دەکەیت؟**

**عەزیز وەیسی:** بە دڵنیاییەوە بەشداری دەکەم ئەگەر بانگم بکەن، چونکە من وەک گۆرانیبێژ بەشدار دەبم و گۆرانی دەڵێم نەک وەک بانگەشە بۆ لیست و لایەنەکان.

**رووداو: پێشتر کوتبووت حیزبەکان بێ وەفا بوون، بەڵام دەبینین بەشداری ئاهەنگی بانگەشەی لیستەکەی پارتی دەکەیت؟**

**عەزیز وەیسی:** من گۆرانیم بۆ هیچ لایەنێک نەگوتووە. ئەوان داوایان لێکردم کە گۆرانییان بۆ بڵێم لەو ئاهەنگە و منیش بە خۆشحاڵییەوە رازیبووم وەک هەموو ئەو گۆرانیبێژانەی دیکە کە گۆرانی دەڵێن.

**رووداو: دەڵێن حیزبەکان پارەت بەسەردا دەبارێنن، راستە؟**

**عەزیز وەیسی:** من پێویستم بە یارمەتی ماددی هیچ لایەنێکی سیاسی نییە. من بەس پێویستم بە جەماوەرە.

**رووداو: دەڵێن عەزیز وەیسی زۆر لە بنەماڵەی بارزانی نزیکە؟**

**عەزیز وەیسی:** ئەوە شەرەفە بۆ من ئەگەر لە بنەماڵەی بارزانی نزیکبم، هیچ شەرەفێک لەوە گەورەتر نییە. من هەموو سەرکردەیەکی کوردم خۆشدەوێت، ئەوەی هەنگاوێک بنێت بۆ سەربەخۆیی کوردستان پێڵاوەکانی ماچ دەکەم.

هەرسەرکردەیەک هەنگاوێک بنێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان پێڵاوەکانی ماچ دەکەم

**رووداو: هەست ناکەیت جەماوەرت کەمتر بووەتەوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی بەشداری لە ئاهەنگ و بۆنە حیزبییەکاندا دەکەیت؟**

**عەزیز وەیسی:** بە پێچەوانەوە ئەگەر جەماوەرم کەمیکردبێ لە رۆژێکدا 11 هەزار و 500 سیدیم نافرۆشرێت لە سلێمانی. بە قەناعەتی خۆم جەماوەری من زیادی کردووە، جاران کە ئاهەنگم دەبوو لە ئەورووپا 400 کەس ئامادە دەبوون، بەڵام ئێستا لە هەزار تێدەپەڕێت.

**رووداو: دوای بەشداریکردنت لە ئاهەنگەکانی هەڵبژاردنی ساڵی 2009 لە لیستی هاوپەیمانی، دەگوترا دەترسای بچیتە سلێمانی، ئەوە تا چەند راستە؟**

**عەزیز وەیسی:** بەڵێ راستە ئەو کاتە خەڵکانێک وا تێگەیشتن کە من سەر بە لایەنێکم، بەڵام من سەر بە هیچ لایەنێک نیم و تەنیا هونەرمەندێکم و گۆرانی بۆ جەماوەر دەڵێم، ئەو کاتە هەوادارانی لایەنێک بە هەڵە لە عەزیز وەیسی گەیشتبوون.

**رووداو: کلیپەکانی ئەم دواییەت زۆر جیاوازن لەوانەی پێشوو، زیاتر ستایلێکی بیانی پێوە دیارە، چۆن بوو بیرت لەو ستایلە کردەوە؟**

**عەزیز وەیسی:** من جگە لە گوێگری کورد، گوێری فارسیشم هەیە. هەر بۆیە دەبوو کارێک بکەم کە هەردوولا بەلایانەوە جوان بێت و قبوڵی بکەن، بۆیە ئێستا کلیپەکانم لە کەناڵی PMC دادەبەزن، ئەوەش بۆ من مایەی خۆشحاڵییە.

**رووداو: دەڵێن سمێڵەکەت بووەتە لۆگۆی تۆ؟**

**عەزیز وەیسی:** ئەگەر هەر کەناڵێک بۆ نموونە رووداو لۆگۆکەی لاببات کەس نازانێت چ کەناڵێکە، منیش سمێڵم بووە بە لۆگۆیەک بۆ ناساندنم، ئەگەر لایببەم کەس نازانێ عەزیز وەیسیم.

**رووداو: هێڵی لەڤ لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ (رووداو) دەڵێت زۆر حەزی لە ستایلی تۆیە، تۆ لەوبارەیەوە دەڵێی چی.**

**عەزیز وەیسی:** زۆر سوپاسی دەکەم و دەڵێم هێڵی لەڤ عەزیز وەیسی دووەمە.

**رووداو: ئامادەی دوێتی لەگەڵ بکەی؟**

**عەزیز وەیسی:** بە دڵنیاییەوە ئامادەم، ئەگەر ئەو حەز بکات من بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە دوێتی لەگەڵ دەکەم.

**رووداو: تۆ ئاشنایەتیت لەگەڵ تاتلیسەس هەیە، تەقە لێکردنەکەی تا چەند کاریگەری لەسەر تۆ هەبوو؟**

**عەزیز وەیسی:** ئەگەر منداڵی خۆشم بووایە ئەوەندە پێم ناخۆش دەبوو، چونکە ئیبراهیم یەکێکە لە دۆستە نزیکەکانم و هەمیشە بە "عەزۆ" بانگم دەکات.

**رووداو: پرۆژەی داهاتووت چییە؟**

**عەزیز وەیسی:** لەگەڵ کۆمپانیایەک گرێبەستم کردووە کە 16ی مانگی داهاتوو دەچم بۆ ئوستراليا و لەوێ ئاهەنگ سازدەکەم، جگە لەوە گۆرانییەکم بەناوی "نەشمین" تەواو بووە کە گۆرانییەکی هەورامییە، کاری کلیپم لە شارەکانی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کردووە و لە ماوەیەکی نزیکدا بڵاوی دەکەمەوە.

**رووداو: رات چییە لەسەر تۆڕی میدیایی رووداو؟**

**عەزیز وەیسی:** کۆمەڵێک کەناڵی باشمان هەیە، بەڵام لەلای من بەڕاستی رووداو یەکەمی بێ رکابەرە.

**رووداو: ئەی لەگەڵ وەرزش چۆنی. ریاڵیت یان بەرشەیی؟**

**عەزیز وەیسی:** کاتێک یانەیەکی کوردیم هەبێ، بەرشەلۆنە و ریاڵ چین، ئەوە نییە یانەی هەولێر و دهۆک و سلێمانی هەن، ئەو یانانە بە سەت یانەی وەکو بەرشلۆنە و ریاڵ مەدرید ناگۆڕمەوە.

# تەنیا خەونی هونەرمەندانی رۆژهەڵات نەهاتووەتە دی


ناسر رەزازی


نەجمەی غولامی


میکایل

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**رووداو- سلێمانی**

تاوەکو ئێستا گۆڕانکارییە سیاسی و نێودەوڵەتییەکانی ناوچەکە نەیتوانیوە دڵی هونەرمەندانی رۆژهەڵاتی کوردستان خۆشبکات و هیوایەکیان بۆ پەیدا بکات، چونکە خەریکە بەتەنیا دەمێننەوە لە رۆژگاری ئاوارەییدا.

هونەرمەندانی باکوور و باشوور و رۆژئاوای کوردستان ئەو رۆژانەیان تێپەڕاند کە سیدی و کاسێتەکانیان بەقاچاخ دەناردەوە بۆ نیشتمان، بەڵام رۆژهەڵاتییەکان ئێستاش بەسەر و ریشی سپییەوە، هەمان خەونی 30 ساڵ لەمەوبەریان هەیە.

ئەو ساڵەی میکایل رۆژهەڵاتی کوردستانی جێهێشت هونەرمەندێکی گەنج بوو، بەڵام ئێستا کە خەون بە گەڕانەوە بۆ رۆژهەڵات و کۆنسێرتێک لە شاری مهابادەوە دەبینێ، سەر و ریشی سپی بووە. ئەو هونەرمەندە ئێستا خۆی بە ئاوارە و غەریب نازانێ پاش ئەوەی دەستبەرداری ژیانی رۆژئاوا بووە بۆ ئەوەی لە نیشتمانی خۆی لە باشووری کوردستان بژیت، هەرچەندە هێشتا باشوور ناتوانێ ژیانە رۆژهەڵاتییەکەی خۆی بۆ قەرەبوو بکاتەوە.

میکایل گوتی "خۆم و گۆرانییەکانم بە موڵکی کوردستان دەزانم، لە کوردستانی گەورە و دونیا، بەڵام سەرباری ئەوانە، خەون بەوەوە دەبینم رۆژێک بتوانم بگەڕێمەوە بۆ لای بیرەوەرییەکانی منداڵی لە شاری مهاباد، جارێکی دیکە هەنگاو بەهەنگاوی ئەو کوچە و کۆڵانانە تەی بکەم کە ئێستا خەون بە بینینەوەیان دەبینم، دواتریش لەوێ گۆرانییەک بۆ منداڵانی دوێنێ و نەوەکانی ئەمڕۆ بڵێم".

ساڵانێکی زۆر میکایل لە ئەورووپا دەژیا، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا کەڵکەڵەی گەڕانەوە بۆ باشووری کوردستان کەوتە مێشکی و هاتەوە و ئێستا لە سلێمانی نیشتەجێیە "خەونمە رۆژگارێک بێت کۆنسێرتێکی گەورە لە چوارچرا یان لە یاریگای شاری مەهاباد ساز بکەم و ببینم خەڵکەکەم چۆن تامەزرۆی گۆرانییەکانمن، هەرچەند بمرم لە نیشتمانی خۆم دەمرم، بەڵام خەمی هەرە گەورەم ئەوەیە چاوەکانم بەپیریش نیشتمانە بەجێماوەکەم نەبینێتەوە". لەپاڵ ئارەزووی بۆ سازدانی کۆنسێرت لەسەرجەم شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، میکایل ئارەزووی گەڕانەوەی بۆ شاری مەهاباد وا دەربڕی.

پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا، هونەرمەندێکی وەکو شڤان پەروەری بە زێدی خۆی شاد کردەوە، شۆڕشی گەلانی سووریا، بووە دەرفەتێک بۆئەوەی دوای 15 ساڵ دوورە وڵاتی، هونەرمەندێکی وەکو زوبێر ساڵح بگەڕێتەوە زێدی خۆی، ئەگەر بە نهێنیش بێت. خەونی هونەرمەندێکی کۆچکردووی وەکو محەممەد جەزاش لە دوای راپەڕینی بەهاری 1991 هاتەدی. ئایا تۆ بڵێیت خەونەکەی ناسر رەزازیش بێتە دی.

ناسر رەزازی و مەرزیەی هاوسەری کۆچکردووی ساڵانێکی زۆری ژیانیان بە پێشمەرگایەتی لە شاخ و دۆڵەکانی کوردستان بەسەر برد، دواتریش روویانکردە سوێد. بەڵام چەند ساڵێک لەمەوبەر بڕیاریاندا بە یەکجاری بگەڕێنەوە باشووری کوردستان. ئێستا ناسر لە شارۆچکەی دوکان لە سلێمانی نیشتەجێیە.

ناسر، هەمان تامەزرۆیی میکایلی هەبوو بۆ گەڕانەوە، وەک خۆی باسیکرد، تاوەکو ئێستاش شەو نییە خەون بەشار و گوندەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە نەبینێ. لەگەڵ دەربڕینی هەر رستەیەکدا کە باسی گەڕانەوەی بۆ زێدی لە دایکبوونی دەکرد، لە روخساریدا هەستت بەحەسرەتێک دەکرد کە ئەم هونەرمەندە سەرو ریش سپییە، تامەزرۆییەکی بێسنووری هەیە بۆ گەڕانەوە سەرەتایەک کە هەموو شتێکی لەوێوە دەستپێکرد، ئەویش زێدی لەدایکبوونیەتی "من خەونەکانم هەمووی نیشتمانی بێت، چلۆن شەیدای گەڕانەوە نیم کە لەوێ بە ئاوازەکانم لە کۆنسێرتێکدا باوەش بە خەڵکەکەمدا بکەم".

رەزازی، هەر ئەو رۆژە لە گەشت گەڕابووەوە لە سوید، ماندووبوونی پێوە دیاربوو، بەڵام لە ماوەی ئەو کاژێرەی گفتوگۆمان لەگەڵ کرد، گەر ئێمە نەماننناسیبایە، کەس نەیدەزانی هونەرمەندە، چونکە قسەکانی ئەوەندەی بە قسەی سیاسییەک دەچوو، هێندە وەک هونەرمەندێک نەدەبینرا، پێدەچێت هۆکارەکەی پەیوەندی بەوەوە بێت کە رۆژانێکی درێژ لەپاڵ هونەرەکەیدا وەک سیاسییەک کاری کردووە، هەر بۆیە دەیگوت "من بە ئازادی نەبێت ناگەڕێمەوە بۆ سازکردنی کۆنسێرت و گۆرانی".

خەونی گەورەی رەزازی ئازادییە بۆ چوار پارچەی کوردستان، خەونی دیکەشی گەڕانەوەیە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام ئەو دەڵێ "کە دەبینم هەنگاوەکانی تەمەنم بەهێمنی دەڕۆن و نزیک دەبمەوە لەماڵئاوایی لە ژیان، خەممە جارێکی دیکە خۆم و گۆرانییەکانم نیشتمانی لە دایکبوونم نەبیننەوە".

هەروەها دەڵێت "من بەئازادی نەبێت ناگەڕێمەوە بۆ سازدانی کۆنسێرت لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەگەر دەوڵەتی ئێرانیش رێگەم بدات ناگەڕێمەوە کۆنسێرت بکەم لەکاتێکدا زیندانەکان پڕبن لەلاوانی کورد".

ڕووداو

ژمارە (307) ... ەممە 2014/4/28


## "لە تاراوگە کورد 3-2 کورسی بەدەستدێنێت"




**ڕووداو- ئەڵمانیا**

هێمن هەورامی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی و بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەو پارتە، کە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنی لیستی حیزبەکەی لە وڵاتانی ئەوروپا دەگەڕا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "مەزەندە دەکەین، 2-3 کورسی بەهۆی ڕەوەندی کوردی بەدەستبهێنین". لەبارەی نەبوونی هیچ خاڵێک لەنێو بەرنامەی پارتیدا بۆ ڕەوەندی کورد، هێمن هەورامی گوتی "ئەم هەڵبژاردنانە زیاتر پەیوەندییان بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە. بەڵام ئێمە ئەو بەڵێنە بە ڕەوەندی کوردی دەدەین کە پارێزەری مافەکانیان بین، بۆ ئەو مەبەستەش فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، سەرقاڵی ئامادەکردنی پڕۆژە یاسایەکە بەناوی ڕەوەندی کورد لە دەرەوە- ئەرک و ماف".

# کوردێکی سوێدی لەگەڵ ڕامبۆ ڕۆڵ دەبینێ




**شاد محەممەد**
**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

کوڕە گەنجێکی کوردی تاراوگەنشین کە دانیشتووی شاری ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێدە، دوای سەرکەوتنی لە کاری نواندن، بۆ بەشداریکردن لە فیلمێکی هۆڵیود بە پاڵەوانێتی ئەکتەری بەناوبانگی بواری فیلمی ئەکشن، سیلڤستەر ستالۆن (ڕامبۆ) هەڵدەبژێردرێ.

گۆران ئەسعەد، لەدایکبووی ساڵی 1984 و خەڵکی باشووری کوردستان کە خێزانەکەی لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ڕوویان لە سوێد کردووە، لەساڵی 2006وە دەستی بە کاری نواندن لە بواری کۆمیدیا کردووە و بووەتە یەکێک لەو سێ گەنجە سوێدییەی کە زۆر ناسراون لە بواری کۆمیدیا.

بەهۆی پاراستنی نهێنییەکانی کۆنتراکتەکەی، هیچ لایەنێکی فیلمەکە و ڕۆڵی ئەو لە فیلمەکەدا بۆ میدیاکان ئاشکرا نییە،

بەڵام لە لێدوانەکانیدا بۆ میدیای سوێدی، گۆران باسی ئەوەی کردووە کە مەرج نییە ڕۆڵێکی سەرەکی هەبێت.

بەڵام سارا شان، کە شارەزایەکی سینەمای سوێدییە، بە (ڕووداو)ی گوت "دیاریکردنی ئەکتەر بۆ فیلمەکانی هۆڵیود لەدوای چەندین تاقیکردنەوە و لێکۆڵینەوە دێت". گوتیشی "گۆران ئەسعەد بەهەموو ئەو قۆناغانەدا ڕۆیشتووە".

ئەسعەدی باوکی گۆران بە شانازییەوە باسی کوڕەکەی دەکات و دەڵێت "چوونی گۆران بۆ ئەمریکا وێستگەیەکی تازەی ژیانی ئەوە". گوتیشی "دوای تەواوبوونی کارەکە، ناگەڕێتەوە و بۆ ماوەیەکی درێژ لە ئەمریکا قۆناغێکی نوێی ژیانی هونەری بەسەردەبات".

گۆران ئەسعەد، یەکێکە لەو سێ برایەی کە پێشتر دوویان لەسەر ئاستی سوێد بوونە یەکەم و دووەمی پاڵەوانێتی بواری تایکواندۆ و دواتر ئەرکانی برا گەورەیان بووە یەکێک لە نووسەرە گەنجە هەرە بەناوبانگەکانی سوێد و سێ جار لەدوای یەک خەڵاتی باشترین نووسەری ساڵی وەرگرت.

گۆرانیش دوای وازهێنانی لە تایکواندۆ، لە ساڵی 2006 لە ڕادیۆی سوێد و پاشان بۆ تەلەڤزیۆنی سوێد و شانۆ تایبەتەکان دەستی بە کار کرد.

باوکی گۆران دەڵێت، کوڕەکانی هەر لە منداڵییەوە حەزیان بە کاری دراما و فیلم هەبووە و لەماڵەوە چەندین جار بە ڤیدیۆ کاریان کردووە.

لە ڕاپۆرتێکی کەناڵی یەکی تەلەڤزیۆنی فەرمیی سوێد، فیلمی ڤیدیۆیی سێ براکە کە لە تەمەنی 5-6 ساڵی لە ماڵەوە بەرهەمیان هێنابوو، بڵاوکرایەوە و وەک سەرەتای خەونی سێ منداڵەکە وەسفکرا کە دواجار بوونە سێ پاڵەوان و ئێستا سوێد بە دنیا دەناسێنن. سەرەتای کارەکانی گۆران دەگەڕێتەوە بۆ نواندنی قوتابخانە و دواتر لە ڕێگەی ڕادیۆ و چەندین دامەزراوەی دیکە، بووەتە پاڵەوانی ئەو بوارە و بە یەکێک لە کەسایەتییە سیمبولییەکانی کۆمیدیا لە سوێد دەناسرێت و لاسایی دەکرێتەوە.

سوێد بە دووەم وڵات لەڕووی زۆریی ژمارەی تاراوگەنشینانی کورد و یەکەم لەڕووی دانیشتووانی کوردی باشوور دادەنرێ. ژمارەی کوردی ئەو وڵاتە 100 بۆ 150 هەزار کەس دەبێت و نزیکەی 75 هەزار لەوانە هاووڵاتی سوێدین. کوردی ئەو وڵاتە خەڵکانێکی زۆر کاراو ناسراویان تێدایە و بە یەکێک لە جالییە کاراکانی ئەو وڵاتە ناسراون. گۆرانیش نموونەیەکی زیندووی ئەو بوارەیە.

بڵاوبوونەوەی هەواڵی ڕۆیشتنی بۆ ئەمریکا و بەشداریکردنی لەگەڵ ڕامبۆ، بووە مانشێتی زۆر لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتە.

---

### لە فێستیڤاڵی سەمای مۆسکۆ

# گەنجێکی کورد نوێنەرایەتی سوێد دەکات

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

بە بەدەستهێنانی پلەی یەکەم لەنێو 10 یەکەمەکان، گەنجێکی کورد وەک نوێنەری گەنجانی سوێد، بەشداری لە فێستیڤاڵی جیهانی سەمای لاواندا لە مۆسکۆ کرد.

دێنیز محەممەد، 18 ساڵ، لەدایکبووی باشووری کوردستان کە لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردووەوە لەگەڵ خێزانەکەی ڕووی لە سوێد کردووە، توانی ببێتە جێی بایەخی میدیای سوێدی.

دێنیز کە لە قۆناغی ئامادەییە، جگە لە زمانی سوێدی، بە ئاستێکی باش زمانەکانی ئینگلیزی و فارسی دەزانێت و توانیویەتی بە باشی زمانی کوردی وەک زمانی دایکی بپارێزێت.

ئەو جگە لە کۆرسەکانی دیکەی لە بواری هونەری، دوای برینی 7 کۆرسی بواری سەما، لەسەر بنەمایەکی زانستی و پرۆفیشناڵ قۆناغەکانی سەمای بڕیوە و بەهۆی سەرکەوتوویی لە کۆرسەکان، لە دانی هەزاران کرۆن بەخشراوە و بەشداری دەیان کۆرسی جیهانی پێکراوە.

سارا محەممەد دایکی دێنیز بە (ڕووداو)ی گوت "سەرفرازم بەوەی شەرەفی نوێنەرایەتی وڵاتێکی وەک سوێد بە کوڕەکەم بەخشراوە". سارای دایکی دێنیز کە هاوکات چالاکڤانێکی بواری ئافرەتانە، بەرەوڕووی ڕەخنەی ئەوە بووەتەوە لەلایەن سوێدییەکانەوە کە پاشگری محەممەدی بەخۆی و منداڵەکانی داوە لە کاتێکدا پیاوێکی سویدی هەیە و لای کوردەکانیش بەوە ناسراوە کە دژایەتی ئیسلام و کەلتووری کوردی دەکات. ئەو دەڵێت "شوناس چی بێت هەر ئەوەیە و من قەت پاشگری محەممەد بۆ خۆم و منداڵەکانم ناگۆڕم". گوتیشی "دێنیز و خوشکەکەشی بەهەمانشێوە شانازی بەوەوە دەکەن".

دێنیز و دالیای خوشکی دوو قوتابی گەنجی ئەو وڵاتەن و لە بواری خوێندنەکەیان زیرەکن و خۆی خەریکی سەما و دالیای خوشکیشی خەریکی بواری ئەسپسوارییە.

دێنیز دەڵێت "خۆشحاڵم بەوەی کە لە یەکەم پاڵەوانێتی سوێد، بۆ ئەو فێستیڤاڵە من نوێنەرایەتیم کرد". لەبارەی چۆنێتی بەشداریکردنەکەش گوتی "بەچەند قۆناغێک و دوای برینی چەندین کێبڕکێ گەیشتمە ئەو ئاستە".




# جۆرجیا ژمارەی ڕاستەقینەی کورد دەشارێتەوە



**ساڵحی کەڤریڕی**
**ڕووداو- تبلیسی**

کەسایەتییە کوردەکانی جۆرجیا دەڵێن کاربەدەستانی ئەو وڵاتە لە سەرژمێرییەکانیاندا ژمارەی ڕاستەقینەی کورد لە جۆرجیا ئاشکرا ناکەن و لە هەندێک سەرژمێریشدا کورد و ئێزدی بە دوو نەتەوەی جیاواز تۆمار کراون.

جۆرجیا یەکێک لەو وڵاتانەیە کە بۆ ساڵانێکی درێژ پەناگە و داڵدەدەری کورد بووە.

ئەو کوردانەی لە سەدەی هەژدەهەمدا ژمارەیان چەند هەزار کەسێک بووە و لەبەر هۆکاری سیاسی، ئاینی و کۆمەڵایەتی هەڵاتبوون، ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەیان زیاتر بووە. بەڵام لەبەرئەوەی دوایین سەرژمێری بۆ کورد لە سەردەمی یەکێتی سۆڤیەتدا کراوە، ژمارەی ئەوان لەو وڵاتە بەتەواوی نازانرێ.

بەپێی سەرژمێری ساڵی 1989، ژمارەی کوردی لەو وڵاتە نزیکەی 33 هەزار کەس بووە. بەڵام ڕۆژنامەنووس پێرسکێ محۆیی یەکێکە لەو کوردانەی کە هەردەم گلەیی هەبووە لە سەرژمێرییە فەرمییەکانی حکومەت و پێیوایە دەسەڵاتداران هەمیشە هەوڵیانداوە ژمارەی کورد کەمتر پێشانبدەن. دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، زەحمەتییەکانی کورد زۆرتر بوون لەو وڵاتانەی پێشتر لە چوارچێوەی ئەو یەکێتییەدا بوون.

پیر دیمای، کەسایەتی بەناوبانگی کۆمەڵگەی کوردی جۆرجیا، باسی ئەو زەحمەتیانەی کورد دەکات "دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت گەلانی بچووک بەهۆی تێکچوونی ڕەوشی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی ناچاربوون لە جۆرجیا دەربچن. چونکە حکومەتێکی نوێ هاتبووە سەر دەسەڵات، بەشێوەیەک ڕەفتاری دەکرد کە هەر کەسێک جۆرجی نەبێت، میوانە لەم وڵاتە. بۆیە زۆر کەس بەهۆی ئەو سیاسەتە جۆرجیایان جێهێشت و ڕوویانکردە وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپا و ڕووسیا."

ساڵی 2008 ڕێگەی پۆڵۆنیا لەبەردەم هاووڵاتیانی جۆرجیا دەکرێتەوە. ئەمەش کۆچکردنی کورد بۆ ئەو وڵاتە زیاتر دەکات. دوای ڕووخانی ڕژێمی سۆسیالیستی لە جۆرجیا، دووبارە سەرژمێری دەکرێت. بەپێی سەرژمێری ساڵی 2002 ژمارەی کورد لە جۆرجیا 22 هەزار کەسە.

بەپێی زانیارییەکانی پیر دیما، یەکەم سەرژمێری کورد لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیادا ئەنجامدراوە "لە سەرژمێرییەکی کۆتایی سەدەمی نۆزدەهەمدا، واتە لەسەردەمی ڕووسیای قەیسەری، ئێزدی و کورد بەجیا تۆمار کراون و ژمارەیان لە چەند هەزارێک زیاتر نییە. دواتر چەند سەرژمێرییەک لەسەردەمی سۆڤیەتدا ئەنجام دەدرێن. لەو سەردەمەشدا هەندێکجار ئێزدی و کورد وەکو دوو گەلی جیاواز تۆمار کراون و هەندێک جاریش پێکەوە".

پیر دیما ڕۆژهەڵاتناس و زانایەکی ئاینی و شارەزایەکی مێژووی ئێزدییەکانە و لە تبلیسی لەدایکبووە. باب و باپیرانی خەڵکی گوندی هەجەلیای سەر بە شاری وانی باکووری کوردستانن و لەبەر زوڵم و گوشار ڕوویانکردووەتە قەفقاسیا و لە جۆرجیا نیشتەجێبوون.

پیردیما دەڵێت "لەشکری حەمیدییە زیانێکی زۆریان بە ئێزدی و ئەرمەنەکان گەیاند و ئێزدییەکانیش بەر ئەو شەپۆلە کەوتن. ساڵی 1914 ئێزدییەکانی ناوچەی وان بە ڕێنوێنی جانگیر ئاغای کوڕی خەتیب ئاغای خەڵکی قەزای مورادییە ناچار دەبن ڕووبکەنە ڕووسیا، جانگیر پێیوابوو ئەگەر بپەڕنەوە بۆ ڕووسیا، ئەوە چاوشینەکان ڕزگاریان دەکەن، ئەوان بە ڕووسەکانیان دەگوت چاوشین".

بەپێی زانیارییەکانی پیر دیما یەکەمجار کورد و داگیرکەری عەرەب پێکەوە دەربازی جۆرجیا و قەفقاسیای ئەمڕۆ دەبن. واتە بوونیان لەو ناوچەیە بۆ 1200 ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

دیما دەڵێ کورد لە سەدەی هەشتەمدا ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەبووە لە دەسەڵاتداری جۆرجیادا "بەگشتی و بەپێی سەرچاوەکان یەکەمجار لەسەردەمی داگیرکردنی جۆرجیا لەلایەن عەرەبەکانەوە باسی کورد کراوە.

سەرچاوە ئەرمەنی و جۆرجییەکان لەناوچەکە ئاماژە بە دەوڵەتی شەدادی و ڕەوادی دەدەن. میرنشینی شەدادی و ڕەوادی لە قەفقاسیا پەیدابوونە و ئانی، گەنجە و دڤین ناوەندی ئەو میرنشینانە بوون."

## سەرلەشکری تامارا دوو برای کورد بوون

لە سەدەی 12 دوای ڕووخانی میرنشینی شەدادی، چەند بنەماڵەیەکی کورد دەچنە جۆرجیا و لەوێ دەبنە مەسیحی. دواتر دوو ڕۆڵەی ئەو بنەماڵانە کە کوری سەرکیس بوون، دەبنە سەرلەشکری پاشای جۆرجیا کە ناوی جۆرجی بووە. دوای مردنی جۆرجی تامارای کچی لەسەر تەختی شانشینی دادەنیشێت. پیر دیما ئاماژە بە سەرچاوە مێژووییەکان دەدات و دەڵێ دوو برای کورد سەرکردایەتی سوپای تامارا دەکەن. ئەوان دەیانزانی کە بەڕەچەڵەک کوردن، بەڵام خزمەتی دەوڵەتی جۆرجیایان کردووە.


FALCON GROUP
Falcon Group is a wholly owned and operated Iraq corporation focused on the reconstrction of the Kurdistan region and maintenance of critical infrastructures
Falcon Group is comprised of several companies, including
- Falcon Security
- Falcon Construction
- Falcon Agriculture
- Falcon Oil & Gas
- Falcon Batch Plant
- Falcon Demining
- Falcon German Trading
- Falcon Transportation
- Falcon Logistics
- Full Service
- Brayati Construction
- Quesco Turbo Machinery Services
Contact us:
Iraq - Erbil Empire World
Empire Business Complex C3
Tel: 00964 66 258 6008 - 00964 66 258 6009
Email: info@falconiraq.com

TOYOTA
بە دڵنیایی

# ببە بەخاوەنی تۆیۆتای خۆت
# بە قیستی مانگانەی گونجاو

مۆدێل و ڕێژەی ئۆتۆمبیلەکان پابەندە بە ژمارەی ئۆتۆمبیلی بەردەست.




| | پێشەکی | 3 ساڵ |
|---|---|---|
| LAND CRUISER Hardtop 2dr 2013 | $8,288 | $849 |
| HIACE Van 2013 | $5,788 | $858 |
| LAND CRUISER MT G9 V6 2013 | $8,538 | $878 |
| FORTUNER 4x2 2014 | $7,138 | $730 |
| COROLLA XLi 2014 | $5,175 | $520 |




ئۆتۆمبێلی خەونەکانت بکڕە بە قستی مانگانەی بچووک کە گونجاوە لەگەڵ هەموو بودجەیەك. ئۆتۆمبێلەکەت هەڵبژێرە، قیستی مانگانەکەت هەڵبژێرە و ئۆتۆمبێلە تازەکەت لێیوخرە! خێراکە و سەردانی نزیکترین پێشانگای ساز بکە. ئەم ئۆفەرە بەردەوامە تا ئۆتۆمبێلەکان مابێت.
ڕەزامەندی و ژمێرکاری پابەندە بە ڕەزامەندی بانك.

A MEMBER OF
Sardar GROUP

TOYOTA GENUINE PARTS | TOYOTA QUALITY SERVICE | TOYOTA ACCESSORIES

٣ ساڵ یان ١٠٠،٠٠٠ کم
گەرەنتی تۆیۆتا

www.sasiraq.com
toyotasales@sasiraq.com
/ToyotaSASIraq

| | فرۆشتن | خزمەتگوزاری |
|---|---|---|
| هەولێر | 0750 541 1111 | 0750 856 8882 |
| دهوك | 0750 352 2222 | 0750 856 8881 |
| سلێمانی | 0750 563 3333 | 0770 449 8882 |
| بەغداد | 0780 540 0555 | 0780 150 8882 |

SAS ساز لخدمات المركبات ذ.م.م
AUTOMOTIVE SERVICES CO L.T.D

هەولێر: شەقامی ١٠٠ مەتری بەرامبەر بەڕێوبەرایەتی پاسپۆرت | دهوك: ڕێگای زاخو، تەنیشت نەفرو سیتی | سلێمانی: تاسلوجە، شەقامی سەرەکی سلێمانی - کەرکوك | بەغداد: ڕێگای سەرەکی محمد قاسم، دوای مزگەوتی نیداء






Empire World
Building the Future

## تاوەرەکانی ئیمپایر دایموند
شوقەی نایاب
ئێستا ئامادەیە بۆ فرۆشتن

Call: 0750 640 8811-8822-8833
www.empireiraq.com

روودو
ژنان
ژمارە (307) دووشەممە 2014/4/28

## ژنێک بە دەستی براکەی دەکوژرێت



**روودا‌و-فورات نیوز**

لە ڕۆژئاوای کوردستان، ژنێکی تەمەن 26 ساڵ لەلایەن برایەکییەوە کوژرا، ئەو ژنە ناوی (ک.ئ) بوو دانیشتووی شاری دێرکە لە ڕۆژئاوای کوردستان لە ژێر ناوی نامووس کوژرا. ئەو ژنە لە درەنگانی شەوی 2014/4/20 کوژراوە، بەپێی لێکۆڵینەوەی پزیشکی ئەو ژنە بە گوللەی دەمانچە کوژراوە و گوللەکە بەسەری کەوتووە، برای ئەو ژنە لە دوای کوشتنی خوشکەکەی خۆی رادەستی ئاسایشی ناوچەکە کردووە.

بەپێی توێژینەوەیەک:

# لە پێنج ئافرەتی پەنابەر لە کوردستان یەکێکیان پارەی پێشکەش کراوە بۆ سێکس

**54%ی ژنە پەنابەرەکانی کوردستان لە تانەی سێکسی دەترسن**



(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

**ساڵح قادر**
**روودا‌و- هەولێر**

"ئێمە هەمیشە بێدەنگین"، ئەوە ناونیشانی توێژینەوەیەکە لەسەر رەوشی ژنانی ڕۆژئاوای کوردستان لە باشوور. توێژینەوەکە دەریدەخات کە ئەو ژنانە سەربازی زەحمەتییەکانی ژیانی ئاوارەیی، لێرە رووبەڕووی چ سووکایەتی و دەستدرێژییەک دەبنەوە.

توێژینەوەکە زیاتر تیشکی خستووەتە سەر توندوتیژی لەسەر بنەمای جیاوازیی رەگەز لە نێوان پەنابەرانی ڕۆژئاوا لە هەرێمی کوردستان. بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکەش ئەو ژنانە تەنانەت لەلایەن ئەو هێزە ئەمنیانەی پاسەوانی لە کەمپەکان دەکەن و لەلایەن کارمەندانی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیشەوە رووبەڕووی دەستدرێژی و تەحەرووشی سێکسی دەبنەوە.

د.سەمیرە ئەلتەویجری، بەڕێوەبەری هەرێمی وڵاتە عەرەبییەکان لە نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئافرەتان لە پێشەکی توێژینەوەکەدا دەڵێت لە هەموو جیهاندا ژنان و کچانی پەنابەر دەناڵێنن بە دەست هەموو جۆرە توندوتیژییەکی سێکسی لەسەر بنەمای جیاوازیی رەگەز.

د.سەمیرە هەرچەندە خەڵکی هەرێمی کوردستان بە میواندۆست وەسفدەکات و هەر ئەوەش وایکردووە کە رەوشی پەنابەرانی هەرێمی کوردستان کەمتر ببێتە جێی قسە لەسەرکردن بە بەراورد بە رەوشی پەنابەرانی سووریا لە وڵاتانی دیکە، بەڵام دەڵێت "تەنانەت لە ژینگەیەکی میوان دۆستیشدا، ژیانی ژنانی پەنابەر بە قورسی دەمێنێتەوە بە تایبەتی لاوازەکانیان".

ئەو توێژنەوەیە کە لەلایەن نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئافرەتان لە مانگی ئەیلول و ئابی 2013 کراوە، راپرسی لە نێو کەمپەکاندا کردووە و بۆچوونی 830 پیاو و 830 ژنی وەرگرتووە. لەگەڵ 6 چاوپێکەوتنی زانیاری بەخشی سەرەکی و 6 گفتوگۆی چڕی بە کۆمەڵ.

### 47%ی پەنابەران ژنن

نووسینگەی دەسەڵاتپێدراوی بەرزی نەتەوە یەکگرتووەکان تێبینی کردووە کە توندبوونی ململانێی چەکداری لە کانوونی یەکەمی 2013دا یەکێک لە گەورەترین شەپۆلەکانی کۆچی پەنابەرانی لە مێژووی نوێدا دروستکردووە.

بەپێی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان 224 هەزار و 356 پەنابەری سووری روویان لە عێراق کردووە و لەو ژمارەیەش 97%یان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانن.

زۆربەی ئەو پەنابەرانەی لە هەرێمی کوردستانن کوردن و 43%یان لە کەمپەکاندا دەژین. هەر بەپێی ئامارەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان 47.5%ی پەنابەرە تۆمارکراوەکان لە رەگەزی مێن.

### "تاوانباران لەناو ئاژانسە مرۆییەکانیشدا هەن"

لە هەرێمی کوردستان تێبینی ئەوە کراوە کە ژنە پەنابەرەکان رووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە لەسەر بنەمای جیاوازیی رەگەز، ئەویش بەهۆی کەموکوڕی لە شوێنی نیشتەجێبوونی شیاو، سەلامەتی، قەرەباڵغی، نەبوونی هەلی کار و خوێندن.

زۆربەی ئەو ژنانە کە بۆ ئەو توێژینەوەیە قسەیان لەگەڵ کراوە، دەڵێن دوای ململانێکەی سووریا، زیاتر لە جاران توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێت، بەتایبەت ئەو ژنانەی مێردەکانیان بێکارن.

هەروەها کچانی گەنج لەوە دەترسن بە زۆر بدرێن بەشوو. ئەوانەشی لە دەرەوەی کەمپەکان کار دەکەن دەڵێن دووچاری سەغڵەتکردنی سێکسی دەبنەوە لەلایەن خاوەن کارەکانیان و ئەو شوفێری تاکسیانەی هاتوچۆیان پێدەکەن. هەندێکیش رایانگەیاندووە کە ژن و کچ دەناسن لە ناوەوە و دەرەوەی کەمپ خەریکی کاری لەشفرۆشین.

ئەوانەی توندوتیژی دژی ژنان دەکەن لەسەر بنەمای جیاوازیی رەگەزی بریتین لە کەسوکار، خاوەنکار، شوفێری تاکسی و کارمەندی حکومی، کۆچبەر، کرێکاری بیانی "تەنانەت تاوانباران لە نێو ئاژانسە مرۆییەکانیشدا هەن" ئەمە بەپێی توێژینەوەکە.

### تەحەڕوشی بەربڵاو

باوترین شێوازی توندوتیژی سێکسی کە بە ئامادەکارانی ئەو توێژینەوەیە راگەیێنراوە سەغڵەتکردنی سێکسیە. کە پیاوە پەنابەرەکان و کەسانی سەر بە نەتەوەکانی دیکە لە ژنانی پەنابەر نزیک دەبنەوە، بە تایبەتی کە لە شوێنە گشتییەکان بە تەنیان و لە تاکسی و شوێنی کارکردنن.

ئەو پیاوانە بە بەردەوام داوای "پەیوەندی نەشیاو"، "خزمەتگوزاری سێکسی" و ژمارە تەلەفۆنەکانیان لێدەکەن. لە هەمانکاتدا تێبینی نەویستراو دەدەن لەسەر جەستە و روخساری ژنان.

زۆر لەو ژنانەی لە دەرەوە کار دەکەن دەڵێن پیاوی رەگەزنامەی جۆراوجۆر لێیان نزیک دەبنەوە و پێیاندەڵێن "دەزانین تۆ خەڵکی سووریایت، پارەمان هەیە".

ژنێک بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە و گوتی "شوفێری تاکسیەکە نەیبردم بۆ ئەو شوێنەی ویستم بڕۆم بۆی، بردمی بۆ شوێنێکی دیکە، کە پیاوی لێبوو، لە سەیارەکەدا چاوەڕێی دەکرد، گوێم لێبوو شوفێرەکە بە پیاوەکەی گوت ئەم ئافرەتە خەڵکی سووریایە، کاتێک نەمویست بڕۆم لەگەڵی، دەستم کرد بە هاوارکردن و رامکرد".

### ئامارێکی مەترسیدار

بەپێی ئەو ئامارانەی لە ئەنجامی ئەو توێژینەوەیە بە دەستهاتوون، 54%ی ژنانی پەنابەر بڕوایان وایە مەترسییەکی زۆری تووشبوونی سەغڵەتکردنی سێکسی هەیە لە هەرێمی کوردستان.

ئافرەتەکان باسیان لە چەندین حاڵەتی فشاری سێکسی کرد. لە هەموو پێنج ئافرەت یەکێکیان پارەی خراوەتە بەردەم بۆ سێکس. ئەو رێژەیەش لە نێو ئەو ئافرەتانەدا بوو کە بۆ ئەو توێژینەوە قسەیان لەگەڵ کراوە.

لەوەش ترسناکتر ئەوەیە کە لە هەموو 10 ئافرەتێک یەکێکیان فشاری خراوەتە سەر لەلایەن حکومەت، باندی رێکخراو، پۆلیس و ئاسایش و رێکخراوە ناحکومییەکان بۆ ئەوەی پەیوەندی جەستەییان لەگەڵ دروست بکەن.

### سێکس لە پێناو مانەوە

"گوزەری 1، بنکەی لەشفرۆشییە لە کامپەکەدا، هەموو کەس بەوە دەزانێت، بەڵام ناوێرین هیچ بڵێین، ئەم کارە رێکخراوە و نازانین کێ لە پشتەوەیەتی، لەوانەیە کەسێکی دەستڕۆیشتوو بێت و کێشەمان بۆ دروست بێت ئەگەر قسە بکەین".

7 لەو 19 ئافرەتانەی لە گفتوگۆ چڕەکانی بە کۆمەڵ چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە دەڵێن چەند ژن و کچێک دەناسن کە خەریکی لەشفرۆشین لە دەرەوە و ناوەوەی کامپەکان "بە مەبەستی مانەوە و بەردەوامیدان بە ژیان ئەو کارە دەکەن".

ژنێک دەڵێت "ئەگەر لە شەواندا بێیتە ناو کەمپ، دەتوانیت ببینیت چ روودەدات، هیچ زەحمەت نییە ببینیت ئەو پیاوانە بۆ کوێ دەڕۆن و بە چ مەبەستێک بۆ ئەو شوێنە دەڕۆن".

### "کۆبوونەوەی سێکسی"

ژنێکی دیکە دەڵێت ئەگەر شتێکت بوێت لە دەرەوەی کامپ ئەوا دەبێت "ببین بە هاوڕێیان، ئەگەر گەنج و جوان بیت هەر شتێکت بوێت دەستتدەکەوێت".

ژنێک باسی ئەزموونی خۆی کرد "ماوەیەکە خەریکی گەڕانم بە دوای ئیشدا، ژمارەی تەلەفۆنەکەم دا بە نووسینگەی unicef و رێکخراوی نێودەوڵەتی خاچی سوور، یەکێک پەیوەندی پێوەکردم و گوتی ئیشێکی هەیە، منیش وامزانی لە رێکخراوێکەوەیە، کاتێک پرسیارم لێکرد چ جۆرە ئیشێکە، گوتی ئیشەکەت ئەوەیە بڕۆی بۆ کۆبوونەوە، منیش گوتم چ جۆرە کۆبوونەوەیەک؟ گوتی ئەو کۆبوونەوانەی پەیوەندییان بە سێکسەوە هەیە".

### هاوسەرگیری بەزۆر

بەپێی ئەو توێژینەوەیە، توندوتیژی دژی ژنانی پەنابەر زۆرتر بووە بەراورد بە بەر لە پەنابەربوونیان، جاران پیاو تەنیا بە قسە توندوتیژی دژی ژنان دەکرد، بەڵام ئێستا دەستیشیان بەکاردێنن.

هەروەها بە زۆر بەشوودانیش زۆر بووە. هۆکارەکەشی بە بڕوای ئەو پیاوانەی قسەیان لەگەڵ کراوە، ئەوەیە کە ژنان بەو شێوەیە پارێزراوتر دەبن. ژنان دەڵێن کەسانی دەرەوەی کەمپ پارەی زۆر دەدەن بۆ ئەوەی ژن بخوازن. هەندێکجار دەگاتە 10 هەزار دۆلار، ئەمەش بڕێکی زۆر گەورەیە بۆ زۆربەی پەنابەران کە لە نەبوونیدا دەژین.

بیروبۆچوونی پیاوان دەربارەی گرنگیی هاوسەرگیری پێشوەخت و ئابڕووی کچان لەوەدا دەردەکەوێت کە ئایا ژن و کچ پێویستە سزا بدرێن یان نا ئەگەر کچێنی خۆیان لەدەستدا پێش هاوسەرگیری. 51 %ی پیاوان پێیانوابوو لەو حاڵەتەدا پێویستە کچەکە بکوژرێت، 31%یش پێیانوابوو دەبێت سزای جەستەیی بدرێت.

قسەی وا کرا کە پیاو هەبووە سەردانی کەمپەکانی کردووە بۆ دۆزینەوەی ژن. ئەمەش لە نێو 2 لەو 4 کەمپانە روودەدات کە سەردان کران.

هەروەها دەڵێن ئەو کارە بە زۆری لەلایەن ژنی بە تەمەنی نێو کەمپەکان ئاسان دەکرێت کە وەک "ئاژانسی ناسین" لە نێوان پیاوەکان و بووکەکان کار دەکەن.

وەک دەگوترێت ژنەکان باسیان لەوە کردووە، کە هەندێک خێزان دەناسن بەو سەودایە رازی بوون، بەڵام پیاوەکە دوای 3-4 مانگ کچەکەی تەڵاقداوە.

### کوڕانیش لاقە دەکرێن

تەنیا ژن و کچ نین تووشی توندوتیژی سێکسی دەبنەوە، ئافرەتێکی گەنج باسی حاڵەتی کوڕێکی کرد کە سەردانی خێزانەکەشی کردووە.

دایکەکە دەستی کرد بە گریان و کوڕە تەمەن 13 ساڵانەکەی لە تەنیشی دانیشتبوو، ئەویش دەستی کرد بە گریان. دایکەکە گوتی: کوڕەکەم ئیشی کردووە لە دووکانی میوەفرۆشێکدا، لە کۆتایی رۆژەکە دەبووایە پارەی ئیشەکەی وەربگرتایە، بەڵام سێ پیاو لاقەیان کردووە و پێیانگوتووە ئەگەر جارێکی دیکە بێیتەوە هەمان شت لەگەڵ دایک و خوشکەکانی دەکەن.

### کەمپی دۆمیز.. ناوبانگێکی خراپ

چیرۆکەکانی "سێکس لە پێناو مانەوە" رەنگە بۆ ماوەیەکی زۆر کاریگەری بمێنێت. گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانە سنووری کوردستانیان بڕیوە.

لە بەشێکی توێژینەوەکەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە "لە کامپەکانی دیکەدا، ئافرەتانی دۆمیز وەک لەشفرۆش باس دەکەن. تەنانەت ناوبانگیان گەیشتووەتە ئەوروپا. دۆمیز ئێستا پەیوەندی بە لەشفرۆشییەوە هەیە و ئەمەش کاری کردووەتە سەر ناوبانگی هەموو ئافرەتەکان، ئەم ناوبانگەش ئەگەری هەیە بمێنێتەوە تەنانەت دوای گەڕانەوەی خەڵکەکە بۆ زێدی خۆیان".

### هۆکارەکانی توندوتیژی

پیاوان و ژنانی بەشداربووی توێژینەوەکە بۆچوونیان لە یەکدی نزیکبوو کاتێک گوتیان هەژاری هۆکاری سەرەکی توندوتیژییە، هەروەها پێیانوابوو پاراستنی شەرەفی خێزان هۆکارێکی دیکەی توندوتیژییە، بەڵام پیاوان زیاتر جەختیان لە هۆکاری دووەم دەکردەوە بە رێژەی 27% و ژنان بە رێژەی 14%.

چی باشە بکرێت بۆ پاراستنی ژنان و کچان لە ماڵەکانیان؟ 24%ی پیاوان بڕوایان وابوو کە دەبێت ژنان و کچان هەڵسوکەوتیان بگۆڕن، 16%ی ژنانیش دەیانگوت دەبێت پیاوان هەڵسوکەوتیان بگۆڕن.

# "یەخەی کەس مەگرن.. لە ژیان بێزارم"



**سۆران بەهائەددین**
**روودا‌و- سۆران**

کچێک گوللەیەک لە سینگی خۆی دەدات، بەڵام نامرێت، پێش جێبەجێکردنی بڕیارەکەشی نامەیەک بەجێدێڵێت کە نووسیبووی "لە ژیان بێزار بووم، بۆیە خۆم دەکوژم"، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە سۆران دەڵێت "ئەو کچە لە ژیاندا ماوە، بەڵام نەیتوانی بۆ پۆلیس قسە بکات".

ئەو کچە ناوی (پ.ج.خ)، تەمەنی 18 ساڵە، کاژێر 8ی شەوی 2014/4/25 لە گەڕەکی وەستا رەجەبی شارۆچکەی سۆران، گوللەیەکی لە خۆی داوە. ئێستا لە نەخۆشخانەی ئیمرجنسی هەولێرە.

(پ) قوتابی بووە و لە پۆلی 10 بنەڕەتی بووە، کاتی رووداوەکە دایک و باوک و خوشکێکی لە ماڵ بوون، رائید خۆشەوی تەها، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە سۆران، بە (روودا‌و)ی گوت "ئەو کچە خۆی گوللەی لە خۆی داوە، بە کلاشینکۆف گوللەیەکی لە سینگی داوە".

ناوبراو گوتیشی بەهۆی خراپی باری تەندروستییەوە نەیانتوانی لە نەخۆشخانەی سۆران ئیفادەی وەربگرن، بۆیە رەوانەی نەخۆشخانەی هەولێر کرا "بەڵام ئێستا باری تەندروستی جێگیرەو بەرەو باشی چووە".

رائید خۆشەوی دەڵێت، جگە لەوەی دەستیان بەسەر کلاشینکۆفەکەدا گرتووە، نامەیەکی ئەو کچە لە شوێنی خۆکوشتنەکەی هەبوو، کچەکە بە دەستی خۆی نووسیویەتی "من لە ژیان بێزارم، هیچ کێشەیەکم لە ماڵەوە نییەوە، بۆیە خۆم دەکوژم، کەس تۆمەتبار نەکەن و یەخەی کەس نەگرن".

بەبڕوای رائید خۆشەوی، ئەو نامەیە دەرخەری ئەوەیە کە "ئەو کچە بەرنامەی دارشتووە بۆ خۆکوشتن، بەڵام لە ماڵەوە هەستیان پێ نەکردووە، ئیفادەی خوشک و دایک و باوکی وەرگیرا، دەڵێن هەستمان بەوە نەکردووە، باوکی پیرە و براکانیشی لە ماڵ نەبوون، خوشکەکەی دەڵێت: (پ) گوتی دەچمە سەر خانوو جگەرەیەک دەکێشم، کەچی دەنگی تەقەمان بیست، واتا (پ) جگەرەکێشیش بووە".

بەپێی زانیارییەکانی رائید خۆشەوی، ئەو کچە شارەزایی لە چەک هەبووە و پێشتریش کێشەی هەبووە "ئەو کچە شارەزایی لە چەک هەیە و بەکاریهێناوە، پار، گوللەی لە کوڕێک دا، ئەوکات ماڵیان لە سۆران نەبوو، دۆسیەکە لای ئێمە نییە، بەڵام هەست دەکەین ئەو کێشەیە پەیوەندی بەو خۆکوشتنەوە نییە".

زۆرجار کچان و کوڕان لەبەر پەیوەندی خۆشەویستی خۆیان دەکوژن، رائید خۆشەوی گوتی "کچ هەیە دەڵێت لەبەر کوڕێک هەوڵی خۆکوشتنی داوە، بەڵام تا ئێستا ئەو کچە قسەی نەکردووە لە نامەکەیش باسی ئەو شتانەی نەکردووە، نەیگوتووە لەبەر کەسێک خۆم دەکوژم، دەڵێت بێزارم لە ژیان، لەسەر کێشەی ئەو کچە کەس نەگیراوە و سکاڵاش لە دژی کەس تۆمار نەکراوە".

رووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (307) دووشەممە 2014/4/28

## فەرمانی لەسێدارەدان بۆ پیاوێک و دوو ژن دەردەچێ

**رووداو-دهۆک**

دادگای تاوانەکانی دهۆک فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ پیاوێک و دوو ژنەکەی دەکرد، کە دوو کچی خوار تەمەن 12 ساڵیان کوشتبوو. حاکم محەممەد ئەمین، لە دادگای دهۆک، بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەو پیاوە دوو ژنی هەیە و لە زاخۆ و هەولێر دانیشتوون، پێکەوە ئەو دوو منداڵەیان رفاندووە بۆ مەبەستی دەستدرێژی سێکسی، بەڵام هەردوو کچەکەیان کوشتووە، تەنانەت یەکێکیان بە زیندوویی لە ژێر خاک شاردووەتەوە".







تامان شاکر
tamanshakir@yahoo.de

## ژنان لەبیر مەکەن

لە زۆربەی وڵاتانی دونیادا، ژنان بەشدارییەکی بەرچاویان هەیە لە پرۆسەی دەنگدان.

دەنگی ژن دەتوانێ کەسانێک سەربخات بۆ کورسی دەسەڵات و کارتی سووریش بداتە کەسانی دیکە، بەڵام کارەساتی گەورە لە وڵاتی ئێمە ئەوەیە ژنان کەمترین دەنگ بە هاوڕەگەزەکانی خۆیان دەدەن. ئەگەر ژن دەنگی بە ژن دابا ئەوە سیستەمی کۆتا پێویست نەدەبوو. ژن بەدەنگی راستەقینەی ژنان دەیتوانی بگاتە پەرلەمان و کورسی دەسەڵات.

نازانین رێژەی دەنگدەری ژن لە کوردستان بۆ هەردوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکان چەندە. بەڵام لەنێو لیستی حیزب و لایەنە سیاسییەکاندا نزیکەی 300 ژن رکابەری دەکەن بۆ بەدەستهێنانی دەنگی دەنگدەران، ئەوەش کارێکی ئاسان نییە کە وەک ژنێک دەنگی خۆت بگەیەنی بە زۆرترین رێژەی دەنگدەر و باشترین و گەشترین لایەنەکانی خۆت نمایش بکەیت و بتوانی کاریگەریت هەبێت لەسەر دەنگدەران. ئەمەش لە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاردا کە بە سیاسەتکردنی ژن رانەهاتووەو رەنگە بڕواشی پێنەبێت، چونکە زۆرینە سیاسەت بەکاری پیاو دەزانن و بڕوا و متمانەیان بە کاری سیاسی ژن نییە.

هەڵمەتی هەڵبژاردن لە کوردستان ئاسان نییە، پرۆسەیەکی سەختە بەتایبەتی بۆ ژنان، ژن تائێستا نەیتوانیوە وەک هێزێکی کاریگەر دەربکەوێت و بتوانێ دەنگی زۆرینەی دەنگدەرانی ژن بەدەستبهێنێ، بۆیە کە داوای دەنگ و پاڵپشتی لە ژنان دەکەیت، وەڵامی حازر بەدەستی ئەوەیە: دەتوانی چیمان بۆ بکەیت تا دەنگت پێبدەم؟ بۆیە لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا پێویستیت بە بانکێک پارە و سوپایەک خەڵک و چەندین دەزگای راگەیاندن هەیە. بۆ ئەوەی بتوانی بگەیتە زۆربەی شوێنەکان و زۆرترین پارە خەرج بکەیت رەنگە زۆرجار پێویستت بە کڕینی دەنگیش هەبێت وەک ئەوەی ئێستا لە کوردستان روودەدات. هەندێک کاندید بەلایەوە ئاساییە دەنگی دەنگدەرانی بکرێت بەرامبەر بڕێک پارە یان مۆبایلی گالاکسی، ئایفۆن، ئایپاد، دەمانچە، پارە و ماکسیی ژنان.

لەم کاتەدا دەنگدەر بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەوەی دەنگت دەکڕێ رێزی بۆ تۆ دانەناوە و دەنگی تۆ لە جیاتی ئەوەی مافی تۆ بێت وەک پاداشت و سزا بەکاردێنی، کاڵایەکە بۆ کڕین و فرۆشتن، ئەوەی ئێستا دەنگت دەکڕێ دواتر بۆت نییە داوای کاری لێبکەیت و لێپێچینەوەی لەگەڵ بکەیت، چونکە تۆ دەنگت بە دڵسۆزی و لێهاتوویی ئەو کەسە نەداوە. بەڵکو دەنگی تۆ فرۆشراوە، هیوادارم دەنگدەرانی کوردستان بە هۆشیارییەوە دەنگ بدەن و ژنانیش لەبیر نەکەن.

# لە ماوەی هەفتەیەکدا 3 قوتابی خۆیان دەخنکێنن

**ئەڤین سەڵاح**
**رووداو- هەولێر**

دایکی ئیسماعیل لەناو ئەو خێوەتەی بۆ پرسەی ژنان هەڵدرابوو، بە دەستێک جلی نیلییەوە و بەکزی لە لایەکەوە بە دەنگێکی نووساوەوە گوتی "کوڕەکەم بووە قوربانی دراماکان".

رۆژی 2014/4/19 لە گوندی سەرکارێزی قەزای دیبەگە لە باشووری هەولێر، قوتابیەکی پۆلی شەشی بنەڕەتی بەناوی ئیسماعیل کامەران محەممەد، لەنێو ماڵەکەی خۆیاندا بە پەتێک خۆی خنکاند. کەسوکاری ئەو گەنجە دەڵێن هیچ کێشەیەکی نەبووە و پێدەچێت لاسایی ئەو ئەکتەرانەی کردبێتەوە کە لەنێو دراماکاندا خۆیان دەخنکێنن.

هەر رۆژێک دوای خۆخنکاندنی ئیسماعیل، قوتابیەکی تەمەن 16 ساڵ لە گەڕەکی کەڵەکنی شاری سلێمانی خۆی خنکاند. رۆژی دواتریش هەر لە شاری سلێمانی و لە گەڕەکی ئازادی قوتابیەکی دیکە خۆی خنکاند. بەپێی قسەی سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن "ئەو دوو خوێندکارە بەهۆی دەرنەچوونیان لە وانەکانیان خۆیان خنکاندووە".

خۆخنکاندن لەنێو گەنجان و هەرزەکاران خەریکە دەبێتە حاڵەتێکی باو. تەمەنی هەندێک لەوانەی خۆیان دەخنکێنن جێی سەرسوڕمانە، ئیسماعیل تەمەنی تەنیا 11 ساڵ بوو.

غەزال سابیر، مامۆژنی ئیسماعیل کە دراوسێیانە و لە کاتی رووداوەکەدا تەنیا ئەو لە ماڵەوە بووە، باسی رووداوەکەی کرد و گوتی "ئەو رۆژە ئیسماعیل تەنیا خۆی و برا گەورەکەی لەماڵ بوون، باوک و دایکی چووبوونە سەر کار. کاژێر 9ی بەیانی ئیبراهیمی برا گەورەی ئیسماعیل هات گوتی فریامان بکەون، کە چووین بینیمان ئیسماعیل مێزی مەکینەی دروومانی دایکی هێناوەتە ناوەڕاستی ژوورەکە و چووەتە سەری، پەتێکیشی بەستووە بەو قولابە ئاسنەی کە پانکەی پێوە هەڵدەواسرێت، دواتر ملی کردووە بە پەتەکەوە، هەتا پەتەکەمان کردەوە گیانی لەدەستدابوو".

ئیسماعیل لە پۆلی شەشەمی بنەڕەتی بوو، خاوەنی دوو برا و خوشکێک بوو، باوکی کرێکارە و دایکیشی کارگوزاری قوتابخانەیە، ئێوارانیش کاری بەرگدروویی دەکات.

### لاسایی دراماکانی کردووەتەوە

"ئیسماعیل منداڵێکی تووڕە بوو، رەبۆی هەبوو، زۆرجاریش دەبووڕایەوە، چەندین دکتۆر و شێخ و مەلا و سەیدمان پێکرد بۆ ئەوەی چاک ببێت، بەڵام چاک نەبوو". دلۆڤان یاسین، دایکی ئیسماعیل وایگوت.

دلۆڤان گوتیشی "ئەم ماوەیە کوڕەکەم زۆر باش بووبوو، بەڵام بەردەوام سەیری ئەوە درامایانەی دەکرد کە لە کەناڵەکان نیشان دەدرێن، بەتایبەتی دراما کۆرییەکان. پێشتر لەناو هاوڕێکانیشی گوتبووی دەمەوێت وەک ئەو ئەکتەرانەی ناو دراماکان ئازابم، بۆیە گومان دەکەم لاسایی ئەو درامایانەی کردبێتەوە".

غەزال سابیر کە لە پرسەکەدا لە تەنیشت دایکی ئیسماعیلەوە دانیشتبوو، دەیگوت "ئیسماعیلیش بووە قوربانی ئەو درامایانە، راستە لە هەندێک لە کەناڵەکان کە دراما پەخشدەکەن دەنووسن ئەمە بۆ سەرووی ئەوەندە ساڵەیە، بەڵام منداڵ هەر سەیری دەکات، پێویستە کەناڵەکان بزانن چ جۆرە درامایەک پێشان دەدەن".

بەپێی ئامارێکی پەیمانگای پزیشکی داوەری لە شاری هەولێر، ساڵی رابردوو لە سنووری پارێزگای هەولێر 51 کەس خۆیان خنکاندووە.

توێژەرانی کۆمەڵایەتی تاوەکو ئێستا چەندین جار ناڕەزاییان بەرامبەر پەخشکردنی دراما بیانییەکان لە کەناڵە ناوخۆییەکان دەربڕیوە و بە بڕوای ئەوان ئەو درامایانە هیچ فلتەرێکیان نییە. ئەوان پێیانوایە راگەیاندنی کوردی زۆر نابەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ بینەردا دەکەن، کاتێک ئەو زنجیرە درامایانە پەخش دەکەن کە دیمەنی کوشتن و خۆخنکاندنی تێدایە و کوشتن و خۆخنکاندن لای خەڵک دەکەنە مۆدێل.

رائید کاروان شێخ عەبدولکەریم گوتەبێژی پۆلیسی پارێزگای هەولێر، لەبارەی رووداوی خنکانی ئەو مێرمنداڵەوە گوتی "لە پۆلیسی بنکەی شەمامک لە رووداوێکی خۆخنکاندن ئاگادار کراینەوە، دەستبەجێ گەیشتینە شوێنەکە، دەرکەوت منداڵێکی تەمەن 11 ساڵان خۆی بە پەت خنکاندووە". هەروەها گوتی لێکۆڵینەوە لەو رووداوە بەردەوامە و دادوەر بڕیاریدا بە وەرگرتنی وتەی داواکارانی مافی کەسی و وەرگرتنی وتەی شایەتحاڵەکانی رووداوەکە.

## دۆسیەکان تۆزیان لەسەر نیشتووە

# لە دادگای سلێمانی 112 دۆسیەی کوشتن چاوەڕێی بڕیاری دادوەرن



**شادیە رەسوڵ**
**رووداو- سلێمانی**

لەبەر سێبەری یەکێک لە ریکلامەکانی هەڵبژاردن لە بەردەم دادگای سلێمانی دانیشتبوو، بەدەم جگەرەکێشانەوە جار جار لەبەرخۆیەوە ورتە ورتێکی دەکرد. کاتێک جنێوی دەدا دەنگی زیاتر بەرز دەکردەوە. عەبدوڵڵا نەجمەدین، 58 ساڵ، تاڵە مووەکانی سەری بە تەواوی سپی ببوون "خەمی دوو کوڕەکەم هێندەی سەد ساڵ پیری کردم، ئەوان هەرگیز بیریان لە باوکیان نەکردەوە چیم بەسەر دێت".

ماوەی 2 ساڵە بە تۆمەتی کوشتن 2 کوڕی ئەو دەستگیرکراون، بەڵام هێشتا ساغ نەبووەتەوە ئەوان بەڕاستی بکوژەکەن یان نا، کەچی بە درێژایی ئەو 2 ساڵە عەبدوڵڵا ناچارە هاتوچۆی دادگا بکات "لە 7ی بەیانییەوە لەبەردەم ئەم دادگایە چاوەڕێم، بەڵام ئەوە سەعات 10یە و هێشتا دادوەر نەهاتووە، من لەتاو کوڕەکانم نازانم چی بکەم، ماڵ و موڵکم هەمووی بایی 70 هەزار دۆلار بوو، فرۆشتم تاوەکو لە کوڕەکانم خۆش بن، کەچی دادوەر دیار نییە بێت".

عەبدوڵڵا ، پارەیەکی زۆری داوە بە ماڵی کوژراوەکە و هەموو شتی لەگەڵ ئەوان بڕیوەتەوە، بەڵام بەهۆی رۆتینی دادگاوە، ترسێکی هەیە "دەترسم ماڵی کوژراوەکە پەشیمان ببنەوە". لەگەڵ هەر زەنگێکی تەلەفۆنەکەیدا رادەچڵەکی "دوژمنەکەشم رێگەی نەکەوێتە ئێرە، چونکە تاوەکو دۆسیەکەت لە دادگا یەکلایی دەبێتەوە پیر دەبی".

پارێزەر عوسمان شێخ سدیق پێیوایە لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی کوشتن تەنیا پەیوەندی بە دادگای سلێمانییەوە نییە "پەیوەندی بە خودی سیستەمی دادوەری و دەسەڵاتی لێکۆڵینەوە هەیە لە هەرێمی کوردستان، چونکە تەنیا کەیسی کوشتن نییە، بەڵکو بۆ هەموو کەیسەکان دادوەر بڕیار دەردەکات و لایەنی جێبەجێکاری کارەکە بریتین لە دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش".

ئەو پارێزەرە لە کاتێکدا دەڵێت دواکەوتنی دۆسیەکان پەیوەندی بە دادگای سلێمانییەوە نییە، دادگای دهۆک هەفتەی رابردوو بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ سێ تاوانبار دەرکرد کە تەنیا دوو هەفتە بوو بە تاوانی کوشتنی دوو کچ لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکرابوون.

ئەو پارێزەرە نایشارێتەوە کە "درەنگکەوتنی لێکۆڵینەوەی دۆسیەکان کاریگەری دەبێت لەسەر سەیرکردنی خەڵکی بۆ دادگا، وا لە خەڵکی دەکات متمانەیان نەمێنێت بە دادگاکان و تەنانەت بە پۆلیسیش، ئەمە تەنیا بۆ کەسوکاری کوژراوەکە وانییە، بەڵکو بۆ کەسوکاری بکوژەکەش بەهەمان شێوەیە، ئەوەش وادەکات روو لە سوڵحی عەشایەری بکەن، چونکە خەڵکی نازانن رەوتی کاری دادگا چۆنە".

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (تۆڕی میدیایی رووداو) کەوتوون لە دادگای سلێمانی، تاوەکو ئێستا 112 دۆسیەی کوشتن یەکلایی نەبووەتەوە کە دۆسیەکان تاوانی جۆراوجۆرن لە نێویشیاندا کەیسی کوشتنی ژنان هەیە.

رەخنەگرتن لە سیستمی دادوەری کارێکی قورسە، نموونەی زیندوو هەن، ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان لە ماوەی رابردوودا سکاڵای لەسەر لێکۆڵەرێکی دادی تۆمار کرد لەبەر ئەوەی لە فەیسبووکەکەی خۆی رەخنەی لە سیستمی دادوەری گرتبوو.

رازاو عەبدول، چالاکوانی بواری ژنان و پارێزەر لە دادگای سلێمانی دەڵێ بەهۆی ئەوەی کە کۆمەڵگا بەردەوام لە فراوانبووندایە، پێویستە دادگاکان فراوان بکرێن و لەچەند شوێنێکی شاردا دادگای تایبەتمەند هەبێ "لە کەیسی کوشتنی ژناندا دەبێت خێزانەکەی بێتە پێشەوە وەک داواکار، بەڵام چونکە بەدەستی یەکێکی نێو خێزانەکەی کوژراوە، بێدەنگی لێدەکرێت تاوەکو شیرازەی خێزانەکە تێکنەچێت".

رازاو نموونە بە وڵاتێکی وەک بەریتانیا دێنێتەوە لە سیستمی دادوەریدا و دەڵێ، لەوێ هەموو کەسێک بۆی هەیە پرسیار بکات لە چارەنووسی دۆسیەی کوشتنی کەسێک، بەڵام لێرە تەنیا لەنێو خێزانەکەدا دەمێنێتەوە، لەم وڵاتەدا دادپەروەری کراوە بەقوربانی یاسا، هەندێک یاسای جامد هەیە کە تۆزیان لێنیشتووە ناتوانن کۆمەڵگا رێکبخەن، پێویستە رێکارە یاساییەکان گۆڕانکارییان تێدا بکرێت".

کوشتنی ژنان لە نێو پەڕاوی دادگاکاندا یان چاوەڕوانییەکی تاقەتپڕوکێنە یاخود ئیدی کەیسەکەیان بۆ هەتاهەتایە دادەخرێت و کەسیش لێی ناپرسێتەوە، چونکە لە دۆسیەی کوشتنی ژناندا زۆرجار رێکخراوەکانی ژنان دەبنە داواکار نەک کەسوکاری ژنە کوژراوەکان.

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرێتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، لە ساڵی 2012دا لە شاری سلێمانی 1924 حاڵەتی توندوتیژی دژی ژنان تۆمار کراوە. لە ساڵی 2013دا ئەم رێژەیە کەمبووەتەوە بۆ 1270 حاڵەت. هەر بەپێی ئەو راپۆرتە، هەموو حاڵەتەکانی توندوتیژی کەمیکردووە تەنیا حاڵەتی کوشتنی ژنان نەبێت کە بەردەوام لە 20 حاڵەت بۆ 30 حاڵەتدایە لە ساڵێکدا.

ڕووداو
ژمارە (307) دووشەممە 2014/4/28

# هەڵبژاردنی 30ی نیسان لە پاشکۆی ژینگە و مێژوودا

**کامەران محەممەد عەزیز***

ئاشناکردنی دیموکراسی بەو کۆمەڵگایانەی کە مێژوویەکیان لەگەڵ جەنگدا بەسەربردووە، لەوانەش کۆمەڵگای کوردی، ڕووبەڕووی پرسیارێکی سەرەکی دەبێتەوە: چۆن کۆمەڵگاکان کە تێکشکاون لەگەڵ ئاسەوارەکانی جەنگ، بەسەر کۆمەڵێک پرسی بێ چارەدا تێپەڕیون، لەگەڵ قوڵبوونەوەی ئاستی ڕق و دوژمنایەتییە کۆمەڵایەتییەکان، ناڵە و ئێش و ئازارە کەسی و کۆمەڵییەکان، داڕووخانی بنیادی سیاسی و ئابووری و پەروەردەیی کۆمەڵگا، نەبوون و نائامادەیی دامەزراوە و ئایدیای دەوڵەتی، دەچنە پرۆسەی کرانەوە بەڕووی ئاشتی و دیموکراسی لە کاتێکدا خودی ململانێ و کێبڕکێی توند و یەکلاکەرەوەی لایەنە سیاسییەکان لەو پرۆسەیەدا دەبێتە هۆی تەشەنەکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی ململانێ سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان؟

ئاستی شیکردنەوەی کەسێک بۆ خوێندنەوەی بابەت و ڕووداوێکی سیاسی دەوەستێتە سەرئەوەی ئەو کەسە چ لایەنێکی ئەو بابەتە دەبینێ یاخود چ لایەنێکی نابینێ. بەوشێوەیە پێموایە ئاگاداربوون لەسەر ئاستە جیاوازەکانی پرۆسەی شیکردنەوەی بابەتێکی ئاڵۆزی وەکو هەڵبژاردن دەبێ ببێتە پێشینەی دەستپێکردن. ئایا ژمارەی دەنگدەران و کورسییەکان و باکگراوندی کاندیدەکان و بەرنامەی لیستە جیاوازەکان دەبێ ببێتە ناوەڕۆکی شیکردنەوە؟ یاخود ئەو ژینگەیە (کۆمەڵگای کوردی) گرنگە و دەبێ ببێتە ناوەڕۆکی شیکردنەوە کە تێیدا ئەو هەڵبژاردنە ڕوودەدا؟ گوتنی ئەوەی یەکێک لەوانە گرنگترە لەوەی دیکە بە مانای ڕەتکردنەوەی تەواوی ئەوەی دیکە نییە، بەڵکو ئەوەی گرنگە شیکردنەوە و خستنەڕووی ئەوەی کە جیهانی سیاسەت چۆن کار دەکات، ئەگەر تەنها لەڕووی تیۆریش بێ. دەستپێکردن بە تیۆر، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک پرسیارمان دەکاتەوە: ئایا لە ڕاستیدا هیچ تیۆرێکمان هەیە تەواوی وەڵامەکان و ڕازەکانی جیهانی سیاسەتی پێبێت؟ ئایا ئێمە لە ڕاستیدا دەزانین جیهانی سیاسەت چۆن کار دەکات؟ ئایا دەتوانین هەڵسوکەوتی مرۆڤ بزانین؟ دەتوانین چوارچێوەیەکی زانستی بۆ ڕووداوێکی سیاسی وەکو هەڵبژاردن دابنێین؟ ئایا دەتوانین پێشبینی بکەین لە داهاتوودا هەڵبژاردنەکان چۆن دەبن؟ دواجار، لە قۆناغی گواستنەوەدا لە جەنگەوە بۆ دیموکراسی، لە قۆناغی بنیاتنانەوەدا، چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسیارانەی سەرەوە دەکرێ؟

پێموایە بۆ ڕەوینەوەی بەشێک لەو سەرئێشانە، پێویستمان بە دەرگیربوون دەبێ لەگەڵ تیۆردا. لەڕاستیدا، وشەی تیۆر مانای جیاواز دەگەیەنێ لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە. تەنانەت بۆ هەمان کەس ڕەنگە لە یەک کاتدا مانای جیاواز بگەیەنێ.. تیۆر، بەشێوەیەکی باو، بۆ خەڵک مانای ئەوە دەگەیەنێ شتێک ڕاست بێت (لە تیۆردا)، بەڵام ڕەنگە لە جیهانی واقیعی و بەرجەستەکراودا بەوشێوەیە نەبێ، بە کورتی لە کرداردا. تیۆر هەرچییەک بێت، بریتییە لە ڕێگایەک کە تێیدا باشتر و چاکتر لە جیهان تێدەگەین. بریتییە لە ڕێگایەک کە تێیدا یەکێک دەستدەکات بە پرۆسەی وەسفکردن، وێناکردن و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن. بۆ زۆرێک لە ڕوانگە پۆزیتیڤیزتەکان، تیۆر بریتییە لە ڕوونکردنەوە، بریتییە لە پێشبینیکردن کە هەوڵی گشتگیریکردن و دۆزینەوەی هۆکارێک دەدات کە دووبارە دەبێتەوە. ئینجا لە بابەتی تیۆردا، ئێمە پێویستمان بە لایەنی فاکت و نۆرمەتیڤییەکەی تیۆر دەبێ. بۆ نموونە، پارتی دیموکراتی کوردستان لەهەڵبژاردنی سێپتەمبەری 2013دا، توانی 38 کورسی بەدەستبێنێ. ئەو 38 کورسییە ئەوە فاکتە، بەڵام زانینی ئەوەی چۆن پارتی توانیویەتی ئەو 38 کورسییە بهێنێ، ئەوا پرۆسەی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن و دۆزینەوە دەچێتە ژێر کاریگەری کۆمەڵێک بەهاوە، کە تێگەیشتن لەو بەهایانەش دووبارە پێویستی قسەکردن لەسەر لایەنی تیۆری دووپاتدەکاتەوە.

بۆ تێگەیشتن لە سروشتی هەڵبژاردن لە کۆمەڵگای کوردی پاش جەنگدا، زیاتر لە ڕۆڵی بکەر و تاکەکان، ڕۆڵی کۆمەڵگا زیاتر دێتە پێشەوە، بە تایبەت لەو قۆناغەدا بکەرەکان (بەتایبەت پارتی و یەکێتی) زۆرێک لە بیرکردنەوەیان دواتر لە ڕەوایەتییان لە بارە ناڵەبارەکەی خودی کۆمەڵگاکەوە وەردەگرن. بۆیە پێویست دەکات ئەو کۆمەڵگایەی کە هەڵبژاردنی تێدا ئەنجامدەدرێ، پێشینە وەربگرێ و وەکو یەک بچێتە ژێر پرۆسەی وردبینی و شیکردنەوەوە. دەبێ ئەوە ڕوونبکرێتەوە چۆن کایە و بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بەیەکەوە گرێدراون کە دواجار ڕێوشوێنی بیرکردنەوە و ڕەفتاری بەشداربووانی هەڵبژاردن دیاری دەکەن. هەروەک کارل مارکس پێیوایە: "پیاوەکان مێژووی خۆیان دروست دەکەن، بەڵام بەوشێوەیە دروستی ناکەن کە خۆیان دەیانەوێ، ئەوان مێژوو دروستناکەن لە ژێر ئەو بارانەی کە خۆیان هەڵیانبژاردووە، بەڵکو لە ژێر بارێکدا کە ڕاستەوخۆ بەرجەستە بووە، هاتووە و گواستراوەتەوە لە ڕابردوو. ترادیشنی هەموو جیلە مردووەکان زۆر بەئاشکرایی بووەتە کابوسێک لە مێشکی هەموو زیندووەکاندا".

ڕەنگە ببێتە هۆی دووبارە سەرهەڵدانەوەی یان جوڵاندنی داینەمیکەکانی ململانێ لە قۆناغی بنیاتنانەوەدا. کە کۆمەڵگاکانی پاش جەنگ بەرەو پرۆسەی بەدیموکراسیکردن و پاراستنی ئاشتی و سەقامگیری کۆمەڵگا دەڕۆن، ڕووبەڕووی ئەو دایلەمایە (دوو هەڵبژاردنە نەخوازراوە) دەبنەوە کە هەوڵەکانی دابینکردنی یەکێک لەو دوو پرۆسە جیاوازە ببێتە هۆی بنبڕکردنی ئەوی دیکە. لە ڕاستیدا، جێگەی مشتومڕە کە ئاخۆ ئاسایش و نائاسایش دوو چەمکی جیاوازن، یاخود دوو ڕووی یەک دراون؟ ئایا ئازادی و ئاسایش تەواوکەری یەکترن؟ یا بکوژی یەکترن؟ زۆر لە هزرمەند و تیۆریستەکانی

ژینگەیەکدا هەڵبژاردن ئەنجام بدرێ کە هێشتا ئەو ژینگەیە نامۆیە بە ئایدیای هەڵبژاردن (نامۆبوون)، هەڵبژاردن لە کاتێکدا بێت کە هێشتا پرسەکانی عەدالەتی گواستنەوە و ئاشتەوایی و دووبارە لەخۆگرتنەوەی دوورخراوەکان بێ چارە مابێتەوە، بەسەر کۆمەڵەو کۆمەڵگایەدا هەڵبژاردن لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێک نادڵنیایی و سەرئێشە و قەیران دەهێنێ کە وادەکات کۆمەڵگا زۆر نزیک بێت لە گەڕانەوە بۆ ململانێ و شەڕی چەکداریی ناوخۆ.

کۆمەڵگای کوردی کە هێشتا دەرباز نەبووە لە ئاسەوارەکانی جەنگ، یاخود ئەوەی لە زانستی سیاسەتدا پێیدەگوترێ

شتێک گرنگتر بۆ دامودەزگای وڵاتێکی چالاک و کاریگەر و پتەو بیۆرکراسیەت و تەکنەلۆژیایەکی ئاڵۆز و تێکهەڵکێش نییە کە وڵات دەبێ هەیبێ، بەڵکو بریتییە لە ئاستی مەدەنییەتی ئەو کۆمەڵگایە، بریتییە لەو ڕەهەندە مێژوویی و سیاسیانەی کە لەهەناوی کۆمەڵگادا بوونی هەیە، کە دواجار خاڵی یەکلاکەرەوەی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی دیموکرات و دەوڵەتێکی درێژخایەن و خۆگرە. چونکە مەدەنیەت دەبێتە هۆی پاراستن و لەخۆگرتنی بەهاکانی وەکو ئازادی و لێبووردەیی و ڕێز و هاریکاری و متمانە بەیەکتر.

لە نێوان ڕێگا ئاڵۆز و تێکهەڵکێشەکانی

کە مێژوویەکیان هەیە، ڕۆچوونەتە نێو ڕەگ و ڕیشەی کۆمەڵگاوە. دەتوانن بیکەنە دەروازەیەک بۆ دیموکراتیزەیشنێکی درێژخایەن و دواجار ببێتە بنیادێک بۆ دەوڵەتی کوردی. بەڵام ئەو کەسە دەبێ خۆی یەکلاکردبێتەوە کە ئایا مرۆڤ دەتوانێ سەربەخۆ بێت لەو ناسنامەیەی هەڵیگرتووە، دەتوانێ یادگارییەکانی منداڵی لە بیربکات و پێیوابێ مرۆڤ بوونەوەرێکی عەقڵانییە و دەتوانێ پۆلێنی خواستەکانی بکات لەسەر بنەمایەکی عەقڵانی؟

لە قۆناغی ئێستای کۆمەڵگای کوردیدا، ئەوەی لەسەر مەحەکە، ئەوە نییە کە کۆمەڵگای پاش جەنگ چاوەڕوانی چ شتێکی



(فۆتۆ: سیڤان محەممەد سەلیم)

**لایەنە سیاسییەکان یاری لەگەڵ ژینگەیەک دەکەن کە لە هەر چرکەساتێکدا دەکرێ ڕووی خۆی بەرەو تاریکترین چرکەساتی مێژوویی وەربگێڕێ**

**هەموو ئەو هۆکارانەی شەڕی ناوخۆیان خولقاند، هێشتا لەهەموو شوێنێکی ئەم کۆمەڵگایەدا ئامادەیان هەیە**

بەو شێوەیە ئەوەی پێویستە ئەوە نییە کە بۆ ئێمە لەیەکەم سەیرکردندا دەردەکەون، بەڵکو تەجاوزکردنی بینراوەکانە لە پێناو گەیشتن بە ڕەگ و ڕیشەی شتەکان، بەو بنکە و تۆڕە پەیوەندییانەی کە بنچینەی ڕاستەقینەی دەرکەوتووەکانن. لە پەیوەندی بە بابەتی هەڵبژاردندا، ئەوەی پێویستە گەڕانە بە دوای ئەو بنیادانەی کە ڕۆچوونەتە نێو کۆمەڵگا، کە بە ئاگا و بێ ئاگایانە ئاراستەی ڕەفتاری گرووپ و لایەنە جیاوازەکان دیاری دەکەن. بەتایبەت لە پرسی بۆچوونی لایەنەکان لەسەر دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان. بۆ نموونە، یەکێک بیەوێ ئەو چوارچێوە تیۆرییە جێبەجێ بکات لەسەر ناکۆکی و ململانێی نێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکانی بەشداربووی هەڵبژاردنی 2014/4/30، دەبێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو مێژووەی ئەو ململانێیەیان دروستکردووە، دەکرێ بگەڕێیەوە بۆ سەردەمی میرنشینەکان، دواتر ئەوەی پێیدەڵێن بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی و دواتر سەردەمی دوای ڕاپەڕین و شەڕی ناوخۆ، بگەڕێیەوە بۆ ترادیشنی هەموو جیلە مردووەکان. هەموو ئەوانە ئەو مێژوو و ژینگەیەیان دروستکردووە کە نە تەنها لە یادگاری لایەنە سیاسییەکاندا بوونی هەیە، بەڵکو لە تەواوی ڕەفتاریان، لەتەواوی مەیل و داواکارییەکانیان.

لەگەڵ ئەوەی لە شێوە و فۆڕمدا، هەڵبژاردن لە کۆمەڵگاکانی پاش جەنگدا هەمان شێوەیە لەگەڵ هەڵبژاردن لە کۆمەڵگایەکی ئاساییدا، بەڵام لە کرداردا، لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا هەڵبژاردن ڕۆڵ و ئەرکی جیاواز دەگێڕێ، کۆمەڵێک دەرهاوێشتەی هەڵبژاردن هەیە کە

سیاسەت هەر لە نیکۆلۆ مەکیاڤیلییەوە تا ساموێل هانتیگتن بە گشتی نیگەرانن لە ئیمکانی دیموکراسیبوونی کۆمەڵگاکانی پاش جەنگ. زۆریان دووبارە هاتنە سەر دەسەڵاتی هێزێکی دیکەی ئۆتۆکرات و سەرهەڵدانی جەنگی ناوخۆ بە فینۆمینیایەکی حەتمی دەزانن. بۆ نموونە، هەڵبژاردنی یەکەمی ساڵی 1992 لە کوردستان حکومەتی پەنجا بە پەنجای دروستکرد، دواتر شەڕی ناوخۆ و پاشانیش ئەزموونی تاڵی دوو ئیدارەیی و حوکمی بێ سەروبەری. ئاسەوارەکانی هەڵبژاردنی ساڵی 1992، نەوەک تەنیا لەسەر ڕەفتاری لایەنە سیاسییەکان دیارە لە هەڵبژاردنی 2014/4/30دا، بەڵکو لەسەر تەواوی دەنگدەرانیش دیارە. بەهەمانشێوە، توێژەرانی ئەدەبیاتە جیاوازەکانی وەکو دیموکراتیزەیشن، پاراستنی ئاشتی، بنیاتنانەوەی دەوڵەت و دووبارە بنیاتنانەوەی کۆمەڵگا دەستیان بۆ کۆمەڵێک خاڵ بردووە، لەوانە پێویستی ئەنجامدانی هەڵبژاردن وەکو پێشمەرجێکی دیموکراسی، لەگەڵ پێویستی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی کۆمەڵگا کە ڕەنگە خودی هەڵبژاردنەکە هەڕەشە و دواجار مەترسی بێت لەسەری، بەتایبەت کاتێک لە کۆمەڵگایەکدا ستراکچەری دەوڵەتی بوونی نەبێ، تاکەکان ئاشنا نەبووبن بەوەی (ڕۆبەرت پوتنام) ناوی دەنێ سەرمایەی کۆمەڵایەتی (نەبوونی متمانە)، لە کۆمەڵگایەکدا کە شەرعیەتی دەسەڵات لە ئەنجامی دامودەزگایەکی مەدەنییەوە نەهاتبێت (خەباتی شاخ)، هەڕەشە و ترس و بیری میلیتاریزەیانە چووبێتە نێو تەواوی کۆمەڵگاوە (حوکمی مافیایی)، لە

(قۆناغی گواستنەوە)، لەگەڵ ئەوەی کە کاتێکی دیاریکراو نییە بۆ ئەوەی بە کۆمەڵگایەک بگوترێ کۆمەڵگای گواستنەوە، بۆ هەندێک سێ خولی هەڵبژاردنە، بۆ هەندێکی دیکە 10 تا 20 ساڵە، چی شتێک دەبێ پێشمەرج و خاڵی دەستپێکردن بێت؟ ئازادی یاخود ئاسایش؟ هەڵبژاردن یان دابەشکردنی دەسەڵات؟ لای (کین بۆتس)، ململانێی ئەبەدی نێوان ئازادی و ئاسایش بە قازانجی ئازادی دەشکێتەوە کاتێک دەڵێت: (ئازادی بریتییە لە نەبوونی هەڕەشە، بریتییە لە ئازادکردنی مرۆڤەکان (تاکەکان و گرووپەکان) لە دەست ئەو سنوورە فیزیکی و مرۆییانەی کە ڕێگەیان لێدەگرێ ئەو کارانە بکەن کە کاتێ ئازادن لە هەڵبژاردنیان. ئازادی و ئاسایش دوو ڕووی سەر هەمان دراون. ئازادی، نەوەک هێز و ڕێسا و یاسا، بە تەنها دەتوانێ ئاسایشی ڕاستەقینە دابین بکات. بەڵام ئازادی (هەڵبژاردن وەک فۆرمێکی سەرەتایی کۆمەڵگای ئازاد) لە چ ژینگەیەکدا، لە چ کۆمەڵگایەکدا، دەتوانێ ئاسایشی ڕاستەقینە و هەمیشەیی دابین بکات؟ ئایا دەتوانێ لە کۆمەڵگایەکدا ئەو کارە بکات کە هێشتا تاکەکانی وەکو کاڵا سەیری دیموکراسی دەکەن، کە هێشتا ئەزموونیان نەکردووە، دامودەزگای دەوڵەتی بوونی نەبێ، ئەو ژینگەیەی کە هەڵبژاردنی تێدا ئەنجامدەدرێ لە پراکتیزدا کۆمەڵێک نۆرمی سەیر و نامۆ بهێنێتە کایەوە و تەنانەت ئەوەی کە خودی هەڵبژاردن زیاتر لە ئامادەیی ستراکچەری دەوڵەت پێویستی پێیەتی کە (مەدەنییەتە) بوونی نییە. لای (ڕۆبەرت پوتنام) لە قۆناغی گواستنەوەدا، لەهەموو

قۆناغی بنیاتنانەوەی دەوڵەت و دیموکراتیزایشندا، فرانسیس فۆکۆیاما هەوڵی جۆرێک لە هاوسەنگی دەدات، باوەڕی وایە پێش ئەوەی دیموکراسیت هەبێ، دەبێ دەوڵەتت هەبێ، بەڵام بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی خاوەن شەرعیەت و درێژخایەنت هەبێ لە دواجاردا هەردەبێ دیموکراسیت هەبێ. (هەڵبەت ئێرە شوێنی ئەو گفتوگۆیە نییە کە ئایا دیموکراسی تاکە فۆڕمی حوکمڕانی باشە یان نا؟

ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان، یان پارتی و یەکێتیش نەڵێن، کاری ئەوان بە قەد ئەوەی کە گرنگە بۆ پرۆسەی سیاسی لە کوردستان، ئەوەندەش مەترسیە لەسەری. لایەنە سیاسییەکانی کوردستان یاری لەگەڵ ژینگەیەک دەکەن کە لە هەر چرکەساتێکدا دەکرێ ڕووی خۆی بەرەو تاریکترین و تراژیدیترین چرکەساتی مێژوویی وەربگێڕێ. هەموو ئەو هۆکارانەی شەڕی ناوخۆیان خولقاند، هێشتا لەهەموو شوێنێکی ئەم کۆمەڵگایەدا ئامادەییان هەیە، بەردەوام تاکەکان لە ڕێگای زمان، کەلتوور و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان خەریکی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەو بنیادە شەڕانگێزانەن. ڕەنگە کەسێک پێیوابێ گۆڕان، یان پارتی و یەکێتی، یاخود فایل و پرۆفایلی کاندیدەکانیان دەتوانن مێژوو بەوشێوەیە بنووسن کە دەیانەوێ، یان ڕەنگە بۆ یەکێک ڕەفتاری ئەو لایەنانە بە نوێ و سەربەخۆ لەو دایلەمایانەی کە کۆمەڵگای کوردی پاش جەنگ تێیکەوتووە دابنێ، پێیوابێ ئەو لایەنانە دەتوانن هەڵبژاردن دووربگرن لەو لێکتێنەگەیشتن و ناکۆکیانەی

گەورە لە هەڵبژاردن دەکات، بەڵکو ئەوە لەسەر مەحەکە کە هەڵبژاردن نەبێتەوە هۆی دووبارە سەرهەڵدانەوەی جەنگ و ناکۆکییەکان. بۆیە هەواڵە گرنگەکە، خودی میکانیزم و پرۆسەی هەڵبژاردن نییە لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵکو ئەو ژینگەیەیە کە تێیدا هەڵبژاردنەکە شێوە وەردەگرێ.

ئەگەر هەڵبژاردنی 2014/4/30 بریتی بێت لەو دێوەزمەیە، دەبێ چی بکرێ، ئەوەی کارڵ مارکس و ڕۆزا لۆکسمبۆرگ وەربگرین کە دەڵێن ئامانجی هەموو تیۆرەیەک دەبێ بۆ گۆڕان بێت، یاخود ئەوەی ئیدوارد بێرنیشتاین و زۆر لە نیۆریالیست و ئابوورییە بونیاتگەراکان وەربگرین کە باوەڕیان وایە هەموو ئامانجێک دەبێت بۆ ئیدامە یاخود چاکسازی بێت. گۆڕان یان چاکسازی، هەڵبژاردنی ئەمجارە کۆمەڵێک ناڕۆشنی و نادڵنیایی لەگەڵ خۆی دەهێنێ. ئامادەیی و ئاگایی لایەنەکانی براوە و دۆڕاوی هەڵبژاردن لەسەر ئەدەبیاتی قۆناغی گواستنەوەی وڵاتان و بابەتەکانی وەکو دابەشکردنی هێز کاریگەری خراپ نابێ. ئەگەری زۆر هەیە لایەنی دۆڕاوی هەڵبژاردن ئەگەر یەکێتی بێت یان هەر لایەنێکی دیکە، ئەنجامی هەڵبژاردن بە ئاشتییانە وەرنەگرێ، چۆن لەگەڵ ئەوە مامەڵە بکرێ؟ ئەگەر چارەسەر بریتی بێت لە دابەشکردنی هێز، ئەوا ئامانجی دوور و نزیکی هەر دابەشکردنێکی هێز و دەسەڵات و حکومەت و لە قۆناغی ئێستاشدا پێکهێنانی حکومەت، دەبێ بریتی بێت لە پاراستنی ئاشتی و ئاسایش و بنیاتنانی ستراکچەری دەوڵەت و بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگا، ئەگەر نا لوبنانیزەیشن و دوو ئیدارەیی و ڕەنگە ئەمجارە سێ ئیدارەیی دەرئەنجامی هەڵبژاردن بێت. بەوشێوەیە، خودی هەڵبژاردن دەبێتە هەواڵە ناخۆشەکە.

***ماستەر لە بواری ئاسایش لە زانکۆی کیلی- بەریتانیا**
**مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەددین، بەشی زانستە سیاسییەکان**

رووداو
هەمەجۆر
ژمارە (307) دووشەممە 2014/4/28

# مستەفا رەئوف نەخۆشە



**میوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

ماوەی مانگێکە هونەرمەندی میوزیکژەنی شاری هەولێر مستەفا رەئوف تووشی نەخۆشییەکی کوشندە بووە و پێویستی بە هاوکاری هەیە. ماندی مستەفا کوڕی هونەرمەند بە (رووداو)ی گوت "باوکم ماوەیەکە نەخۆشی بە توندی بەرۆکی گرتووە و تاوەکو ئێستا دووجار نەشتەرگەریمان بۆ کردووە، بەڵام دکتۆرەکان دەڵێن لێرە چارەسەری نییە و دەبێت لە دەرەوە نەشتەرگەری بۆ بکرێت". ماندی زیاتر گوتی "ئێمە توانای ئەوەمان نییە لەسەر ئەرکی خۆمان بۆ چارەسەری ببەین بۆ دەرەوەی کوردستان، بۆیە داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین هاوکاریمان بکەن". مستەفا رەئوف زیاتر لە پەنجا ساڵە میوزیکژەنە و یەکەمین ژەنیاری ئامێری عوود و قانون بووە لە شاری هەولێر، لەگەڵ مشکۆ و تایەر تۆفیق و چەندین هونەرمەندی دیکە میوزیکی ژەنیوە.

# چاوەڕێی نازدار بن



**میوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

کچە گۆرانیبێژی باکووری کوردستان نازدار کۆتایی بە وێنەگرتنی نوێترین ڤیدیۆ کلیپی خۆی هێناو پاش دوو هەفتەی دیکە دەکەوێتە سەر شاشەکان.

نازدار جەزیری زانیاری زیاتری داو بە (رووداو)ی گوت "لە هەفتەی رابردوودا کۆتاییمان بە وێنەگرتنی کلیپەکەم هێنا بەناوی "تۆ یاری من بووی" کە بە شێوەزاری سۆرانییە و لە میلۆدی یاسەمین یەڵدزە و لە هۆنراوەی هێمنە".

گوتیشی "ئەم کلیپەمان لە ئەورووپا وێنەگرتووەو هونەرمەندی گەنج شۆڕشڤان سدیق شەرۆ کاری دەرهێنانی بۆ کردووە".

# شاجوانی ئینتەرنێت کتێب دەبەخشێتەوە



**میوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

شاجوانی ئینتەرنێتی کوردستان کتێب دەبەخشێتە زیندانیانی شاری سلێمانی و بەشێک لە تووشبووانی شێرپەنجە.

دالیار رێبوار، شاجوانی ئینتەرنێت لەوبارەیەوە بە (رووداو)ی گوت "بەمەبەستی رووکردنە خوێندنەوە و رۆشنبیری بە هاوکاری دەزگای رۆشنبیری (جەمال عیرفان) و بە سپۆنسەریی د.تەها رەسوڵ، کۆمەڵێک کتێبمان پێشکەشی زیندانیانی چاکسازی گەوران لەسلێمانی کرد کە پێکهاتبوو لە 100 کتێبی جۆراوجۆر لە بوارەکانی فەرهەنگی، کەلتووری، شیعر و سیاسەت، هەروەها لەم رۆژانەش چەند کتێبێکی دیکەشمان بەسەر تووشبووانی شێرپەنجە دابەشکرد". دالیا گوتیشی"دوایین پرۆژەشم ئەوەیە کە لە رێگای چەند رێکخراوێکی خێرخوازی لە سوید کۆمەڵێک دەرمان و پێداویستی پزیشکی بۆ تووشبووانی شێرپەنجەی مەمک لە کوردستان کۆبکەینەوە.

# حەلاوەکەی هەیفا وەهبی بە 4 دۆلارە



**رووداو- ئاژانسەکان**

دوای ئەوەی لە میسر نمایشکردنی فیلمەکەی هەیفا وەهبی راگیرا، ئێستا لەسەر شەقامەکانی ئەو وڵاتە بە 4 دۆلار دەفرۆشرێت. فیلمی (حلاوە الروح) لە سینەماکانی میسر دزراوەو ئێستا بە ئاشکرا لە بازاڕەکان دەستاودەستی پێدەکرێ. ئەم فیلمە لەسەر سیدی دەفرۆشرێت کە لە کاتی نمایشکردنی بە دزییەوە تۆمارکراوەو تەواوی فیلمەکەی بەبێ بڕین و سانسۆر لەسەرە، ئەمەش وایکردووە کڕیارێکی زۆری هەبێت، بەتایبەت لەلایەن گەنجانی میسر.

# وائیل کەفووری: جێی راغب عەلامە پڕناکرێتەوە



**رووداو- ئاژانسەکان**

گۆرانیبێژی بەناوبانگی لوبنانی وائیل کەفووری دوای دەستنیشانکردنی بۆ شوێنی راغب عەلامە لە بەرنامەی عەرەب ئایدل، دەڵێت قەت ناتوانم شوێنی ئەو بگرمەوە. لە تویتەرەکەی خۆیدا وائیل کەفووری تویتێکی بۆ راغب عەلامە نووسیوە و دەڵێت "دوای 33 ساڵ لە نێو هونەردا، دوای چوونە نێو دڵی هەموو لوبنانییەک و عەرەبێک، پێتدەڵێم تۆ هەمیشە خۆشەویستی منی و هیچ کاتێک نە من و نە کەسی دیکە ناتوانن شوێنی تۆ پڕبکەنەوە".

لە وەڵامی ئەم پەیامەی وائیل کەفووریدا، راغب عەلامە دەڵێت "هیوای سەرکەوتن بۆ هاوڕێی خۆشەویستم وائیل دەخوازم، وائیل هونەرمەندێکی بە ئەخلاق و بەتوانایە و راوبۆچوونەکانی ئەویش باشترینە".

# رووەیدا عەتیە بە هونەری کوردی سەرسامە



**رووداو- ئیلاف**

دوای سەردانەکەی بۆ کوردستان، گۆرانیبێژی سووری رووەیدا عەتیە سەرسامی خۆی بە جوانیی شاری هەولێر و هونەری کوردی دەردەبڕێت. بۆ سازدانی چەند کۆنسێرتێکی تایبەت لە شاری هەولێر، رووەیدا عەتیە سەردانی کوردستانی کرد. رووەیدا دەربارەی شاری هەولێر دەڵێت "شایانی ئەوە بوو کە ببێتە پایتەختی گەشتیاری، لەبەر ئەوەی هەموو تایبەتمەندییەکی گەشتوگوزاری و پێشکەوتنی پێوە دیارە، بۆیە بووەتە جێی چاوتێبڕینی بازرگانان و وەبەرهێنەرانی بیانی". سەبارەت بە هونەرو میوزیکی کوردیش گوتی "من یەکێکم لە هەوادارانی هونەری کوردی کە رەسەنایەتی و تاموچێژی تایبەت بەخۆی پاراستووە، بۆیە هەوڵمداوە لە کارە هونەرییەکانمدا رەنگدانەوەی هەبێت، تاوەکو هەوادارانی منیش لە کوردستان زیاتر گوێ لە کارەکانم بگرن".

# میراندا دەبێتە گۆرانیبێژ



**رووداو- ئاژانسەکان**

نمایشکاری جلوبەرگی بەناوبانگی ئوسترالی میراندا بڕیای دا بێتە نێو دونیای گۆرانی و میوزیک و دەست بە تۆمارکردنی یەکەمین گۆرانی بکات. نۆبەرەی گۆرانیەکەی میراندا بەناوی "You're The Boss" ە کە بەهاوبەشی لەگەڵ گۆرانیبێژی ئوسترالی Bobby Fox بەشێوەی دوێت بڵاویکردەوە. میراندا ئێستا سەرقاڵی ئامادەکارییە بۆ ئەوەی کلیپ بۆ ئەم گۆرانییە بکات کە بڕیارە لە چواری مانگی داهاتوودا بڵاوبکرێتەوە. راشیگەیاند کە دەستبەرداری پیشەکەی نابێت، لەبەر ئەوەی تەنیا بۆ خۆشی و چێژبەخشین گۆرانی دەڵێت.

# بەختی رووداو

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com



**کاوڕ**
دەستکەوت و دەرامەتتان باشتر دەبێت، دەتوانن دەست بەکاری نوێ بکەن یان کارەکەتان بگۆڕن، کاتێک خۆت بۆ پرۆژەیەک ئامادە دەکەیت خۆت تووشی راڕایی مەکە. بیر لەپرۆژەی نوێ بکەنەوە سەرکەوتوو دەبن.

**گا**
بەهۆی بوونی تیشکی هەتاو لە کەلوەکەت پڕدەبیت لەهێز و توانا و چالاکی، گۆڕانکاری لەبیرۆکە نوێیەکانت دەکەیت و پاشان هەنگاویان بۆ دەنێیت، سەرچاوەی دەرامەتتان فەرامۆش مەکەن. بەرنامەیەکی باش بۆ کار و هەنگاوەکانت دیاری بکە و پابەند بە بە کارنامەکەت.

**جمک**
ناتوانی بەهەمان خێرایی پێشوو کارەکان تەواو بکەیت، هەنگاوەکان بەرەو خاوبوونەوە دەچن، وا باشە سەرەتا بەرنامەڕێژییەکی باش بکەیت پاشان دەست بە ئەنجامدانی کارەکان بکەیت. کۆنترۆڵی خەیاڵەکانت بکە، بۆ لایەنی سۆزداری کاتێکی باش نییە.

**قرژاڵ**
پلەو پایەت لەناو کۆمەڵ بەرز دەبێتەوە و بەچاوێکی رێزەوە تەماشات دەکەن، بەهۆی گۆڕانکارییە نوێیەکان، رەشبینیت نامێنێ.
سوود لەم کاتە زێڕینە وەربگرە کە ژیانت بەرەو گەشانەوە دەبات.

**شێر**
چاوەڕوانی بیستنی هەواڵێکی خۆش بن، سەرجەم کارەکان رێکدەخەنەوە و بیرۆکەی نوێ دەخەنە بواری جێبەجێکردن. کاتێکی باشە بۆ نزیکبوونەوەی زیاتر لە هاوڕێ و هاوسۆز و هاوکارەکانی کارکردن، هەوڵ بدە گفتوگۆی زیاتر دروست بکەیت و زیاتر گوێ لە بۆچوونی چواردەورەکەت بگریت.

**گوڵەگەنم**
هەموو ئەو کاتانەی وەک ئێستا بێزاربوویت خۆشییەکی گەورەی بەدوادا هاتووە، ئەم دۆخە چەند جارێک لەژیانت سەریهەڵداوە و پاشان بەگۆڕانێکی خۆش کۆتایی هاتووە. سەرکەوتوو دەبیت بەو مەرجەی لەهەموو هەنگاوەکانت هێمن بیت، لەتوڕەیی خۆت بپارێزە.

**تەرازوو**
هەوڵدان بۆ ئەنجامێکی زۆر گەورە لەماوەیەکی زۆر کەمدا قورسە، بەڵام ئەگەر ماوەی بەرنامەکانت درێژبکەیتەوە ئەگەری سەرکەوتنەکەت زیاتر دەبێت. رەنگە کارە نوێیەکەت بواری ئەوەی تێدابێت کە هەندێک پەیوەندییەکانت باش بکەیتەوە یان پەیوەندی نوێ دروست بکەیت.

**دووپشک**
فرسەتەکانی ئەم ماوەیە باش و گونجاون، بەڵام دڵنیابە لەو شوێنەی هەنگاوی دەنێیتە سەر. دەتوانی بەدەستی خۆت گۆڕانکاری دروست بکەیت و پرۆژەکانت ئەنجام بدەیت. لەگەڵ خۆشەویستەکەت دەگەیتە لێکگەیشتن. ئەو هاوکارییەت دەستدەکەوێت کە هەوڵی بۆ دەدەی.

**کەوان**
بۆ ئەنجامدانی کارێک پێویست دەبێت رێگایەکی باش هەڵبژێریت. لەلایەن چواردەورەوەخۆشەویست دەبیت. بەهۆی گۆڕانەکانی ئەم ماوەیە هەست دەکەی توانایەکی زیاترت هەیە بۆ ئەنجامدانی کارەکانت. پەیوەندی سۆزداری بەهێز دەبێت، پرۆژەکەت بۆ بەرامبەرەکەت باس بکە.

**کارژۆڵە**
هەنگاوەکانت بەشێوەیەکی باش دەڕوات بەبێ ئەوەی هیچ بەربەستێکت بۆ دروست ببێت. ئەوەی کە زۆر ئاسوودەت دەکات ئەوەیە دەتوانی لەو شتانە دڵنیا ببیتەوە کە پێشتر دڵەڕاوکێی زۆریان بۆ دروستکردبووی. بۆ دڵنیابوون پێش هەر هەنگاوێک، بەتەواوی بیربکەرەوە پاشان بڕیار بدە.

**سەتڵ**
کۆبوونەوەی کارەکان فشارێکی دەروونیتان لەسەر دروست دەکات، بەڵام بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتن پێویستە زیاتر بڕوات بەخۆت هەبێت. گرنگییەکی زیاتر بە رێز و متمانەی خۆتان بدەن بەتایبەت لەشوێنی کار و لەگەڵ بەرپرسانی کار. دوای هەموو ماندووبوونێک پشوویەکی کەم وەربگرە.

**نەهەنگ**
بۆ ئەوەی دۆخێکی نوێ لەژیانت دروست بکەیت دەتوانی سەرلەنوێ هەموو بەرنامەکان رێکبخەیتەوە بەو مەرجەی گونجاندن هەبێت و دڵنیابیت لەجێبەجێکردن. کاتێک بڕیاری رووبەڕووبوونەوە یان کێبڕکێ بدە کە دڵنیابیت لەسەرکەوتن، بەڵام ئەگەر هێمن بیت باشترە.

**بەکشتی:**

بەپێی کاتی لەدایکبوونی حیزبەکان بێت، گۆڕان و پارتی سەر بە بورجی شێرن، ئەگەر بڕیاری هاوکاری یەکتر بدەن ئەوا مەحاڵ دروست دەکەن، بەڵام بەداخەوە کەم شێر هەیە تەنازول بۆ بەرامبەرەکەی بکات و ئەو مەحاڵە بێتەدی کە خەڵکی ئێمە چاوەڕوانی دەکات. یەکێتی بورجی دووانەیە، بەئاسانی هەست بە مەترسییەکان دەکات و دەتوانێت دۆخەکان شیبکاتەوە، بەڵام لەم کاتەدا ناتوانێت کۆنترۆڵی راڕاییەکانی بکات. واباشە هیچ لایەنێک خۆی تەنگەتاو نەکات، چونکە هیچ شتێکی تازە روونادات، ئەوەی لەهەڵبژاردنەکاندا دێتەدی هەر ئەوەیە کە خەڵک چاوەڕوانی دەکات، وەک هەڵبژاردنەکانی پێشوو ئەنجامەکان ئاشکران. ئەگەری ئەوەش هەیە ئەم هەڵبژاردنە ببێتە وانەیەکی دیموکراسی و ئەو لایەنانەی سەرکەوتوو نابن پیرۆزبایی لەلایەنی براوە بکەن، بەپێچەوانەی رابردوو کە دەیانگوت تەزویرە.



**ماوڕێ مەنسور بەگ***

# دەربازبوونی کورد لە وابەستەیی

جۆن کەنەدی دەڵێت: لە کاتی بارگرژی، وریای مەترسییەکان بە. بەڵام هەردەم بۆ دەرفەت بگەڕێ.

ساڵی 1973، وڵاتانی عەرەبی بەرهەمهێنی نەوت، بە سەرکردایەتی سعودیە هەناردەکردنی نەوتیان بۆ ئەمریکا راگرت و گورزێکی کاریگەریان لە ولایەتە یەکگرتووەکان دا. ئامانجی ئەوان فشارخستنە سەر ئەمریکا بوو بۆ ئەوەی پشتیوانییە سەربازی و سیاسییەکانی بۆ ئیسرائیل رابگرێت. ئابووریی ئەمریکا زیانی گەورەی پێگەیشت و هەموو جیهان بەچاوی خۆیان بینییان کە ئەمریکاش سەرەڕای زەبەلاحیەکەی لەڕووی سەربازی و تێکنۆلۆجی، خاڵێکی لاوازی ستراتیجیی هەیە، ئەویش پشتبەستنە بە وڵاتانی عەرەبی و بە ئێران کە لە بنەڕەتدا چەندین ناکۆکی ستراتیجی لێکیان دووردەکاتەوەو ئەمریکا دووچاری مەترسی کەمەرشکێن دەکات سەبارەت بە دابینکردنی ئاسایشی وزە.

هەرچەندە ولایەتە یەکگرتووەکان بۆ ماوەیەکی کاتی زیانی گەورەی بەرکەوت، بەڵام ئەو ڕێوشوێنانەی سەرکردەکانی ئەوکاتی ئەمریکا گرتیانەبەر بۆ رووبەڕووبوونەوەی قەیرانی نەگەیشتنی نەوتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، شکستی بە گەمارۆکەی وڵاتانی عەرەبی هێنا. سەرۆکی ئەوسای ئەمریکا جێراڵد فۆرد و وەزیری دەرەوە هێنری کیسینجەر، بۆ رووبەڕووبوونەوەی تەنگژەی نەهاتنی نەوت بڕیاری دامەزراندنی یەدەگی ستراتیجی نەوتیان دا کە بریتی بوو لە چەند کۆگایەکی زەبەلاحی نەوت. کۆگایەکان توانای عەمبارکردنی 727 ملیۆن بەرمیل نەوتیان هەبوو کە تا ئێستاش بە گەورەترین شوێنی عەمبارکردنی نەوت دەژمێردرێت لەسەر ئاستی جیهان. هەر جارێک ئەمریکا دووچاری کەمیی نەوت ببێتەوە، ئەم کۆگایانەی عەمبارکردنی نەوت دەکەونە کار و بۆ ماوەیەکی باش ئەمریکا لە کەمیی وزە و کارەگەرییەکانی دەپارێزن.

سەرەڕای کۆگای ستراتیجیی نەوت، ولایەتە یەکگرتووەکان چەندین یاسا و رێنماییشی کردە نەخشە ڕێگا بۆ کۆمپانیاکانی وەکو ئۆتۆمبێل و بەرهەمهێنانی وزە و دامودەزگا حکومی و ناحکومییەکان بۆئەوەی بە کاریگەرترین و کەمترین رێژە وزە بەکاربهێنن و ئامێرەکانیان بەشێوەیەک ساز بکەن کە وزە بەفیڕۆ نەدات. ئەمریکا لەبەرچاوی وڵاتانی عەرەبی و ئێران بەرەو سەربەخۆبوونی وزە هەنگاوی دەنا، بە جۆرێک ئەو وڵاتانەی تووشی دڵەڕاوکێ کرد کە رەنگبێت بۆ هەتا هەتایە کڕیارێکی گەورەی وەک ئەمریکا لەدەستبدەن و ئەمریکا ببێتە مۆدێلێک بۆ کڕیاری دیکەش و لە ئایندەدا وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت و نەوتەکەشیان بێ نرخ بکەن. وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پەلە، بەر لە پێکاندنی ئامانجەکانیان و بێ ئەوەی ئەمریکا تۆزقاڵێک پشتیوانییەکانی بۆ ئیسرائیل رابگرێت، کۆتاییان بە گەمارۆی هەناردەکردنی نەوت هێنا. کەلتووری پاراستنی وزە ئێستاش لە ئەمریکا کاریگەری خۆی هەیە و ئەوروپاییەکانیش چوونەتە سەنگەری دژی زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی نەوت و گاز. کۆمپانیایەکی ئەمریکی ئێستا سەرقاڵی پەرەپێدانی جۆرە ئۆتۆمبێلێکە بە ناوی "تێسلا" کە تەنها پشت بە پاتری و وزی کارەبا دەبەستێ. ئەمساڵ بەپێی ئامارەکان، ئۆتۆمبێلی تێسلا پرفرۆشترین جۆری ئۆتۆمبێلە لە وڵاتێکی خاوەن نەوتی وەک نەرویژ.

لێرەدا، با وتەکەی جۆن کەنەدی بیربهێنینەوە و ئەم پرسیارانە بکەین:

تۆ بڵێی گەمارۆی سەر هەرێمی کوردستان و قەیرانی مووچە دەرفەتێک نەبێت بۆ کورد بۆ بیرکردنەوە لە دەربازبوون لە وابەستەیی بە حکومەتی ناوەند؟ تۆ بڵێی هەوڵدان بۆ هەمەلایەنکردنی سەرچاوەکانی داهات و گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و گەشتوگوزار و سامانەکانی دیکەی کوردستان، زەنگێکی هۆشیارکردنەوە نەبێت بۆ کاربەدەستانی بەغدا کە کورد لە ئایندەدا پارە و پوولەکەی حکومەتی ناوەند بێ نرخ دەکات؟. تۆ بڵێی ئەم بارگرژییەی ئێستا دەرفەتێکی زێڕینی بۆ سەربەخۆیی ئابووری لەگەڵ خۆی نەهێنابێت؟

***شارەزا لەبواری وزە**



## لە بانکی کوردستان و بانکێکی ئیماراتی دانراوە

# داهاتی ساڵی رابردووی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان 3 ملیار دۆلار بووە

## شیرینی گرێبەستەکانی نەوت 4 ملیار دۆلارە

**بیلال سەعید**
**رووداو- هەولێر**

بەپێی راپۆرتی دارایی ساڵانەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، لەماوەی شەش ساڵی رابردوودا سەرجەمی داهاتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان 9 ملیار و 714 ملیۆن و 331 هەزار و 741 دۆلار بووە، بەڵام سەرجەم تێچووەکانی بەکارخستن و خەرجیە گشتییە هاوبەشەکان و پارەی تەرخانکراو بۆ پرۆژەکان 8 ملیار و 794 ملیۆن و 110 هەزار و 220 دۆلار بووە.

### ساڵ بە ساڵ بڵاوی دەکاتەوە

راپۆرتی دارایی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ یەکەمجارە بڵاودەکرێتەوە، راپۆرتەکە خشتەیەکی گشتگیری دەستکەوتەکان و خەرجییەکانی شەش ساڵی پێشووتری تێدایە.

لە پێشەکی راپۆرتەکەدا، د.ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان ئاماژەی بەوە داوە کە لە پێناو ئەوەی راپۆرتەکە وێنەیەکی تەواوەتی ببەخشێت، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بەم زووانە راپۆرتێکی دارایی ساڵانەی جیا بۆ هەریەک لە ساڵەکان لە 2007ەوە تاوەکو ساڵی 2012 بڵاودەکاتەوە.

### داهاتی نەوت 9 ملیار دۆلار بووە

داهاتی نەوت و گازی کوردستان لە داهاتی بەکارخستن (فرۆشی نەوتی خاو و بەرهەمەکان، شیرینی گرێبەستەکانی بەرهەمهێنانی هاوبەش و هی دیکە) و داهاتی بەدەر لە بەکارخستن پێکدێت.

وەک لە راپۆرتەکەدا هاتووە، فرۆشی نەوتی خاو و بەرهەمەکانی تاوەکو کۆتایی 2012 بڕی 4 ملیار و 900 ملیۆن و 53 هەزار و 537 دۆلار بووە. هەروەها شیرینی گرێبەستەکانی بەرهەمهێنانی هاوبەش 3 ملیار و 854 ملیۆن و 893 هەزار و 693 دۆلار بووە. داهاتی دیکەش 739 ملیۆن و 987 هەزار و 437 دۆلار بووە.

بەشی دووەمی داهاتەکە کە داهاتی بەدەر لە بەکارخستن بووە، لە ماوەی شەش ساڵی رابردوودا 228 ملیۆن و 397 هەزار و 194 دۆلار بووە.

بە هەردوو جۆری داهاتەکە، داهاتی شەش ساڵی رابردووی ئەو وەزارەتە گەیشتووەتە 9 ملیار و 714 ملیۆن و 331 هەزار و 861 دۆلار.

### پوختەی تێچووەکان 8 ملیار دۆلارە

بەشی دووەمی راپۆرتەکە تەرخانکراوە بۆ پوختەی تێچووەکان کە لە دوو بەش پێکدێت: تێچووەکانی بەکارخستن و خەرجییە گشتییە هاوبەشەکان و دابینکردنی پارە بۆ پرۆژەکان.

تێچووەکانی بەکارخستن و خەرجییە گشتییە هاوبەشەکان لە ماوەی شەش ساڵی رابردوودا بەپێی راپۆرتەکە 2 ملیار و 940 ملیۆن و 527 هەزار و 260 دۆلار بووە. ئەو بڕە پارەیەش بەو شێوەیە دابەشکراوە:

– ملیارێک و 453 ملیۆن و 415 هەزار و 241 دۆلار بۆ پاڵاوتن و پشتگیری لۆجستیکی.

– 899 ملیۆن و 401 هەزار و 998 دۆلار دراوە بە کۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتیەکان.

– 221 ملیۆن و 824 هەزار و 369 دۆلار دراوە بە هێزی ئاسایش بۆ پاراستنی کێڵگە نەوتییەکان و دامەزراوە نەوتیەکان.

– 167 ملیۆن و 434 هەزار و 418 دۆلار بۆ خەرجییە گشتییە ناڕاستەوخۆکان.

– 198 ملیۆن و 451 هەزار و 234 دۆلار بۆ "هی تر" بەکارهێنراوە.

بەشی دووەمی خەرجییەکان کە پارەی پرۆژەکانە، بەپێی راپۆرتەکە، لە ماوەی شەش ساڵی رابردوودا وەزارەتی ناوبراو بڕی 5 ملیار و 853 ملیۆن و 582 هەزار و 960 دۆلاری بۆ پرۆژەکان خەرجکردووە. بەو شێوەیە سەرجەم تێچووەکانی وەزارەت لە ماوەی ئەو شەش ساڵەدا 8 ملیار و 794 ملیۆن و 110 هەزار و 220 دۆلار بووە.

### دهۆک زۆرترین پارەی نەوتی دراوەتێ

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە تێچووی پرۆژەکاندا، لە خشتەیەکدا چۆنیەتی خەرجکردنی ئەو پارەیەی روونکردووەتەوە. پارەکە بەشێوەیەکی راستەوخۆ دراوەتە پرۆژەی پارێزگاکان لە نێو پارێزگاکانیش بە پلە یەک دهۆک سوودمەند بووە و بە پلە دووش گەرمیان.

### تێچووی پرۆژەکان پێکدێن لە:

– 997 ملیۆن و 86 هەزار و 778 دۆلار بۆ کڕینی بەرهەمەکانی سووتەمەنی کە "راستەوخۆ لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتیەکانەوە پارەی دراوە.

– ملیارێک و 100 ملیۆن دۆلار دابینکراوە بۆ وەزارەتی دارایی (سووتەمەنی).

– ملیارێک و 96 ملیۆن و 123هەزار و 973 دۆلار دابینکراوە بۆ وەزارەتی دارایی "هی دیکە".

– ملیارێک و 381 ملیۆن و 316 هەزار و 351 دۆلار دابینکراوە بۆ وەزارەتەکانی دیکە.

– 386 ملیۆن و 399 هەزار و 576 دۆلار بۆ پرۆژەکانی دهۆک.

– 357 ملیۆن و 846 هەزار و 930 دۆلار بۆ پرۆژەکانی ئیدارەی گەرمیان.

– 297 ملیۆن و 678 هەزار و 145 دۆلار بۆ پرۆژەکانی پارێزگای سلێمانی.

– 237 ملیۆن و 131 هەزار و 206 دۆلار بۆ پرۆژەکانی پارێزگای هەولێر.

### حیسابەکەی وەزارەت چەندی تێدایە؟

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوە، لەساڵی 2007 لەرێگەی پەرلەمانی کوردستانەوە یاسای ژمارە 22ی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دەرچووە، لە ماوەی دامەزراندنیدا وەزارەتی سامانە سروشتییەکان تاوەکو ئێستا سێ راپۆرتی مانگانەی لەبارەی بڕی دەرهێنان و ژمارەی سەکۆ و بیرە نەوتەکانی کوردستانی بڵاوکردووەتەوە.

دوای لێدەرکردنی خەرجی (8 ملیار و 794 ملیۆن و 110 هەزار و 220 دۆلار) و داهات (9 ملیار و 714 ملیۆن و 331 هەزار و 861 دۆلار) باڵانسی نەخت (نەقد) لە کۆتایی ساڵی 2013دا بڕی 920 ملیۆن دۆلار و 221 هەزار و 641 دۆلار بووە. واتە حیسابی وەزارەت لە کۆتایی ساڵی 2013دا ئەو بڕە پارەیەی تێدابووە.

### دوو ساڵ خەرجی لە داهات زیاتر بووە

بەپێی خشتەیەکی راپۆرتەکە، داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان لە کۆتایی ساڵی 2007دا بڕی 29 ملیۆن و 636 هەزار و 714دۆلار بووە، بەڵام لەساڵی 2013دا ئەو داهاتە 2 ملیار و 888 ملیۆن و 412 هەزار و 863 دۆلار بووە.

سەبارەت بە تێچوو و خەرجییەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە ساڵی 2007 بە 6 هەزار و 382 دۆلار دەستی پێکردووە و لەساڵی 2013 زۆرترین خەرجی هەبووە کە ئەویش بڕەکەی 4 ملیار و 88 ملیۆن و 311 هەزار و 691 دۆلار بووە. بەمەش لەو ساڵەدا خەرجی لە داهاتی زیاتر بووە. کە داهاتەکەی 348 ملیۆن و 212 هەزار و 912 دۆلار بووە و خەرجییەکەشی 480 ملیۆن و 333 هەزار و 541 دۆلار بووە.

### پارەی نەوت لە چ بانکێکە؟

یەکێک لەو پرسانەی کە بەشێوەیەکی بەردەوام قسەی لەسەردەکرا، شوێنی هەڵگرتنی پارەی نەوتی هەرێمی کوردستان بوو، بەپێی راپۆرتی دارایی وەزارەت، باڵانسی 2013ی بەپێی حسابی بانک، بڕەکەی 920 ملیۆن و 221 هەزارو 641 دۆلار بووە کە لە (بانکی ناوەندی کوردستان، بانکی نێودەوڵەتی کوردستان و بانکی شاریقەی ئیماراتە)ە، ئاماژەش بەوە کراوە کە حسابی بانکی لە HSBC BANK PLC داخراوە.

### 13 ملیۆن دۆلاری بە هەلیکۆپتەر داوە

تێچووی پرۆژەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان سنووری هەرێمی کوردستانی بڕیوە و گەیشتووەتە شوێنێکی ناوچە ناکۆکی لەسەری وەکو دووزخورماتوو کە بڕی 7 ملیۆن دۆلاری بۆ ئەو شارۆچکەیە خەرجکردووە. هەروەها بڕی 10 ملیۆن دۆلاری بۆ ئاوارەکانی رۆژئاوای کوردستان خەرجکردووە. 16 ملیۆن دۆلار بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی شەڕی ناوخۆ، 13 ملیۆن دۆلار بۆ کڕینی هەلیکۆپتەر بۆ هێزەکانی ناوخۆ. 80 ملیۆن دینار بۆ دروستکردنی فڕۆکەخانەی دهۆک، 2 ملیۆن دینار بۆ پشتیوانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان.

### پوختەی داهاتەکان 2007 – 2013:

| | |
|---|---|
| داهاتی بەکارخستن | $9,485,934,667 |
| دابەشبوونی داهاتی بەکارخستن: | |
| فرۆشی نەوتی خاو و بەرهەمەکانی | $ 4,900,053,537 |
| شیرینی گرێبەستەکان | $ 3,845,893,693 |
| هی تر | $ 739,987,437 |
| داهاتی بەدەر لە بەکارخستن | $ 228,397,194 |
| کۆی گشتی داهات | $ 9,714,331,861 |

### پوختەی تێچووەکان 2007 - 2013:

| | |
|---|---|
| بەکارخستن و خەرجییە گشتییە هاوبەشەکان | $ 260,527,940,2 |
| دابەشبوونی بەکارخستن و خەرجییە گشتییە هاوبەشەکان: | |
| پاڵاوتن و پشتگیری لۆجستی | $ 1,453,415,241 |
| پارەی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان | $ 99,401,998 |
| پاراستنی کێڵگە نەوتییەکان | $ 221,824,369 |
| هی تر | $ 198,451,234 |
| خەرجییە گشتییە ناڕاستەوخۆکان | $ 167,434,418 |
| دابینکردنی پارە بۆ پرۆژەکان | $ 5,853,582,960 |
| کۆی گشتی تێچووەکان | $ 8.794.110.220 |

### پارەی داهاتی خەرجکراو بۆ پرۆژەی پارێزگاکان لە ساڵی 2007- 2013:

| پارێزگا یان ئیدارە | بڕ بەدۆلار | رێژەی کۆی خەرجیی پارێزگاکان |
|---|---|---|
| پارێزگای دهۆک | 386.399.576 | %30.2 |
| ئیدارەی گەرمیان | 357.846.930 | %28.0 |
| پارێزگای سلێمانی | 297.678.145 | %23.3 |
| پارێزگای هەولێر | 237.131.206 | %18.5 |
| کۆی گشتی | 1.279.055.857 | %100 |

### داهات و خەرجی بەپێی ساڵەکان:

| ساڵ | سەرجەمی داهات بەدۆلار | سەرجەمی تێچوون بەدۆلار |
|---|---|---|
| 2007 | 29.636.714 | 6.382 |
| 2008 | 983.229.257 | 238.652.705 |
| 2009 | 348.212.912 | 480.333.541 |
| 2010 | 907.012.064 | 490.130.460 |
| 2011 | 2.204.613.249 | 1.332.780.940 |
| 2012 | 2.353.210.801 | 2.163.894.500 |
| 2013 | 2.888.416.863 | 4.088.311.691 |
| کۆی گشتی | 9.714.331.861 | 8.794.110.220 |



دکتۆر ئێکرام حوسێن

## وەزارەتی تەندروستی بە تووڕێک

ئەو توورە قوڕاوییە دەڵێم کە لەناو خەڵکیدا وەک دەستەواژەیەکی باو بۆ شتی بێ بەها بەکاردەهێنرێت، سفرە هەزار ساڵ تووری لەسەر نەبێت پەکیناکەوێ، ئینجا توور خۆی بەو بێ نرخیە و جا ئەگەر توورەکە قوڕاویش بێت.

لەم کابینە تازەیەدا کە پێکبێت یان نا ئیتر لای خەڵک گرنگ نەماوەو حەوسەڵەی نەماوە چاوەڕێی بکات، حیزبەکان هەر هێندەی تووڕێکی قوڕاوی لە وەزارەتی تەندروستییان پرسییەوە. لە چوار ساڵی رابردوودا هیچ رووداوێکی نەخوازراو بەهۆی کەمتەرخەمی وەزارەتی ناوخۆ یان پێشمەرگەوە نەبووە کەرەستەی راگەیاندن، بەڵام مردنی سێ منداڵەکە لە هەولێر بەهۆی گەستنی سەگی هارەوە و مردنی ژنەکەی سلێمانی بەهۆی دەرزی و رووداوە جەرگبڕەکەی نەخۆشخانەی رزگاری کە تا ئێستاش لیژنەکە هەر خەریکی لێکۆڵینەوەن لە هۆکاری کوێربوونی 30 کەس، گەرمترین هەواڵ بوون و زۆرترین قسەیان لەبارەوە کراو بێزمانانی هێنابووە زمان.

بێ بەهایی وەزارەتی تەندروستی بەو رادەیەی تەنانەت لایەنە بچووکەکانیش خۆیانی لێ لادەدەن، بێ هیوایی دروستدەکات و ئەو ئەنجامەش دەدات بەدەستەوە کە چوار ساڵی داهاتووش لە وەزارەتی تەندروستی هەر هەمان تاس و حەمام دەبێت.

لە 4 ساڵی رابردوودا میدیای حیزبەکان کوێربوونی چەند هاووڵاتییەکی خێرلەخۆنەدیویان کردە ئامرازی راکێشانی سۆزی خەڵک، راگەیاندنەکان ئاڤاستینیان کردە بەنێوبانگترین وشە، بۆ هەڵبژاردنەکەی پەرلەمانیش گۆڕان خاوەنی جوانترین پرۆژەی تەندروستی بوو، پرۆژەکەی پارتیش هەر لە چیرۆکی گوێ ئاگردان دەچوو، یەکێتیش پرۆژەیەکی مامناوەندی هەبوو، بەڵام خراپ بووبن یان باش، بەو خەڵکە چی؟ خۆ لەم حکومەتی سفرە فراوانەدا تەندروستی تاکە هەواڵێکیشی پێ نەبڕا کە شڕە راگەیاندنێک لەسەری بکات و بڵێ فلان لایەن وەزارەتی تەندروستی دەوێت.

ئەوەی جێی خۆشبەختییە، جەڵتەو نەخۆشیی لەناکاو جیاوازی ناکات لە نێوان هەژار و دەوڵەمەند و ئەم و ئەو، گەر ئێوەی لێپرسراوان گوێ بە تەندروستی و نەخۆشخانەکان نەدەن، دواجار فڕۆکەش فریاتان ناکەوێت عەزیزانم.

لە ئەمریکا و بەریتانیا خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان چارەنووسی ئۆباماو کامیرۆنیان یەکلاکردەوە، لێرەش وەزارەتی تەندروستی بە تووڕێکی قوڕاوی.



# هەندێک لە دایکان و باوکان منداڵەکانیان بەرەو مەرگ دەبەن

**تەرزە عەبدوڵڵا**
**رووداو- سلێمانی**

هەندێک لە دایکان بۆ چارەسەری منداڵەکانیان پەنا دەبەنە بەر ئەو کەسانەی گیا و دەرمانی کوردەواری بەکاردێنن. بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی منداڵانیش لە سلێمانی دەرمانە گیایی و میللییەکان بە هۆکارێکی مردنی منداڵان دەزانێ، بەڵام دایکان و باوکان هاوکاری بەدواداچوونی یاسایی کەیسەکان ناکەن.

دکتۆر هێرش محەممەد، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی منداڵان بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی گوت "ئێمە وەکو نەخۆشخانەی منداڵان چەندین جار سکاڵامان تۆمار کردووە لە دژی ئەو کەس و شوێنانەی دەرمانی میللی و نازانستی دەدەنە منداڵان، بەڵام چونکە دایک و باوکی منداڵەکان وەکو شایەت یان سکاڵاکار لەبەردەم دادوەر ئامادە نابن، سوودێکی ئەوتۆی نەبووە و کارەکە سەنگی یاسایی نەبووە".

دکتۆر هێرش نەبوونی توێژەری کۆمەڵایەتی لە نەخۆشخانەکانی منداڵان بە هۆکارێکی سەرەکی ئەوە دەبینێت کە منداڵ لەم وڵاتەدا لەبری رێگەچارەی زانستی، بە رێوشوێنی ئەفسانەیی و بەسەرچوو چارەسەر بکرێن "پزیشک تەنیا چارەسەر دیاری دەکات و ناتوانێت کۆنترۆڵی ئەوە بکات دایک و باوک بە رەفتاری نازانستی منداڵەکەیان بخەنە مەترسییەوە، بەڵام توێژەری کۆمەڵایەتی کار لەسەر مافی منداڵ دەکات و ناهێڵێت چارەسەری نازانستی پێبدرێت، یان پشتگوێ بخرێت و وەک پێویست دەرمانەکانی نەخۆشخانەی پێنەدرێت".

بەپێچەوانەی دەرمانە مۆدێرنە پزیشکییەکانەوە، دەرمان و چارەسەرە میللییەکان نە پێکهاتەکەیان دیارە، نە زیانەکانیان روونکراوەتەوە، نە بەڵگە هەیە بۆ کاریگەریی ئەرێنییان و نە مێژووی دروستکردن و بەسەرچوونیان دەزانرێت. واتە لە زیاتر لە روویەکەوە ژیان و تەندروستی منداڵ دەخەنە مەترسییەوە.

د.جەمال ئەحمەد رەشید، پزیشکی راوێژکاری منداڵان کە نزیکەی 40 ساڵە چارەسەری منداڵان دەکات، باس لەوە دەکات کە هەندێک خەڵک هەن بڕوایان بە دەرمانی گیایی زیاترە وەک لە دەرمانی پزیشکی "هەندێک خێزان کە منداڵەکانیان نەخۆش دەکەون، بەبێ ئەوەی پرس بە پزیشک بکەن، لە نەخۆشخانە دەیبەنە دەرەوە تا دەرمان و چارەسەری میللی پێبدەن، ئەمە هەندێکجار کێشە دروست دەکات بۆ منداڵەکە".

### پزیشکێک: لە زانستی پزیشکیدا شتێک نییە بەناوی ناوککەوتن و بەبۆنکەوتن و باژەڵە

دکتۆر جەمال دەڵێ "کارەساتەکە هەر ئەوە نییە منداڵ دەرمانی گیایی دەدرێتێ و دەمرێ، کارەساتەکە لەوەدایە بۆ نەخۆشیی ئەوتۆ بەکاردەهێنرێن کە لەڕاستیدا بوونیان نییە، وەک ناوککەوتن و بەبۆنکەوتن و باژەڵە کە لە زانستی پزیشکیدا چارەسەریان بۆ نەدۆزراوەتەوە چونکە وجودیان نییە، ئەگەرنا وەکو چەندین نەخۆشیی دیکە چارەسەریان بۆ دیاری دەکرا".

پزیشکە پسپۆڕەکەی منداڵان دەڵێت هەندێکجار دەرمانە میللییەکە ناڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی مردنی منداڵ "هەندێک خێزان وا دەزانن منداڵەکەیان بەبۆن کەوتووە، دەیبەن دەرمانی گیایی دەدەنێ کە کەس نازانێ چی تێدایە، گرفت لەوەدایە ئەم منداڵە لەوانەیە نەخۆشییەکی ترسناکی وەک هەوکردنی پەردەی مێشک (سەحایا)ی هەبێت، ئەم نەخۆشییەش ئەگەر زوو چارەسەر نەکرێت لەوانەیە ببێتە هۆی مردنی منداڵەکە".

ئەو پزیشکە بەشێک لە هۆکارەکانی باوەڕی خەڵک بە پزیشکی میللی و گیا و دەرمانی کوردەواری باس دەکات و دەڵێت "بەشێک لە نەخۆشییەکانی منداڵان ڤایرۆسین و دوای تەواوبوونی سووڕی نەخۆشکەوتنەکە، خۆبەخۆ چاک دەبنەوە. ئەگەر لەو ماوەیەدا دەرمانی میللی بدەنە منداڵەکە، وادەزانن بە دەرمانەکە چاک بووەتەوە، لەڕاستیدا دەرمانە میللییەکە لەوبارەدا هیچ رۆڵێکی نەبووە لە چارەسەردا".

جێبەجێکردنی فەرمانی داخستنی دەرمانگە و شوێنی چارەسەریيە میللییەکان لە دەسەڵاتی پۆلیسدایە و ئەوانیش رەتیدەکەنەوە کە کاری خۆیان رانەپەڕاندبێ.

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی گوت "ئەو دوکانانەی دەرمانی گیایی دەفرۆشن لەلایەن وەزارەتی تەندروستی و بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سلێمانیەوە مۆڵەتیان پێدراوە، ئەگەر نوێنەری لایەنی تەندروستی پێمانبڵێت کە لایەنێک سەرپێچی رێنماییەکانی کردووە، ئێمە رێکاری یاسایی لەگەڵ ئەو لایەنە سەرپێچیکارە دەگرینەبەر".



# نەخۆشی لەشساغ

**د. زاهیر سۆران**

زۆر ناخۆشە مرۆڤ بەهۆی نەخۆشییەکەوە ناڕەحەت بێت، لەوەش ناخۆشتر ئەوەیە مرۆڤ هەست بکات نەخۆشە، بەڵام جەستەی ساخ بێت.

هەمووان دەزانین کە پەیوەندیی نێوان جەستە و رۆحی مرۆڤ زۆر بەهێز و ئاڵۆزە، هەریەکەیان تەواوکەری ئەوی دیکەیە و بێ یەکدی کەموکوڕی دەکەوێتە نێو فەنکشنەکانی لەش و ئەوسا مرۆ هەست بە چەند نیشانەیەک دەکات و خۆی بە نەخۆش دەزانێت.

نەخۆشییەکە:

ئەگەر لە ماوەی 6 مانگ یان زێدەتردا مرۆڤێک هەست یان گومانی ئەوەی لا دروست ببێت کە نەخۆشەو لە جەستەیدا نەخۆشییەک هەیە و هاوکات ئەو نەخۆشییە جەستەیی نەبێت، ئەوا بە نەخۆشی لەشساغ نێودەبرێت. نێوی نەخۆشییەکە لە زاراوەی Hypochondrios ی گریکییەوە هاتووە کە بە مانای ژێر پەراسوو دێت.

ئەم نەخۆشییە یەکێکە لە نەخۆشییە دەروونیە گرنگە بڵاوەکانی دنیا و بە نەخۆشیی (Hypochondriasis) ناسراوە. لەم بارەدا مرۆ هەست دەکات لەژێر پەراسووەکانی قەفەزەی سنگیدا یان زێدەتر لە نێو دڵدا نەخۆشە یان شتێکی هەیە. بە واتایەکی دی نەخۆشییەکە یان ئازارەکە رۆحییە نەوەک جەستەیی.

بەپێی هەندێک ئامار، رێژەی ئەو کەسانەی بە دەست ئەم نەخۆشییەوە دەناڵێنن لە نێوان 4-25% دایە. لە دنیادا گەلێک مرۆی بەناوبانگ لە تەمەنێکی ژیانیاندا تووشی ئەم نەخۆشییە بوون. هەندێکی دی دەڵێن نزیکەی 10%ی دانیشتووان ئەم نەخۆشییەیان هەیە و بەلایەنیکەمەوە رۆژانە پزیشک نەخۆشێک دەبینێت، هەندێکجاریش هێورکردنەوەی نەخۆش ئەستمە یان فرە ناڕەحەتە.

هۆکارەکانی نەخۆشییەکە:

ئەو نەخۆشییە زیاتر لە تەمەنی نێوان 20-50 ساڵاندا دەردەکەوێت. بە دەگمەن نەخۆشییەکە لە منداڵدا دەردەکەوێت. تاوەکو ئەمڕۆ بە تەواوی هۆی نەخۆشییەکە نازانرێت، بەڵام توێژینەوە لە هەموو بارەکانی نەخۆشییەکەوە بەردەوامە. هەندێک پسپۆڕ ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە زۆرجاران مرۆ تووشی کەموکوڕی لە گەیاندنی هێماکانی وەک سێرۆتۆنینی نێو مێشکیاندا دەبن.

نیشانەکانی:

مرۆڤ هیچ نەخۆشییەکی جەستەیی نییە جگە لە گومانکردن یان هەستکردن بە نەخۆشییەکی کوشندە (شێرپەنجە، ئایدز ...تاد) کە تەنیا لە خەیاڵی خۆیدا دەیبینێت. جۆر و شێوەی هەستکردنەکەش جیاوازە، هەندێکجار نەخۆش ناوبەناو یان لەوانەیە زوو زوو خۆی بگەیەنێتە لای پزیشک بۆ دووبارەو سێ بارە تێستکردنەوەی تاقیگەیی و ECG و گفتوگۆکردن دەربارەی نەخۆشییەکەی. ئەو کەسانەی تووشی ئەم نەخۆشییە دەبن زۆر گومان لە پزیشک دەکەن کە یارمەتییان نادات یان چارەسەری نەخۆشییەکەیان ناکات، لەبەرئەوەشە زۆر گلەیی و سکاڵا دەکەن.

دەستنیشانکردن:

- پێناسەی نەخۆشییەکە.
- هەرچەندە تێستە تاقیگەییەکانی نەخۆش نێگەتیڤە، بەڵام بەردەوام مرۆڤ گومان دەکات نەخۆشە.
- زۆرجاران نەخۆش دەترسێت، ترس نیشانەیەکە بۆ یارمەتیدانی دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکە.
- سێ توێژینەوەی نوێ ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هەرچەندە مرۆ دەستنیشانی نەخۆشییەکەی کراوە، بەڵان لە 50-70%ی نەخۆشەکان ئەومەرجانەی دەستنیشانکردنیان بەسەردا ناسەپاوە کە لە نەخۆشییە دەروونییەکاندا پیادەدەکرێت.

چارەسەرکردن:

باشترین شێوەی چارەسەرکردن بریتییە لە چارەسەرکردن بە (Cognitive-Behavioral Therapy، CBT). لەم بارەدا نەخۆش دەرمانی SSRI یشی دەدرێتێ.

***پسپۆڕی نەخۆشییە درمەکان و گشتییەکان**



# خواردنی کرم و مێروو لە گۆشتی بەرخ و مانگا بەسوودترە

**رووداو-AP**

پسپۆڕانی زانستی و رێکخراوە جیهانییەکان، هانی خەڵکی دەدەن دەست بە خواردنی کرم و مێرووەکان بکەن. لە ئەمریکای لاتین و باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا و چەند بەشێکی کیشوەری ئەفریقا، کرم و مێرووەکان بەشێکن لە خۆراکی دانیشتووان، بەڵام خەڵکی بەشێکی زۆری جیهان بێزیان لە باسکردنیشی دەبێتەوە.

رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەڵێن ئەگەر کرم و مێرووەکان نەکرێنە بەشێک لە خۆراکی رۆژانەی مرۆڤ، ئەستەمە لە ئایندەدا خۆراک بەشی دانیشتووانی جیهان بکات.

چێشتلێنەرێکی فەرەنسی لەشاری تۆلۆزی فەرەنسا یەکەم ژەمی ئامادەکراوی کرم و مێروو پێشکەشی کڕیارەکانی دەکات "پێشتر هەرگیز لە کرم و مێروو چێشتم دروست نەکردووە. یەکەمجار کە بۆنی ئەم چێشتە نوێیەم کرد، بۆنی قارچکم بیرکەوتەوە". جان لوک تریمای چێشتلێنەر وا دەڵێت.

رێکخراوە جیهانییەکان دەڵێن ژمارەی دانیشتووانی جیهان بە خێرایی زیاد دەکات، بەجۆرێک لە ساڵی 2050 دا دەگاتە 9 ملیار کەس، بەڵام بڕی خۆراکی دەستکەوتوو بەو رادەیە زیاد ناکات، ئەویش بەهۆی گۆڕانی ژینگە و کەمبوونەوەی بەپیتیی زەوییە کشتوکاڵییەکان و بەربڵاویی راوە ماسی و پیسبوونی ژینگە. بۆیە دەبێت مرۆڤ بەدوای بەدیلێکی دیکەی خۆراکدا بگەڕێت و بۆ ئەمەش زانایان کرم و مێرووەکان بە باشترین رێگا چارە دەزانن.

ج.ر. دیفرایس، پسپۆڕی کرم و مێرووەکان لە فەرەنسا دەڵێت "کرم و مێرووەکان سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی پرۆتین و کانزا و ڤیتامینەکانن و بە چەورییە بەسوودەکانی وەک ئۆمێگا 3 و 6 و 9 دەوڵەمەندن".

بەپێی توێژینەوەکان لە هەر 100 گرام سیسرکەدا 21 گرام پرۆتین هەیە، ئەمەش بە بەراورد بە گۆشتی بەرخ جیاوازییەکی گەورەی نییە کە لە هەر 100 گرامی گۆشتەکەیدا 26 گرام پرۆتین هەیە. لەگەڵ ئەمەدا بڕی ماددە زیانبەخشەکان لە گۆشتی کرم و مێرووەکاندا کەمترە لەوەی لە ئاژەڵەکاندا هەیە.

هەروەها کرم و مێرووەکان بەتێچوونێکی کەمتر بڕێکی باش بەرهەم دەدەن، بە جۆرێک مانگایەک بۆ ئەوەی 1 گرام گۆشت بدات دەبێت 8 گرام خۆراک بخوات، کەچی جۆرە جیاوازەکانی مێرووەکان بە خواردنی تەنیا دوو گرام، گرامێک گۆشت دەدەن.

هەروەها بەپێچەوانەی کرم و مێرووەکانەوە، ئاژەڵ و رەشە وڵاخ بەڕادەیەکی بەرچاو بەشداری دەکەن لە پیسبوونی بەرگەهەوای زەویدا. بۆ نموونە مانگایەک رۆژانە نزیکەی 50 گاڵۆن گازی میسان لە دەم و کۆمییەوە دەخاتە بەرگە هەوای زەوی، کە یەکسانە بە بڕی ئەو میسانەی ئۆتۆمبیلێک لە رۆژێکدا دەریدەکات. گازی میسان هۆکارێکی گرنگی گەرمبوونی بەرگەهەوای زەوییە و بەشێکی گرنگی پیسبوونی ژینگەی ئەمڕۆی جیهانە.

ئێستا یەک لەسەر سێی خەڵکی جیهان کرم و مێرووەکان بەشێکی گرنگی خۆراکیانە. رێکخراوی فاوی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ئومێدەوارە لە ئایندەدا سەرجەم کۆمەڵگەکان دەست بە خواردنی کرم و مێروو بکەن.

د.دلاوەر عەلائەدین، ئەندازیارێکی هێڵی دژە فڕین بۆ (ڕووداو):

# بە تاتچەرم گوت ئەگەر هاوسەرەکەت وەکو سەدام ڕەفتارت لەگەڵ بکات لێی جیانابیتەوە؟



د.دلاوەر عەلائەدین قەرەداغی تەنیا شایەتی مێژوو نەبووە، بەڵکو یارمەتیدەر بووە لە دروستکردنی ئەو مێژووە. 23 ساڵ لەمەوبەر و لە ڕۆژی 19ی ئەم مانگەدا، بەریتانیا، ئەمریکا و فەرەنسا بەگوێرەی بڕیارە ژمارە 688ی نەتەوە یەکگرتووەکان هێڵی دژە فڕینیان لە ئاسمانی باکووری عێراق (هەرێمی کوردستان) سەپاند کە بووە هۆی کۆتاییهێنان بە هێرشی سوپاکەی سەدام حوسێن بۆ سەر کورد. د.دلاوەر عەلائەدین وەزیری پێشووی خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان و پڕۆفیسۆری مایکرۆبایۆلۆژی لە زانکۆی نۆتینگهامی بەریتانی، هەموو هێز و توانای خستەگەڕ لە پێناو قەناعەتپێکردنی مارگرێت تاتچەر، سەرۆک وەزیرانی پێشووی بەریتانیا بۆ دەستپێکردنی ئەو پرۆسەیە کە ئەنجامەکەی سەپاندنی هێڵی دژە فڕین بوو لە پاش جەنگی یەکەمی کەنداو. ئەو ساتە مێژووییە ژیانی کوردی گۆڕی و بووە ڕێخۆشکەر بۆ بنیاتنانی قەوارەیەکی ئۆتۆنۆمی. لەم هەڤپەیڤینەدا د.دلاوەر باسی هەندێک لە ڕووداوەکانی ئەو کاتە دەکات.

ئەلێکساندرا دی ستیڤانۆ
ڕووداو - لەندەن

**ڕووداو: چۆن بیرۆکەی هێڵی دژە فڕین لەدایک بوو؟**

**د.دلاوەر:** پێویستی بیرۆکەی هێڵی دژە فڕینی هێنایە کایەوە. هەموو ئەوانەی شایەتی کۆڕەوی ملیۆنیی هاوڵاتی مەدەنی بوون، گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە هیچ بەدیلێکی دیکە نییە جگە لە گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ ماڵ و حاڵیان و پاراستنیان لە هێرشە ئاسمانییەکانی سەدام. بۆیە لە جیاتی داوای هاوکاری مرۆیی وەک خۆراک و بەتانی، داوای بەرگریمان بۆ کورد و گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ ماڵ و حاڵی خۆیان کرد.

**ڕووداو: تۆ یەکێک بووی لەوانەی کە دەستیان هەبوو لە بەدیهێنانی ئەم بیرۆکەیە، بە چ توانایەکەوە ئەو کارەت کرد؟**

**د. دلاوەر:** لەو کاتەدا، وەک سکرتێری کۆمەڵەی زانستی و تەندروستی کورد لە بەریتانیا لۆبیم دەکرد. دامەزراندنی ڕێکخراوەکەمان بەمەبەستی لۆبیکردن بوو بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان و دۆزینەوەی بەڵگەی زانستی بۆ سەلماندنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن ڕژێمی بەعس. سەر بە هیچ لایەنێکی سیاسی نەبووین، بەڵام زۆرجار پەیوەندیمان بە سەرکردەکانی کوردەوە دەکرد. لەکاتی قەیرانەکەی ساڵی 1991، چەندین ڕێکخراوی جیاواز لە وڵاتانی جیاوازەوە سەربەخۆ خەریکی لۆبیکردن بوون بۆ هەمان مەبەست.

**ڕووداو: سەرەڕای ئەوەی هەمووتان خۆبەخش بوون، بەڵام کاریگەری زۆرتان هەبوو؟**

**د. دلاوەر:** بەڵێ، کوردی تاراوگە هەمیشە خەمخۆر بوون بۆ دۆزی کورد و هەوڵیان لەو پێناوەدا داوە. دیارە هەندێکمان هەوڵی زیاترمان دەدا لە هەندێکی دیکە. بۆ من کە لەو کاتەدا سکرتێری کۆمەڵەی زانستی و تەندروستی کوردی بووم، هەوڵەکانم زیاتر بۆ تەرکیز خستنە سەر کاربەدەستانی بەریتانی و ئەمریکی بوو، چونکە ئەوان بوون پێشەنگی هێزی هاوپەیمانەکانیان دەکرد بۆ ئازادکردنی کوێت.

لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی بەریتانیم تیمێکمان دروستکرد بۆ چڕکردنەوەی هەوڵەکانمان و قەناعەتپێکردنی جۆن مەیجەر، سەرۆک وەزیرانی بەریتانی و لەڕێگەی ئەویشەوە جۆرج بوشی سەرۆکی ئەمریکا کە هەردووکیان لەو کاتەدا لە پشووی جەژنی هەستانەوەی مەسیحدا بوون.

**ڕووداو: ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە حکومەتی بەریتانیا و ئەمریکا نەیاندەویست هاوکاری کورد بکەن؟**

**د.دلاوەر:** پاش ئازادکردنی کوێت و تێکشکانی سوپای عێراق، هەردوو حکومەتی بەریتانیا و ئەمریکا بڕیاریان دا حکومەتەکەی سەدام حوسێن لەسەر دەسەڵات بهێڵنەوە، ئەوەش بەمەبەستی ڕێگریکردن لە فراوانبوونی دەسەڵاتی ئێران لە ناوچەکەدا.

هەندێ وڵاتی دیکەی ئەوروپی وەک فەرەنسا بە ئاشکرا هۆشدارییان دایە ئەمریکا و بەریتانیا، بەڵام لەبری ئەوە، بە بەرچاوی ئەمریکا و بەریتانیاوە ئەو کارەساتە ڕوویدا. ڕێگەیان دا بە سەدام هەلیکۆپتەری سەربازی بەکاربهێنێ بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکانی باشووری عێراق و کوردستان.

بە هەزاران خەڵک کوژران و بە ملیۆنان ماڵ و حاڵیان بەجێهێشت. سیاسەتی فەرمیی ئەمریکا و بەریتانیا ئەوە بوو کە عێراق وڵاتێکی خاوەن سەروەرییە، بۆیە ناتوانن دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی ئەو وڵاتەدا بکەن. هەرچەندە ئەمە کارەساتێکی مرۆیی بوو، بەڵام ئەنجامی ڕاستەوخۆی شکستی سیاسەتەکانی ئەمریکا و بەریتانیا بوو لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و جەنگەکەیان بۆ ئازادکردنی کوێت.

### تاتچەر نەیدەویست چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرکردە کوردەکان بکات

**ڕووداو: چۆن توانیتان سەرۆک وەزیران جۆن مەیجەر و سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بوش بکەنە ئامانجی هەوڵەکانتان؟ دەزانم کە تۆ چاوت بە مارگرێت تاتچەر کەوت، هەروەها دەزانم کە لە یەکێک لە کۆبوونەوەکاندا گرووپێکی کوردت لە خزم و هاوڕێیانت بە پۆشاکی کوردییەوە کۆکردەوە.**

**د.دلاوەر:** چەندین شێوازی جیاوازمان بەکارهێنا لەپێناو گەیاندنی نیگەرانی و داواکانمان بەو سەرکردانە. بۆ نموونە نامەم دەنووسی بۆ ئەو کەسانەی نزیک بوون لێیانەوە وەک هاوسەرەکانیان و سکرتێرە تایبەتەکانیان.

بەڵام وەڵامەکانیان دووبارەکردنەوەی سیاسەتە فەرمیەکانیان بوو. بۆیە بڕیارمدا داوای یارمەتی لە خانم مارگرێت تاتچەر بکەم. ئەو زۆرجار وەک دەسەڵاتداری پشت پەردە لە بەریتانیا ناوی دەهات و تا ساڵی 1990 سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا بوو. تاتچەر نەیدەویست چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرکردە کوردەکان بکات، ئەوەش بەمەبەستی خۆبەدوورگرتن لەو ڕەخنەیەی کە بەبێ پرسی جۆن مەیجەر دەستپێشخەری دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە پابەند بوو بەو سیاسەتە کۆنەی بەریتانیا کە مامەڵەکردنە لەگەڵ کێشەی کورد لەڕێگەی بەغداوە. تاتچەرم دڵنیام کردەوە لەوەی کە وەک سکرتێری کۆمەڵەی زانستی و تەندروستی کورد و بە یاوەری نوێنەری ژنانی کورد چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکەین. هەندێک لە ژنانی هاوڕێ و خزمی خۆم بانگهێشت کرد و داوام لێکردن لە کاژێر 3ی پاش نیوەڕۆی 3ی نیسانی 1991 بە جلوبەرگی ڕەنگاو ڕەنگی کوردییەوە کۆببینەوە.

هەروەها دوو برازای خۆم بەناوی ڕێژنە و ڕەنج کە جلوبەرگی کوردییان پۆشیبوو لەگەڵ خۆم برد. بۆ ئەوەی ببینە سەردێڕی هەواڵەکان، لە سەرەتاوە چەندین کەناڵمان ئاگادار کردەوە لە کۆبوونەوەکەمان.

**ڕووداو: چیت بە خانم تاتچەر گوت و ئەو چۆن وەڵامی دایتەوە؟**

**د.دلاوەر:** جەختم لەسەر چەند خاڵێک کردەوە: 1- پێویستە حکومەتی بەریتانی لایەنی ئەخلاقی لەسەرئەرزی واقیع بەرێتەوە و یارمەتی ئاوارەکان بدات ئەگەرچی ئەمریکا پابەندی ئەوە نەبێت. وەبیرم هێنایەوە کە لە هەڵبژاردنی مانگی مایسی ئەو ساڵەدا ئەم بابەتە دێتەوە بەر باس و دەبێتە گرفت بۆ پارتی پارێزگاران ئەگەر دەستەوستان دانیشن.

2 - پێمڕاگەیاند کە سەرکردە سیاسییەکانمان هەرگیز بیریان لە جیابوونەوە لە عێراق نەکردووەتەوە، بەڵکو داوای دیموکراسی بۆ هەموو عێراق و قەوارەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان دەکەن.

3 - پێویستە هەموو ئاوارەکان لە ژێر پارێزگاری ئەمریکا و بەریتانیا بگەڕێنرێنەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵیان.

4- دەبێت حکومەت هاوکاری بەپەلە دابین بکات لە خێمە و بەتانی و خواردن و دەرمان لەگەڵ فشارخستنە سەر تورکیا بۆ کردنەوەی سنوورەکانی. لەوکاتەدا ئەنقەرە ڕێگەی بە کورد نەدەدا بچنە ناو تورکیاوە. خانم تاتچەر هاتە دەرەوە و لەبەردەم چاوی کامێراکان داوای لە هاووڵاتیان و حکومەتی بەریتانی کرد هاوکاری بەپەلە بۆ ئاوارەکان بنێرن. پاشان بە تەلەفۆن پەیوەندی بە جۆن مەیجەرەوە کرد کە لەناو ئوتۆمبێلەکەیدا بوو بۆ تەماشاکردنی یاری تۆپی پێ دەچوو. دواتر، خانم تاتچەر پێیگوتین کە جۆن مەیجەر بڕیاری خەرجکردنی 20 ملیۆن پاوەنی داوە بۆ ئاوارەکان کە بەشێکی ئەو یارمەتییە بڕیاربوو هەر ئەو شەوە بگەیەنرێتە ئاوارەکان.

هەروەها بەڵێنی دا کە پەیوەندی بە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکاوە بکات بۆ ئەو مەبەستە. پاشان جۆن مەیجەر، دەستپێشخەرییەکی کرد کە ئەنجامەکەی بە هێڵی دژە فڕین کۆتایی هات.

پاشان خانم تاتچەر پەیوەندی بە جۆرج بوشەوە کرد. دواتر بۆم دەرکەوت کە مارگرێت تاتچەر کەسێکە توانای قەناعەتکردنی بە خەڵک بەهێزەو سەرۆک بوش، جەیمس بەیکەری وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی ناردبوو بۆ تورکیا و سنوورەکانی عێراق بۆ بینینی کارەساتەکە.

ئاشکرایە تورگوت ئۆزال، سەرۆکی ئەوکاتی تورکیا و هەندێ سەرکردەی دیکەی ئەوروپی و ڕێکخراوە ناحکومیەکان و میدیا ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبوو لە زیادکردنی فشارەکان.



### پێویستی بیرۆکەی هێڵی دژە فڕینی هێنایە کایەوە

**ڕووداو: هەروەها چاوت کەوت بە ئارک بیشۆبی کانتەربێری؟**

**د.دلاوەر:** بەڵێ، پێویست بوو گوشارەکان لەسەر جۆن مەیجەر زیاد بکەین. خۆم و هاوسەرەکەم سەردانی دکتۆر جۆرج کەیری ئارک بیشۆبی کانتەربێریمان کرد و داوامان لێکرد بە نهێنی قسە لەگەڵ جۆن مەیجەر بکات و بە ئاشکرا داوا لە خەڵکی بەریتانی بکات پشتگیری لە ئاوارەکان بکەن. دکتۆر جۆرج زۆر هاوسۆز بوو لەگەڵمان و بە کردەوە وەڵامی داواکانی داینەوە.

**ڕووداو: ئایا دەتوانین بڵێین کە هێڵی دژە فڕین یەکێک بوو لە گرنگترین ڕووداوە مێژووییەکان بۆ کورد کە دەرگای خستە سەرپشت بۆ ئەگەرەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی؟**

**د.دلاوەر:** بێگومان. هێڵی دژە فڕین ڕێگەی دا بە گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ ماڵ و حاڵی خۆیان و کشانەوەی ئیدارەی حکومەتی عێراقی لە سێ پارێزگای کوردستان. هەروەها ڕێگەی خۆشکرد بۆ یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە کوردستان. سەرەڕای هەموو ئاستەنگە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، ئەم دەسکەوتانە تا ئەمڕۆش وەک خۆیان ماونەتەوە. هێڵی دژە فڕین هەلی مێژوویی پێداین تا کاربکەین بۆ بنیاتنانی نەتەوەکەمان و بناغەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

### لە جیاتی خۆراک و بەتانی داوای بەرگریمان کرد

**ڕووداو: دەتوانی هەندێک شتمان پێبڵێی کە لە پشت گفتوگۆ سیاسییەکانەوە ڕوویان دەدا؟**

**د.دلاوەر:** لەکاتی گفتوگۆکانم لەگەڵ خانم تاتچەر، پرسیاری لێکردم کە بۆچی کورد هەمیشە لە دژی بەغدا جەنگاون و هەوڵی جیابوونەوە دەدەن. منیش وەڵامم دایەوە: ئەگەر هاوسەرەکەت بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ کردبای کە سەددام لەگەڵ کورد دەیکات، ئایا داوای تەڵاق و جیابوونەوەت لێنەدەکرد. بە ڕازیبوونەوە گوتی "هەرگیز بیرم لەوە نەکردووەتەوە، بەڵام با دنیزی مێردم گوێی لەمە بێت".

یەکێکی دیکە لەو شتانەی شایەنی باس بێت ئەوە بوو کە بەیانیی ڕۆژی 3ی نیسان، کەناڵی sky news چاوپێکەوتنی لەگەڵ من و وەزیری دەرەوەی بەریتانیا (دەگلەس هات) کرد.

لەکاتی چاوپێکەوتنەکەدا، لچی سەرەوەی گرت و سەروەری خاکی عێراقی وەبیرهێنایەوە، بەڵام دواتر هەر ئەو ئێوارەیە، پاش دەستێوەردانەکەی خانم تاتچەر و جۆن مەیجەر، دووبارە یەکدیمان بینییەوە. ئەمجارەیان لە چاوپێکەوتنی هەواڵی شەوانەی کەناڵی BBC بووین، بەڵام ئەمجارەیان بە تەواوی جیاواز بوو. پێویست نەبوو شتێکی وا بڵێم، هەموو کەس وایاندەزانی ئەو کوردەکەیە.

**ڕووداو: وانەیەک کە لەم ڕووداوەوە فێربووبی؟**

**د.دلاوەر:** چەندین وانە هەیە لەم ڕووداوە فێربین. ڕووداوێکی مرۆیی وەک کۆڕەوەکەی ساڵی 1991 ئەنجامی ڕاستەوخۆی بەرژەوەندییە سیاسیەکانی وڵاتە زلهێزەکان و دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە بوو.

پێویستە ئێستا لۆبی سەرکردە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بکەین بۆ کارکردن بۆ ئاشتی و سەقامگیری لەڕێگەی بنیاتنانی نەتەوە و وەبەرهێنان لە سەروەریی یاسا و عەدالەتی کۆمەڵایەتی. پێویستە هەموومان هەوڵی پابەندبوونی زیاتر بە مافەکانی مرۆڤ و بەهێزبوونی دامەزراوە دیموکراسییەکان بدەین.

ئەدیب ئەلەکلومی

## دۆخی دژواری ژنان

# لە تاوانی خەتەنەکردنەوە بۆ پەردەی کچێنی

تا (فیقهی خوارناوک) و (بیری نێرسالاری) و (قەداسەتی کەهەنووت) کەلتوور بێ، چرای مرۆڤسالاری لە جیهانی موسڵماناندا داناگیرسێ. دەبێ ئەو قەفەسە موقەددەسانەی کە بەربەستن لە بەردەم پێشکەوتنی موسڵمانان و گەڕانەوەیان بۆ تاکە سەرچاوەی دین، تێکوپێک بشکێندرێن. قەداسەتی کەهەنووت و مەڕوپاتی تەلمود و پەرتووکەکانی تەفسیر و سیرە و فەتواکان، ئەوانە قەفەسی موقەددەسن، بەربەستی گەورەن، ناهێڵن (ئوممەی موسلیمە) گەشە بکات و تەوحید بکات و بکەوێتەوە سەر پێی عیزەت و شکۆمەندی و پێکەوە ژیان، بەڵکو دواکەوتن و ململانێ و فیتنە و شەڕ و پێکدادان و سەرهەڵدانی توندوتیژی و ئیرهابی فیکری بەرهەمی تەلمود/ قەفەسە موقەددەسەکان دەبێت.

دین وەک تێکستێکی ئاسمانی لەو (مەفهومە ئەفیونییە) پاک و بێگەردە، بەهیچ شێوەیەک بەرپرس نییە لە کردەوەی نابەجێ و نارەسەنی تاک و شوێنکەوتووانی. وەک لە چەندین شوێندا گوتوومە تێکەڵکردنی هەڵسوکەوتی موسڵمانان بە ئیسلام و تەماشاکردنی وەک دین ستەمە لە دین، چونکە دوو شتی لەیەک جودان: ئیسلام وەک تێکستێکی ئیلاهی جیایە لە هەڵسوکەوتی موسڵمانان. ئێمە نوێنەرایەتی ئیسلام ناکەین، چونکە ئیسلام یەک نوێنەری هەیە کە قورئانە و پڕیەتی لە جوانی و داهێنان و هەڵسوکەوتی ئاشتیانە و ئینسانیانە و میهرەبانانەی پێغەمبەران لەناویشیاندا بە هەڵسوکەوتی بەرزی (محەممەد) ڕازاوەتەوە.

کوشتن یان توندوتیژی دژ بە ژنان بە بیانووی شەرەف و کڕینەوەی ئابڕوو لەژێر پەردەی چەندین ناو، بە وەرگرتنی روخسەت لە تەلمودی ریوایات و پێدانی (صكوك) و شەرعیەتدان بە کارەکان، جیاوازییەک لەنێوان دوو ڕەوتی تاوانبار دێنێتە ئاراوە لە دوولاوە: تاوانبارێک دەزانێ کە تاوانبارە و هەڵەی کردووە، خۆی ددان بە تاوانەکەیدا دەنێ. ئەمەیان جیایە لەگەڵ تاوانبارێک کە خۆی پێ لەسەر حەقە و پێیوایە هەنگاوی پڕ خێری ناوە چونکە بە نیەتی پاداشت تاوانەکەی کردووە. کاتێک ئەم تاوانبارە دەدوێنی زەریف بۆتی دەشەرعێنێ! هەڕەشەی ئەم تاوانبارە بۆ سەر کۆمەڵگەکەی زۆر مەترسیدارترو خەتەرناکترە لەوەی ددان بە تاوانەکەیدا دەنێ. چونکە ئەوەی یەکەم ئومێدی چاکبوون و گۆڕانی لێ دەکرێ، بەڵام ئەوەی کە کارەکانی دەشەرعێنێ و تێکستەکان تەوزیف دەکات لەپێناو تەنزیرکردن، گوایە گۆدۆی کۆمەڵگەکەیەتی بۆ چاکسازی و گۆڕان — لێرە تاوانبار بەناوی خوداوە قسە دەکات — ئەمە هیچ جۆرە ئومێدێکی چاکسازی و گۆڕانێکی ئیجابی ئەوتۆی لێ بەدی ناکرێ، چونکە ئەو خۆی چاکسازە و پێویستی بە ئیسلاح نییە. ئەو تاوانبارێکی چاکەخوازی چاکسازە و بە چەکی (تەلمود/ ریوایات) شەڕ دەکات و شەرعیەت بە تاوان و چەوسانەوە و ستەمکردن دەدات بەناوی خودا، بۆیە ترسی فەسادی بێ سنوورە.

لێرەدا قورئان تیشک دەخاتە سەر ڕەوتە خەتەرناکەکە کە چۆن دەست لە تاوان هەڵناگرێ، بەڵکو لەوە زیاتر، بەناوی خوداوە دەیکات. سەرنجی ئەم ئایەتە بدە ((واذا فعلوا فاحشة قالوا وجدنا عليها آباءنا والله امرنا بها قل ان الله لا يأمر بالفحشاء اتقولون على الله ما لا تعلمون)) لەدوای دابەزینی ئەم ئایەتە، زۆربەی موسڵمانان کەوتنە داوی شەیتان و ئەو ریوایاتە زۆر و بۆرانەی کە بەدەم پێغەمبەرەوە هەڵبەستراون و چەندین سەدەیە (ئوممەتی موسلیمە) پێیەوە پلیشاوەتەوە و بە توندی گیرۆدەی بووە. ئاخر چ جیاوازییەک هەیە لەنێوان (هذا ما اجمعت عليه الامة)ی توراسپەرستەکان و ئەو تەوەرە شەیتانیەی کە لەئایەتەکەدا ئیشارەتی بۆ کراوە (وجدنا عليها آباءنا)؟

ئەوان دەڵێن فەرموودەکان وەکو قورئان (وەحی) ئاسمانن! بەڵگەیان ئایەتی (وما ينطق عن الهوى ان هو الا وحي يوحى)یە، کە هەمیشە بە هەڵە وەک بەڵگە دەهێنرێتەوە لەسەر تەقدیسکردنی (تەلمود) و بە ئاسمانیکردنی، گوایە وەک ئایەتەکان لەڕێگەی وەحیەوە بۆ پێغەمبەر دابەزیون. ئەمەیە تێنەگەیشتن لە ئایەتەکانی قورئان کە بە حەقەت هەوێنی قەیران و بەڵای گەورەی موسڵمانان بووە بە درێژایی دیرۆک هەر لەدوای وەفاتکردنی پێغەمبەرەوە بە موددەتێکی زەمەنی کورت بە تایبەتی لە سەردەمی ئومەوی و عەباسیەکاندا. وەک گوتم بەڵای تێنەگەیشتن لە قورئان، قەیرانی گەورە گەورەی فەراهەمهێناوە لە مێژوودا. بێگومان لەڕووی واقیعی و عەمەلیشەوە ئەمە سەلمێندراوە کە زیاتر گرینگی بە (فەرموودەکان) دراوە تا بە قورئان بۆ وێنە (بوخاری) بە چەشنێک پیرۆزکراوە کە کەس زاتی ئەوە نەکات لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات و رەخنە ئاراستەی (جامیعەکەی) بکات وەک بەرهەمێکی فیکری نەک وەک کەسایەتییەکی مێژوویی، چونکە ئێمە قسەمان لەسەر بوخاری نییە وەک کەسایەتی، بەڵکو قسەمان لەسەر فیکر و بەرهەمەکەیەتی. ڕەنگە (جامیعەکەی) لەدوای وەفاتکردنی دەستکاری کرابێ یاخود ئەسڵەن بوخاری ئەم کتێبەی نەنووسیبێ، بەڵکو مەنسوب بێت بۆی، یان خۆی بە مەبەست و بە ئەنقەست ئەم ریوایەتانەی داتاشیبێ بۆ لێدان لە کەرامەت و کەسایەتی پێغەمبەر، چونکە وەک لە پەرتووکە مێژووییەکاندا باس دەکرێ، (بوخاری) خاوەن عەقیدەیەکی پاک نەبووە وەک (ئەهلی سوننە و جەماعە) باسی دەکەن بەتایبەتی لەسەر مەسەلەی (خەلقی قورئان)، هەروەها دەرکردنی لە هەرێمی نەیسابور لەسەر دەستی شێخەکەی، ئینجا ڕەتکردنەوەی حاکمی بوخارا لە هاتنە ژوورەوەی بوخاری بۆ ناو هەرێمی بوخارا و مردنی بوخاری لەسەر سنوور! هەروەها تۆمەتبارکردنی لەلایەن ئیبن حەجەرەوە بە تەدلیس و...هتد! ئیدی قسەکردن لەسەر بوخاری و کتێبەکەی مشتومڕی زۆر لەخۆدەگرێ. لە داهاتوودا قسەمان لەسەر ئەم تەوەرەش دەبێ. بەهەمان شێوە مێژووی فەرامۆشکردنی کتێبی خودا و گرینگیدان بە ریوایات و شوێنکەوتنیان و دوورکەوتنەوە لە قورئان تەوەرێکی دیکەی فراوانی بێ بن و ونە بۆ کەسێک بیەوێ تاوتووی ئەم باسە بکات و بە تێروتەسەلی لەسەری بنووسێ. بەڵێ ئەوەندەی ریوایات و قەفەسە موقەددەسەکان گرینگییان پێدراوە و دیراسەکراون چارەگێکی ئەوە گرینگی بە قورئان نەدراوە، بۆیە گرفت و بەڵای موسڵمانان لە هەجرکردنی قورئان و تێنەگەیشتنیدایە نەک تەتبیق نەکردنی لە ژیاندا! گەر هەوڵیش درابێ ئەوە لەچوارچێوەی قەفەسی مەڕویات و قەداسەتی تەلمود و کەهەنووتدا بووە وەک زیندانیکردنێک.

تەوەرێکی دیکەی توندڕەوی فیکری لە ئایەتەکەدا ئەوەیە کە لەسەر زمانی ئەوان نەقڵکراوە کاتێک دەڵێن (والله أمرنا بها) کە گوزارشت لەبیری دۆگمابوونی وەهابیەت و کوفری قاعیدە/ خەواریجی سەردەم دەکات، کاتێک دەڵێن خودا فەرمانی کردووە، چەند جوان کۆنسێپتی ئایەتەکان بەسەر ڕەوش و دۆخی دژواری تەوژمە ئاینییەکاندا جێبەجێ دەبێ. سەرنجی نیوەی دووەمی ئایەتەکە بدەن چۆن خودا فەرمان بە پێغەمبەر دەکات وەڵامیان بداتەوە: (قل ان الله لا يأمر بالفحشاء أتقولون على الله ما لا تعلمون). ئەم ئایەتە دەمکوتی ئەو کەسانە دەکات کە خۆیان کردووەتە سێبەری خودا لەسەر زەوی و کەهەنووتیانە بڕیار دەدەن. لێرەدا وشەی (فەحشا) عومقێکی قورئانی هەیە و مەبەست تەنیا لە کاری بەدڕەوشتی و نابەجێ نییە، بەڵکو کەڕاهیەت و ترس و کوشتنی خەڵکی سڤیل و ئیرهابی فیکری و نانەوەی فیتنەش لەخۆدەگرێ.

(فەحشا) ئەوەیە کە پەردەی عەقڵ و فیکری ئینسان ئەتک بکرێ نەک "شەرەف"ی بە واتای باوی کۆمەڵگە، ئاخر کەی گەڕانەوەی شکۆمەندی بۆ عائیلە خۆی لە (پەردە)یەکدا مەڵاسداوە تا باس لە کڕینەوەی بکرێ؟ بۆچی پێناسەی (شەرەف) ئەوەندە سووک و ئاسانە تا باس لە کڕین و فرۆشتنەوەی بکرێ؟ ئێمە ناموسی سەربەخۆیی و ئازادیی فیکریمان کەوتووەتە ژێر پرسیارەوە و بووینەتە ژەمە خۆراکێکی بێ ویژدانانەی بخۆرەکان، وەک کۆیلەیەک دەمیان ناوەتە ناو کەرامەتی یەکە یەکەمان بێ ئەوەی لەلێک لە کەسمانەوە بێت، چونکە بە تەواوی مەعنا کۆیلەین، مرۆڤیش گەر ئازاد نەبوو، نیشتمان و دەوڵەتی نەبوو، شەرەف و کەرامەتی زوو لەدەست دەدات (مەرج نییە بێشەرەفی بە ناوگەڵ بێت، ئەوەی شەرەفی نەتەوەیی نەبوو شەرەفی ناوگەڵیش زوو لەدەست دەدات!) کەواتە باسی چی لە کڕینەوەی شەرف دەکەن ئەشەرەفیاران، لەکاتێکدا کەرامەتمان لەژێر پێی قەداسەتی تەلمود و فیکری کەهەنووت و ستەمی سیاسەتمەدارانی سەردەم پلیشاوەتەوە و وردوخاش کراوە.

ئاین پەیامێکی ئاسمانی ئینسانیە، هاتووە بۆ ئەوەی وتووێژ لەگەڵ عەقڵدا بکات، بەڵکو خیتابە لەگەڵ کەسێک کە خۆی بە دوژمنی دین داناوە و سەنگەری گرتووە، هەر لەم سەنگەرەشەوە چێژ دەدات بە دەروونی. ڕزگارکردنی مرۆڤە لە کۆت و بەند و ڕێزلێنانی بەرامبەرە بێ ئەوەی تەماشای پاشخانی فیکری کەسەکە و لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکات بەوەی کە هەڵگری چ ئایدیا و فیکر و بیرۆکەیەکە. سۆز و ئەوین و میهرەبانییە لەگەڵ ئافرەتدا کە یەکەم بێشکە و هێلانەی چاوهەڵێنانی (ئەشرەفیارانە) بە دونیای دەرەوە. بۆچی ئەم مرۆڤە بەهادارە ببێتە قۆچی قوربانی دابونەریتی جاهیلانەی سەردەمی نوێی کۆنی قورەیشیە بتپەرستەکان کە زیندە بەچاڵکردنی (پەپولەکان) لووتکەی شەرەفیان بوو! ((واذا الموءودة سئلت بأي ذنب قتلت))؟ ئەمە چ نەغمەیەکی گەردوونیە دراوە بە گوێی ئادەمیزادەکان و داڕێژەرانی بەندەکانی (جاڕنامەی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ) کە چواردە سەدەیە ئەم ئاوازە ناوازەیە لە ئاسمانی جاڕنامەکاندا لە لووتکەدایە بێ ئەوەی ئاماژەیەکی بۆ بکرێ. ئەو (جاڕنامەیەی) کە لایەنی ڕۆحی و شتە مەعنەوییەکانی وەلاناوەو لەبەرامبەردا داکۆکی لە لایەنە ماددییەکان دەکات.

بەداخەوە زۆربەی عادات و تەقالیدە کۆنەکان بەرگی دینیان بەبەرداکراوە، بۆ وێنە خەتەنەکردن کە ئیسلام دوورو نزیک کۆمێنت و تەمێ و لێدوانی لەسەر ئەم چەمک و بابەتە نەداوە، بەڵکو لێی تەوەللایە. لەولاش دیندارەکان دەڵێن: ئەمە مەکرومەیە بۆ کچان وەک سوننەتێکی نەبەوی «الختان سُنّة في الرجال مَكرُمَة في النساء» لێ ئەمە تەنیا لەناو کۆمەڵگە شەرقیەکاندا باوە بەهۆی کەوتنە ژێر پاڵەپەستۆی چەند ترادیسیۆنێکی رزیوی بەناو عادات و تەقالیدی گواستراوە لە باوک و باپیرانمانەوە. ڕاستە لە ئەوروپا پرسی (خەتەنەکردن) مشتومڕی لەسەر کراوە و بەشێک لە کریستیانەکان خەتەنەکردن بە تەندروست دەزانن و ئێستاش لەهەندێک شوێندا پراکتیک دەکرێ، بەڵام بۆ ڕەگەزی نێرینە نەک مێینە. بەهەمان شێوە قسەکردن لەسەر پەردەی کچێنی و ئابڕوو کڕینەوە کە جگە لە بەسووک سەیرکردنی ئافرەت و گاڵتەکردن بە عەقڵیەتی مرۆڤێک کە خودا بەرز و سەرداری کردووە شتێکی دیکە نییە. سەدان و هەزاران لەو نەمامە نەپشکوتووانە دەبنە قوربانی جەهالەتی دابونەریتی عەشیرەت و فیکری نێرسالاری کە تاکە سەنگی خۆی، گوایە لە پاراستنی شەرەف و ئابڕووی ئەو نەمام و شکۆفانەدا دەبینێتەوە. گەر بە وردی سەرنج بدەین، دەبینین کچ هەر لە منداڵییەوە دووچاری نابوتترین دەستدرێژی و هەڵکوتانەسەر بووەتەوە لەلایەن کەسوکارییەوە، لە کتوپڕدا زەفەری پێ دەبرێ و وەک ئاژەڵ بە زەویدا دەدرێ و کەوڵ دەکرێ! بەستەزمانە هەتا لە ژیانیدا ماوە ئەم مەشهەدە ناخۆشە لە یاد و هزری دەرناچێ و ئەرشیف دەبێ، بەڵکو کاریگەری لەسەر لایەنی تەندروستی کچەکە و لایەنی نەفسی جێدەهێڵێ. ئەم دیمەنە سامناکە لەگەڵی گەورە دەبێ، کە گەورەش بوو بەدگومانی و بەدگۆیی لەبەرامبەریدا ناوەستێ کە لەگەڵیدا فاکتەری تاڵی ڕابردووی سەردەمی منداڵێتی بیردەخاتەوە کە چەندە جەستە و دەروونی شەکەت و ماندوو بوو بە جەریمەی خەتەنەکردنەوە بێ ئەوەی شتێک لە موفرەدەی ژیان و جەریمەی خەتەنەکردن بزانێ. تێگەیشتنی سەقەت لە دین و تابۆی باوی کەلتووری کۆمەڵگە و بێ موبالاتی دەسەڵاتداران و کشانەوەی خودی ژنان لە مەیدان و ئینجا خەمی ژین و ئەوین و تێگەیشتن لە دین و مافی ڕەوایان داوەتە دەست قەدەرێکی مەجهولی خەتەرناک، بەڵێ تێنەگەیشتن لە دین یاخود خوێندنەوەی دین لە ڕوانگەی فیکری کەهەنووت و بیری نێرسالاری فوقەها و مەلاکان بەرهەمەکەی تراژیدی دەبێ، چۆن من بۆم هەیە ڕاستەوخۆ لە دین بگەم، تۆش بەهەمان شێوە ئەو مافەت هەیە، ئینجا کەلتووری کۆمەڵگە و بەشێک لە ترادیسیۆنە رزیوەکانی، هەروەها بێ موبالاتی فەرمانڕەواکان و ناعەدالەتی لە قانون و ڕێساکاندا، لە پێش هەر هەمووشیان ونبوونی ئافرەت لە نێوەندە ڕۆشنبیری و دەزگا سیادیە بڕیار لەدەستەکان، هەروەها خۆدانە دواوە و تەسلیمبوونیان بە ئیرادەی کەسانێک گوایە مافی ژنانیان لەدەستە، ئەمانە گشتیان بەرپرسن لەو دۆخە دژوارە و ئەو مەرگەساتانەی ڕۆژانە ڕووبەڕوویان دەبێتەوەو بەسەریان دێ.

فیکری خەتەنەکردنی (کچ و کوڕ) لە ئیسلامدا بوونی نییە و ئەمە تاوانێکە دەرحەق بە هەردوو ڕەگەز دەکرێ. مەگەر توێژینەوەکانی زانست ئەوە بسەلمێنێ کە خەتەنەکردن بۆ لایەنی تەندروستی بە کەڵک بێت ئەویش بۆ پیاوان. ئەمە بابەتێکی ڕێژەییە و ناچێتە خانەی موسەللەماتەوە، چونکە ڕەنگە توێژینەوەی دیکە فەراهەمبێن دژ بەو توێژینەوانەی کە پشتگیریان لە خەتەنەکردنی پیاوان کردووە. دواتر دەبێ لە چوارچێوەی قانونێکی تۆکمە و زانستیدا بڕیاری لەسەر بدرێ کە هیچ پەیوەندی بە ئاینەوە نییە. حوکمی خەتەنەکردن بەگوێرەی ڕوونکردنەوەی فوقەها و ریوایات و مەزهەب و پەرتووکە مێژووییەکان: زۆربەیان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە خەتەنەکردنی کچان واجب نییە و نەکردنیشی ئاساییە و بە تاوان دانانرێ، بەڵام خەتەنەکردنی کوڕان واجبە و دروشمی موسڵمانانە و زیندووکردنەوەی میللەتی ئیبراهیمە، گوایە حەزرەتی ئیبراهیم لەتەمەنی هەشتا ساڵیدا خەتەنەکراوە بە بەڵگەی ئەم ریوایەتە تەلمودیە {عن أبي هريرة أن النبي قال: «اختتن إبراهيم خليل الرحمن بعدما أتت عليه ثمانون سنة واختتن بالقدوم» متّفق عليه} یان «من أسلم فليختتن» هەروەها «خمس من الفطرة»... و هتد. واتە لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا ئیبراهیم خەتەنەکراوە، سەیری ئەم مەهزەلەیە، سەیرتر لەوە بە ئالەتی "القدوم" یەعنی بە موس و شەفرە و چەقۆش نا بەڵکو بە تەور یان بیور!! باشە چۆن (إبراهيم اختتن وهو ابن ثمانين سنة)، لە تەمەنی هەشتا ساڵی و بە ئالەتی بیوریش؟! ئایەتی ((لقد خلقنا الانسان في أحسن تقويم)) سنووری بۆ ئەم خورافیات و مەهزەلەیە داناوە کە لە حەیسیاتی ئەم "ئەحسەنی تەقویمە"دا، لە سۆنگەی ئەم ڕێککارییەدا جگە لە جوانی بەدیهێنانی ئەم بوونەوەرەو قەشەنگی و داهێنان چ شتێکی دیکە دەبینرێ لەکاتێکدا بە بڕینی ئەو پارچە گۆشتە ئینسانەکە و تەنانەت خودی دینەکەشی پێ لەکەدار و تەشویهو نامۆ دەکرێ؟! خەتەنەکردن، عورف و عادەتێکی کۆنی فیرعەونیەکانە. جولەکەکان وەریانگرتووە و ئینجا لەوانەوە بۆ جەزیرەی عەرەبی گواستراوەتەوە وەک کەلتوورێک. دواتر بە دینەوە لکێنرا لەڕێگەی کۆمەڵێک ریوایاتی هەڵبەستراوەوە، بەڵام خەتەنەکردنی ژنان، میراتێکی ئەفریقییە و چەندین ریوایاتی بۆ داتاشرا، گوایە ئەمە وەک "مەکرومەیەک" وایە بۆ کچان. لە حەقیقەتدا کارەکە لە چوارچێوەیەکی مەفهومی شەرەفداری جێبەجێکراوە بە پاساوی سنوورکێشان بۆ خرۆشان و چێژە سێکسیەکان. بەم چەشنە لە تاوانی خەتەنەکردنەوە بۆ پەردەی کچێنی، چەمکی شەرەف و ئابڕوو بوو بە زیندان بۆ ژنان.

دین ئارگومێنتی نەبووە لەسەر ئەم پرسانە و هەرگیز ئەمەی نەکردووە بە پرس و بابەت، ئەمەی بۆ عەقڵ و زەمەکان و پێشکەوتنەکانی سەردەم و سیستەم و نیزاماتی نەفسی مرۆڤەکان جێهێڵاوە، چونکە پەیام و خیتابی قورئان (فەوقانی)یە نەک (تەوقانی). ئەم زوڵم و ستەمکردنە زۆرەی لە ڕەگەزی مێینە کراوە هەر لەبچووکیدا، چەند ریوایەتێکی کۆنی بیر خستمەوە کە بە ناحەق بە زوڵم لە ئەستۆی ئیسلامیان ئاڵاندووە، گوایە پێغەمبەر فەرموویەتی:

(من ولد له ولد فأحب أن ينسك عنه فلينسك عن الغلام شاتان مكافأتان وعن الجارية شاة) رواه أبو داود والنسائي عن ابن عمر قال الشيخ الألباني: ( صحيح ) انظر حديث رقم : 7630 في صحيح الجامع [1359/1]. صحيح الجامع للشيخ الألباني.

ئاشکرایە لەکاتی بوونی منداڵدا، هۆزەبانە دەکرێ کە لەفیقهدا پێیدەگوترێ (عەقیقە) ئەو مەڕەی لە ڕۆژی حەوتەمی (مەلۆتکەی ساوا)دا دەکرێتە قوربانی، کاتێ قژی منداڵەکە دەتاشرێ، وەک خۆشی و شادی و ئاهەنگگێڕان بۆ هاتنە دونیای ئەم ساوایە جا چ کوڕ بێ یان کچ، بەڵام دەبینی لەمەشیاندا جیاکاری کراوە (عن الغلام "الولد" شاتان، وعن الجارية "البنت" شاة واحدة) خێرە (للذكر شاتان وللبنت شاة) بۆ ڕەگەزی نێرینە دوو بەران یان دوو کاوڕ یان دوو پەز سەردەبڕدرێ بەڵام بۆ ڕەگەزی مێینە یەک؟! بەڵێ ئەم دروسە فیقهیانەم کەوتنەوە یاد کە موقەرەربوون کاتێک لە بابی تەهارەتدا چەندین تەوەرەی سەیر و سەمەرە تاوتوو دەکران و دەمانخوێند وەک (بۆ پاککردنەوەی میزی زارۆکی نێرینە، دەفرێک ئاو یاخود کەمتری پێویستە، بەڵام بۆ مێینە چەندان جار شۆردن و پاککردنەوەی دەوێت) خێرە بۆ ئەو دەفرێک و بۆ ئەم سەتڵ و تەشتێک؟ دەبێ میزی مێینە چ ڤایرۆس و ژەهرێکی لەخۆگرتبێ کە ئەم جیاوازییەی فەراهەم هێنابێ؟! ئەمە زوڵم و ستەمکردن نییە لە ڕەگەزی مێینە هەر لە منداڵییەوە! تەلمودیەکان ئەم جیاکاریانەیان بە داتاشینی چەندین ریوایات بۆ لێدان لە خودی ئاین داهێنا. ئەمە جیاوازی نییە لەسەر بنج و بناوانی ڕەگەز؟ ئەم سیستەمی (بانێکە و دوو هەوا) کە فیقهی نێرینە بە ئامانجی گرتووە لە زۆربەی کتێبە فیقهییەکاندا ئاماژەیان بۆ کراوە و ئەم جیاکاریانەیان بە زەقی تێدا باسکراوە کە بە ریوایاتی تەلمودی سواقدراوە، دەشڵێن ئەمە فەرموودەی پێغەمبەرە! تاوانی گەورە ئەمەیە ریوایەتەکە دەدەنە پاڵ ڕەسولی خودا. ئەمە چ کوفرستانێکە؟! ئا ئەمەیە عەقڵی تەسلیمی و جمودی فیکری توراسپەرستەکان، لە کاتێکدا قورئان بۆ جونبوش و کۆشش و بزاوتی عەقڵ خەبات دەکات، کەچی ئەوان کەوتوونەتە دوای (ما اجمعت عليه الامة) و (ماوجدنا عليه آباءنا) و (لا اجتهاد في مورد النص) یان (ماهو معلوم من الدين بالضرورة). ئینجا بە پاساوی ئەوەی کە شەریعەتی خودا (حمّال الأوجه) واتە چەندان ڕێچکە و بۆچوون و ڕای جیای لەخۆگرتووە، چۆنت بوێت ئاوا تەئویلی دەکەیت وەک پێشانگەکانی ئۆتۆمبێل کەچەندان جۆر ماشێن لە خۆدەگرن و کامیانت بە دڵ بوو هەڵیبژێرە بەهەمان شێوەی سوپەرمارکێتەکان! چەقی فەهمیان لە پەنای ئەم بەناو بنەما فیقهی و قەواعیدە ئوسوڵیانەدا جێگیرو فەنایە، بەتایبەتی ئەم تێکستەی دوایی، گوایە ئیمام عەلی قورئانی بە (حمّال الأوجه) وەسفکردووە. کارەساتی توراسپەرست و سەلەفی و قوتابخانە مەزهەبیەکان بەتایبەتی حەنبلیە (حەشوی)یەکان لێرەوە سەریهەڵداوە کە جیاوازییان لەنێوان شەرع و فیقهدا نەکردووە، هەر ئەم جیاوازی نەکردنەشە کەڵچەرشۆکەکانی وا لێکردووە تێخوێندنەوە و مەحەکی بیرکردنەوەکانیان بەم ئاراستەیە وەرچەرخێ کە گیرۆدەی تەفسیراتی توراسپەرستەکان ببن و لە ڕوانین و فیقهی ئەوانەوە خوێندنەوە و تێڕامان و تەفسیرات بکەن. لای ئەوان ریوایات و فیقهی مەزاهیب و ئەوەی لە توراسدا هاتووە بە ئیجتیهاداتی زاناکانیشەوە، عەینی دینە.

(فەحشا) ئەوەیە کە پەردەی عەقڵ و فیکری ئینسان ئەتک بکرێ نەک "شەرەف"ی بە واتای باوی کۆمەڵگە

فیکری خەتەنەکردنی (کچ و کوڕ) لە ئیسلامدا بوونی نییە و ئەمە تاوانێکە دەرحەق بە هەردوو ڕەگەز دەکرێ

لە تاوانی خەتەنەکردنەوە بۆ پەردەی کچێنی، چەمکی شەرەف و ئابڕوو بوو بە زیندان بۆ ژنان



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# گرەو لەسەر ئەسپی دۆڕاو

چەند ڕۆژی ڕابردوو، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەت دوو شتی براندەوە، یەکیان ئەوەی کە هەرچییەک و هەرچۆنێک بێت (تەنانەت بەبێ یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیش) دەبێ کابینەی هەشتەم ئەگەر پێکیش نەهێندرابێت، هەیکەلەکەی دەرکەوتبێت و پەرلەمان کۆببێتەوە. دووەمیان ئەوەی کە ڕایگەیاند وەزارەتی ناوخۆ نادەنە یەکێتی نیشتمانی. دوای ئەوەش پارتی بەچڕی کاری لەسەر ئەوە کرد کە هەرچۆنێک بێت ئەم هەفتەیە پەرلەمان کۆببێتەوە و سەروشکڵی حکومەت و پەرلەمانی داهاتوو دەربکەوێت و لەوەشیاندا گۆڕان و کۆمەڵ و تارادەیەکیش یەکگرتووی ئیسلامی هاوکاریی سەرخستنی قسەی سەرۆکی پارتییان کرد، بەڵام کۆنە شەریکەکەی (یەکێتی نیشتمانیی کوردستان) خۆی پێ یەکلایی نەکرایەوە، یان ئەوەتا نەیویست خۆی یەکلایی بکاتەوە. ئەگەرچی ئەوە ئەو تەفسیرەشی هەڵگرت کە یەکێتی مادام ئەوەی ویستوویەتی دەستینەکەوتووە، ناهێڵێت قسەی سەرۆکی پارتی بچێتە سەر و فەشەل بە پرۆسەکە دەهێنێت. هەر بۆیەش پارتی لە زاری سکرتێری مەکتەبی سیاسی حیزبەکەیەوە (فازڵ میرانی) کارتێکی دیکەی نیشانی یەکێتی دا کە ئاگای لێیە یەکێتی بە تەمای چییە. ئەگەرچی ئەوە زمانی هەڕەشەی تێدا نەبوو، بەڵام گوتی "ئەگەر دوای هەڵبژاردن بێنە ناو حکومەتەوە، ئەوا بە پۆست و وەزارەتەکانی یەکێتیدا دەچینەوە"، ماناکەی ئەوە بوو "لەوە کەمتریشتان دەدەینێ کە ئێستا داوامانەتێ".

جیا لە کێشە و گرفتی بڕیاردان، خۆ یەکلانەکردنەوەی یەکێتی بۆ بەشداری لە حکومەت بەر لە هەڵبژاردنەکانی 30ی مانگ، ئەگەر دیوێکی پەیوەست بێت بەوەی کە زۆرترین گورز لە گۆڕان بدات و بەشداریی گۆڕان لە حکومەتدا تا دوا هەناسەی هەڵمەتی پڕوپاگەندە بکاتە دەستمایەی کاری سیاسی، ئەوا دیوەکەی دیکەی ڕاستکردنەوەی پارسەنگی سیاسیە بە ئەنجامی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی عێراق. بەڵام هیچ یەک لەو سیاسەتانە سەرکەوتوو نابن، چونکە هەر لە ئێستاوەڕا دیارە کە یەکێتی ناتوانێ ببێ بە ئۆپۆزیسیۆن و ناچارە بەشداری لە حکومەت بکات، ئەوە وەکو ڕۆژی ڕووناک دیارە و سەرکردایەتی حیزبەکەش دەزانن کە بەو حاڵەی ئێستایان ناتوانن ببنە ئۆپۆزیسیۆن، بۆیە ئەو قسەیەی ئەوان لای جەماوەرەکەی خۆشیان کڕیاری نییە. ئینجا پەندێکی کوردی هەیە کە دەڵێ "سوار بوون عەیبێک و دابەزین دووعەیب"، ئەگەر بە لەوەی ئێستا بۆی دانراوە ڕازی بێت یان کەمتریش، ئەوا هێندەی دیکە میسداقیەتی سیاسیی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە.

دیوەکەی دیکەی پشتبەستنە بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 30ی مانگ بۆ ڕاستکردنەوەی پارسەنگی سیاسی لە ناوخۆ. ئەم سیاسەتەش ناتوانێ کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبێت. چونکە هەر لە ئێستاوەڕا، مەزەندە و پێشبینییەکان و بە تایبەتیش ئەنجامی هەڵبژاردنە گشتییەکانی کوردستان ئەوە دەردەخەن کە یەکێتی ئەوپەڕی لە نێوان 13 تا 15 کورسی پەرلەمانی عێراق دەبات و ئەوەش لە کاتێکدایە کە هاوبەشەکانی حکومەتی هەرێم (پارتی، گۆڕان، یەکگرتوو و کۆمەڵ) دەتوانن پێکەوە نزیکەی 42 بۆ 45 کورسی بێنن! بەو حاڵە یەکێتی دەتوانێ چ مانۆڕێکی سیاسی بکات؟

بۆیە لە هەردوو حاڵەتدا زەرەر دەکات، بەتایبەتیش کە لەو چەند ڕۆژەدا، لێدوان و کرداری مەترسیداریش دەبینرێن، هەر لەوەی کە سەرکردەی باڵای یەکێتی بڵێت ئیحتیمالی ڕادەستنەکردنی وەزارەتی پێشمەرگە هەیە، یان ئەوەی پارێزگاری کەرکووک کردی لەوەی ڕێگەی دا هێزی دیجلە و سوپای عێراق بێنە ناو کەرکووکەوە، نیشانەی دوورکەوتنەوەیە لە عەقڵانیەتی سیاسی و باوەڕ نەبوون بە دیموکراسی. ئەو سیاسەتانە جگە لە پتر دابەزینی کێرڤی جەماوەری و دروستکردنی پشێوی و ئاڵۆزی و لەباربردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی هیچی بەدواوە نابێت.

یەکێتی حیزبێکی ئەوەندە بێدەستکەوت و بێ کادیری لێهاتوو نییە کە ئاوا سیاسەت بکات، بەڵام دەبێ جەسارەتی ئەوەی هەبێ بچێتە ژێر نەشتەرەوە. دەردەکەی دیارە و عیلاجەکەشی دیارە.



قەرەنی قادری

# ئامانج و مەبەستەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن

بڕیارە لە (2014/4/28)دا بانگەشە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کۆتایی بێت. بانگەشەی هەڵبژاردن بەشێکی پێویست و جیانەکراوەیە لە هەڵبژاردن. بانگەشە بۆ ئەوەیە کە حیزب و لایەنە سیاسییەکان لە ڕەوتێکی هێمندا بەرنامە و پاڵێوراوانی خۆیان بە هاووڵاتیان بناسێنن. ئامانج لە هەڵبژاردن ئەوەیە کە حیزبەکان بەرنامەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی خۆیان بۆ چوار ساڵی داهاتوو بە هاووڵاتیان ڕابگەیێنن. هەر لە پاڵ ئەوەشدا، "بۆچوون" و "ڕەخنە"ی خۆیان سەبارەت بە چوار ساڵی ڕابردوو بە کۆمەڵگە بدەن. مەنتقی هەڵبژاردن وایە کە لە کۆڵانی چوار ساڵی ڕابردووەوە پلان بۆ چوار ساڵی داهاتوو دادەڕێژێت، لەبەر ئەوەیە کە بانگەشەی هەڵبژاردن، هەروەها لە مەیدانی پڕوپاگەندە و لە هێڵی سەرەکیدا، لە دەوری هەشت ساڵدا دەخولێتەوە و کاری لەسەر دەکرێت.

هەر بەو پێیە، گەیاندنی پەیام بە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە هاووڵاتیانەوە، بڕبڕەی پشتی بانگەشەی هەڵبژاردنە. مەبەستیش لە گەیاندنی پەیامەکان ئەوەیە کە هاووڵاتیان بتوانن لە کەشێکی ماقووڵدا "باشترین" بڕیار بدەن و بە گوێرەی حەز و ئاواتەکانیان، دەنگ بە "باشترین" بەرنامە بدەن. بەڵام بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بتوانن "باشترین" کەڵک لە مافی خۆیان وەربگرن، پێویستیان بە کەشوهەوایەکی هێمن و دوور لە گرژی هەیە، چونکە هەڵبژاردن و هێمنی، پێکەوە مانا دەدەن.

ئەوەی کە لە کۆتاییەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستاندا دەرباز دەبێت، بەزاندنی سنووری هێمنییە و کرانەوەی دەرگای کرژی و سازدانی نائارامییە بە ڕووی بانگەشەکەدا. هەڵبژاردن بۆ چوار ساڵی داهاتووە، داوا لە حیزب و لایەنە سیاسییەکان دەکات کە دەبێ پلان و بەرنامەیان بۆی هەبێت. لایەنێکی دیکەی ئەو چەمکە ئەوەیە کە ئەوانەی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، دەوری ئۆپۆزیسیۆنیان گێڕا، باس لە "کەموکورتی" و "ناڕێکی"یەکان دەکەن و حیزبەکانی دەسەڵاتداریش بە چەشنێک "بەرگری" لە ڕابردووی خۆیان دەکەن، بێشک ئەمەش ئەلفوبێی هەڵبژاردنە.

بەڵام بەشێکی زۆر لە بانگەشەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان وا لە قاڵبدراوە کە هەمیشە بەشێکی بەرچاو لە بانگەشەکە بۆ سەردەمی "خەباتی شاخ" و "پێشمەرگایەتی" دەگەڕێننەوە، لەکاتێکدا هیچ پەیوەندییەکی نە بە چوار ساڵی داهاتووەوە هەیە و نە لە مەنتقی حوکمڕانییەکی مەدەنیدا جێگەی دەبێتەوە. لێدانی سروودی شۆڕشگێڕیی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، بووەتە بەشێک لە بانگەشەی هەڵبژاردن. بەڵام کە هەڵبژاردن کۆتایی هات، سروود و هەستە "شۆڕشگێڕی"یەکەش دادەمرکێتەوە. ئاوێتەکردنی کەشوهەوای شۆڕشگێڕی و هەڵبژاردن دوای زیاتر لە 20 ساڵ حوکمڕانی، هیچ مانایەکی نییە.

شوشتنەوەی مێشکی هاووڵاتیانیش بە ڕێگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنە حیزبییەکانەوە (دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن) لە بانگەشەکەدا، بەشێکی دیکەیە لەو خەسارناسییە کە بەرۆکی بە بانگەشەی هەڵبژاردن گرتووە. بێوچان و شەو و ڕۆژ، تەلەفزیۆنەکان هاووڵاتیان بە پڕوپاگەندە و "زانیاری" بۆمباران دەکەن. ئەوەی کە دەرفەت و دراوی لە هەمووان زۆرترە، قەبارەی بانگەشە و پڕوپاگەندەکەی لەوانی دیکەش زیاتر دەبێت و پانتاییەکی بەرفراوان داگیر دەکات. ئەمەش هەر لە خۆیدا، ناڕێکی و نادادپەروەری لە پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردندا دێنێتە کایەوە. لە حاڵێکدا بەپێی پێوەرە جیهانییەکانی هەڵبژاردن و بانگەشە، دەبێ چەشنە هاوسەنگییەک لە کەرەسەکانی ڕاگەیاندندا بێتە دی، تا پەیامە ڕەنگاوڕەنگەکان بە هاووڵاتیان بگات. بەڵام بەپێی ئەوەی کە زۆرینەی کەرەسەکانی ڕاگەیاندن لە نێوان حیزبەکانی دەسەڵات و بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆندا دابەش کراوە، ئەم پێوەرە جیهانییە ڕەچاو ناکرێت، هەر ئەوەش هەڵبژاردنەکە خەوشدار دەکات.

لەقاودان و بەکارهێنانی زمانی زبر و لاتاو، لە چاوپێکەوتنەکانیاندا، ئەمەیان پەیوەندی بە ئاستی تێگەیشتن و ئەو کەلتوورەوە هەیە کە لەبری ڕوونکردنەوە و شیکردنەوە، پەنا بۆ خێراترین ڕێگە، ئەویش زمانی هەڕەشە و چێکردنی دۆخێکی نائەقڵانی لە ڕەوتی بانگەشەی هەڵبژاردندا دەبردرێت. منداڵانیش لە بانگەشەکەدا دەوری "پڕوپاگەندیست"یان پێ دەسپێردرێ. یان بە درەنگیی شەو، بە شەقام و کۆڵاناندا دەیانگێڕن. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە منداڵ پێویستی بەوە هەیە، لە جیهانی تایبەت بە خۆیدا بژیت. بانگەشەی هەڵبژاردن و کەشوهەوای ئارام، پێکەوە مانا دەدەن. هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان پێویستیان بەوە هەیە کە لە دۆخێکی هێمندا، بڕیاری یەکلاکەرەوەی خۆیان بدەن. ئەوە ئەرکی سەرشانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانە کە دوای زیاتر لە 20 ساڵ حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان، کۆتایی بە دۆخی هەستیاری و شۆڕشگێڕی بێنن و پرۆسەکە بەرەو ئاقارێکی ئەقڵانی و مەدەنییانەی دەسەڵاتدارێتی ڕێنوێنی بکەن.

عەلی سیرینی

# هەڵوەشانەوەتان لە بەرژەوەندی ئیسلام و کوردە

سیاسەتکردن وەک هەر کایەیەکی دیکەی ژیان، پێویستی بە لێزانین و پسپۆڕی هەیە. واتە چۆن نەخۆشێک پێویستی بە نەشتەرگەریی هەیە و تەنیا پزیشکی پسپۆڕ دەتوانێ بۆی بکات، سیاسەتیش بە هەمان شێوە کەسی خۆی گەرەکە. مەلای مزگەوت ناتوانێت نەخشەی ئەندازیاری ڕێگاوبان بنەخشێنێ. پەستار کاری میدیای پێناکرێت. سیاسەتمەدار ناتوانێت نەشتەرگەری بکات. کاروباری دادگا ئیشی ئەندازیار نییە. سیاسەتیش بە نیەتی پاک و خەونی ڕەنگاوڕەنگ ناکرێت.

بزووتنەوە و کۆمەڵ و یەکگرتوو پارتی ئیسلامین. لەسەر زەمینەی ئیسلام دروست بوون، بۆ ئەوەی کاری باش بکەن و خزمەتی کۆمەڵگاکەیان بکەن. بەگشتی، خەڵکانێکی دەستپاک و نیەتباشن. لە ئەرزی واقیعیشدا، خەڵکانێکی لێهاتوو و کارامە و ڕۆشنبیریان پێگەیاندووە کە لەوانەیە لەنێو پارتەکانی دیکەدا بەم شێوەیە نەبێت. هۆکارەکەش ئەوەیە ئیسلام ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەندی هەیە، دەتوانێت خەڵکی هۆشیار و لێهاتوو پێبگەیەنێت. جێگای داخە، ئەم لایەنە باشانەی پارتە ئیسلامییەکان، بەپێی پێویست خێرەکەی نەگەیشتووەتە سەرجەم کۆمەڵگای ئێمە. مەبەستیشم لە کۆمەڵگا بەگشتی، زۆرینەن کە لەلایەنی سیاسیەوە دەنگدەر و هەواداری پارتی و یەکێتی و بەم دواییانەش، گۆڕانن. واتە ئێمەی کورد زۆربەی هەرە زۆری مسوڵمانین، بەڵام لە ئاستی سیاسیدا ڕاو بۆچوونمان دابەشبووە بەسەر چەند پارت و گرووپێک کە سیاقێکی دوور و درێژی مێژوو، ئەم ڕەنگە جیاوازانەی دارشتووە بەسەر سیمای گەلەکەمان.

لەکاتی خوێندنەوەی مێژووی سیاسییان و ئەو ساڵە درێژانەی ئەسپی سیاسەتی خۆیان تێدا تاوداوە، دوو سێ هەڵەی کوشندە لە تەمەنی پارتە ئیسلامییەکاندا دێتە بەرچاو.

یەکەم: زەڕبەیەکی کوشندەیان لە ئیسلام دا کە کایەیەکی گشتییە و موڵکی هەموو کۆمەڵگای کوردەوارییە، بەڵام وەک چەکێکی ململانێی سیاسی بەکارهێنرا. لێرەدا حاڵەتێک دروست بوو، تێیدا ئیسلام کراوە بە قوربانی سیاسەت. واتە لە هەر شوێنێک یەکگرتوو و کۆمەڵ و بزووتنەوە ئامۆژگاری خەڵک بکەن، هەوڵی بێدارکردنەوەیان بدەن بە قورئان و حەدیس، خەڵکەکە بە تەکتیکێکی حیزبایەتی و پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن و هەوڵدان بۆ زیادکردنی کورسی تێیگەیشتوون. پێویستە بەردەوام لە بیرمان نەچێت کە ئەرکی بنەڕەتی ئەم پارتە ئیسلامیانە بانگەوازکردنە بۆ ئیسلام، بێدارکردنەوەی خەڵکە بۆ زیاتر هۆشیاری و دروستکردنی بالانسە لە نێوان دونیا و قیامەت، بۆ ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵ بەرەو زیادەڕۆیی و زوڵم و ستەم نەچن. ساڵی 1993 لە شام بووم. دکتۆر محەممەد سەعید بۆتانی کتێبێکی دەرکرد بەناونیشانی "الجهاد فی سبیل الاسلام کیف نفهمه وکیف نمارسه". چەندین کتێبی ئەم زانایەم خوێندوونەتەوە. وابزانم لە نێو ئەم کتێبەیە باسی ئەوە دەکات کە چۆن دەسەڵات داوای لێکردووە پارتێکی ئیسلامی دابمەزرێنێ و بچێتە نێو پەرلەمان. بۆتانی ڕوونیدەکاتەوە کە ئەم داوایەی ڕەتکردووەتەوە، چونکە کارێکی ژەهراوییە بۆ بانگەوازی ئیسلامی، چونکە ئەوکات خەڵک گوێ بۆ ئیسلامەکە ناگرن، بە تەڵەکە و تەکتیکێکی سیاسی تێیدەگەن. ئەڵبەتە ئەوکات هەرچەندە بەلامەوە قسەیەکی مەعقول بوو، بەڵام پێم ڕاست نەبوو، بەلایەنی کەمەوە، بۆ هەموو شوێنێکی جیهانی ئیسلامم بە گونجاو نەدەزانی. دوای 21 ساڵ، قەناعەتی تەواوم هەیە ئەم قسەیەی دکتۆر بۆتانی، لە قووڵایی مەعریفەت و ئەزموونێکی زۆر دەوڵەمەندەوە هەوێنی گرتووە. ئەوەی سەرنج دەدرێ لە کاری ئیسلامییەکان، ئەم ڕوکنە بنەڕەتیەی ئیسلام کە بانگەوازکردنە، کراوەتە قوربانی سیاسەتێک کە تێیدا سەری قازانج خوراوە: نە بانگەوازەکە کراوە، یان جێگای خۆی بگرێت، نە سیاسەتەکەش دەستکەوتێکی ئەوتۆی هەبووە بڵێین باشە هەر چۆنێک بێت قەرەبووی شکستی دیکە دەکاتەوە. ئێستا وای لێهاتووە، خەڵک قورئان و حەدیسیش، وەک قسەو کامپینی هەڵبژاردنی پاڵێوراوان و لیستەکان حسێب دەکەن.

قووڵایی گەندەڵی لێرەوە دەستپێدەکات! ئێمە دامودەزگامان نییە کە یاسا تێیدا سەروەر بێت بۆ ڕێگەگرتن لە گەندەڵی، ئینجا گەر قیامەت و ئاین و کتێبی پیرۆز لە گەندەڵی سیاسییەوە گلان، میللەت بەبێ بایەخی مامەڵەی لەگەڵ ئەم بنەمایانە کرد، چ شتێک خڵک دەگێڕێتەوە لە ستەم و زوڵم و خۆدەوڵەمەندکردن لەسەر حیسابی خەڵکی دیکە؟

دووەم: خۆجیاکردنەوە لە بەشەکانی میللەت. لە کاتێکدا پێغەمبەران و چاکخوازانی مێژوو بەردەوام، گەر نەویستراویش بووبن، هەر چوونەتەوە نێو خەڵکەکەیان و بەوپەڕی لەخۆبووردەیی و خۆشەویستیەوە، تەحەمولی ئازار و ئەشکەنجەیان کردوون. قسەیەکی نەستەق هەیە دەڵێ "هەموو ئەوەی پێویستە بۆ سەرکەوتنی خراپەکاری ئەوەیە پیاوچاکەکان هیچ نەکەن". لە ساڵی 1991ەوە ئیسلامییەکانی کوردستان، چونکە بە هەڵە هاتنە نێو مەیدانی سیاسەتەوە، بە ڕکابەریی و مونافەسەی سیاسییەوە ملیان نایە سیاسەت، تا بە تەواوی لە کۆمەڵگا نامۆ بوون، ئەو مۆدێلەی خۆبەخشین لەپێناوی خودا بۆ ڕزگارکردنی خەڵک نیشانیان نەدا. بە دەستی خۆیان لەمپەر و ڕێگرییان لە پێش بانگەواز و چاکسازیی دروست کرد. لە کاتێکدا ئێمە دەبینین ئەو چاکخوازانەی دونیا، بانگەوازەکەیان لە نێوان ملیۆنان کەس باوەشی بۆ کراوەتەوە، چونکە خۆیان دوورگرتووە لە مەنسەب و پارەوپوول و باق و بریقی دونیا. نموونەی زانای کوردیش بەدیعولزەمان سەعید نورسی باشترین بەڵگەیە. ئینجا لەمەش کارەساتتر ئەوە بوو، ئەم هەڵە کوشندانە، ئیسلامیەکانی لە یەکتریش نامۆ کرد و پەرتەوازە بوون و ڕق و کینەیان لە یەکتری هەڵگرت (ئەی ئەمە مەهزەلە نییە بەناوی ئیسلامەوە چەندین پارت و گرووپت هەبێت؟

ئەمڕۆ لە کوردستان، ئیسلامییەکان مشتومڕی گەورەیان، نوزانەوەو پاڕانەوەو گازەندەو گلەییە لە کەمیی بودجەیان، یان دەستکەوتی حکومەت و کورسیی وەزارەت. 24 ساڵە گەندەڵی کۆمەڵگای ئێمەی ژەهراوی کردووەو هەراسانی کردووە. پیاوچاکیی ئیسلامییەکان نەیتوانیوە بایی یەک پووش ئەم دەردە چارەسەر بکات. بۆچی؟ چونکە خۆیان لە میللەت دابڕیوە بە حیزبایەتییەکی گەنیو کە ئەوانی لە فەزای گشتی دوورخستووەتەوەو وەک ئەوە وان کە خۆیان بێدەنگ کردووە، لە کاتێکدا بە بەرچاویانەوە پەتای گەندەڵی و ناعەدالەتی ئاسمانی کوردستانی ژەهراوی کردووە. کەمترین بەهانەش بۆ نەبوونی کاریگەرییان ئەوەیە، مادام ئەوانیش پارت و گرووپن، زمانحاڵی حیزبەکانی دیکە دەڵێ: چ هەقێکیان هەیە بەسەر ئێمەوە چی دەکەین و چی ناکەین؟ کەواتە هەر قسەیەکیان کردبێت وەک خێر و چاکە، پارتایەتییان بووەتە لەمپەر لە گەیشتنی قسەکەیان و بێ پەلوپۆ ماوەتەوە. کاتێک تۆ وەک ئیسلامی، بچییتە نێو سیاسەتەوە، مل بنێیتە بەر ملی خەڵکانی دیکە وەک پێشبڕکێ، ئیتر خەڵک ئەو دڵەی نابێت بە هۆشیارییەکی خێرخوازانە گوێ لە ئامۆژگاریەکانت بگرێت، لە کاتێکدا تۆ لە ئەرزی واقیعدا ئەجێندای مونافەسەو کورسی و دەسەڵاتت بەرپا کردووە!

سەدان جار چیرۆکی حەزرەتی یوسفمان بە گوێدا دەچرپێنن، کەچی خۆیان کاری پێناکەن. تۆ بێنە پێش چاوی خۆت، گەر حەزرەتی یوسف گرووپێکی تایبەت بە خۆی دروستکردبایە و کەوتبایە ململانێی سیاسی لەگەڵ پاشای میسری ئەو سەردەمە، چ کارەساتێک دەهاتە کایەوە؟ بە پێچەوانەوەش، بێنە پێش چاوی خۆت، گەر لە 1991ەوە ئیسلامییەکان پارتایەتی و سیاسەتیان نەکردبا، تەنها وەک کۆمەڵەی خێرخوازی بانگەواز و کاری خۆبەخشانە هاتبانە نێو گۆڕەپان، دەبوو ئەمڕۆ لە چ ئاست و زروفێک بووان؟

لە ئاستی سیاسیش تەماشا بکە، ئیسلامییەکان گەر لە پاشیان نەدابێ، نەچوونەتە پێشەوە. ئەوەتا دوای ساڵانێکی دوور و درێژ، بە هەموو پارتە ئیسلامییەکان بە قەدەر نەک گۆڕانێک کە دوێنێ دروست بووە، بەڵکو بە قەدەر یەکێتییەکی شکستخواردوو، نەیانتوانیوە دەنگ بێنن. لەگەڵ ئەم هەموو پاشگەز بوونەوانەش، ئیسلامیەکان ئامادە نین گوێ لە ڕەخنە بگرن، یان پێداچوونەوەیەکی قووڵ و فراوان بکەن بۆ ئەم وەزعەی خۆیان.

ساڵی 2006 لەکاتی گەڕانەوەم بۆ کوردستان، سەردانی سەرکردەی پارتێکی ئیسلامیم کرد لە هەولێر. هەندێک پێشنیار و ڕەخنەم ئاڕاستەکردن. بە هەندێکیان قەڵس و ناڕەحەت بوو. هەندێک لەو پێشنیارانەی خستمنەڕووی جەنابیان و ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتەکەی، ئەوە بوو کە پاشگری ئیسلامی لە پارتەکەیان بکەنەوە. هەروەها چەند پێشنیارێکی دیکەم باس کرد. نەک هەر کاریگەریی نەبوو، بەڵکو بەبێ نرخ مامەڵەیان لەگەڵ ئەو پێشنیارانە کرد. چەند مانگێک پێش ئێستا، واتە دوای هەشت ساڵ لە پێشنیارەکانی من، دکتۆر موحسین عەبدولحەمید (سەرۆکی پێشووی حیزبی ئیسلامی عێراقی) لە سیمینارێکدا هەمان قسەکانی منی کردەوە کە لای ئیسلامییەکان سەدا و مشتومڕی دروستکرد. جیاوازییەکەش ئەوەیە، ئیسلامیەکانیش دیارە تووشی ئەو دەردە بوون، گەر کەسێکی بە باق و بریق و خاوەن پلە قسەیان بۆ نەکات، بە گرنگییەوە گوێی پێ نادەن!

ئەمڕۆ دوای ئەزموونێکی درێژ، حەز دەکەم ئەم پێشنیارە وەک خەمخۆرێک و دڵسۆزێکی میللەتەکەمان و ئیسلامییەکان بخەمە بەردەم پارتە ئیسلامییەکان. هیوادارم دوای هەشت ساڵی دیکە دەست نەکەن بە گرنگیدان پێی، چونکە ئەوکات کەسێکی ناودار و خاوەن پلەو پایە پێشنیاری کردووە. من وای دەبینم، وەک بەرژەوەندییەکی باڵای ئیسلام و کوردستان، بۆ پێشخستنی کایەی سیاسی و چارەسەرکردنی گەندەڵی و بەرقەرارکردنی ئاشتی و ئاسایش لەنێو میللەتەکەمان، هەرسێ پارتە ئیسلامییەکە خۆیان هەڵبوەشێننەوە، بچنە نێو پارتی و یەکێتی و گۆڕان. بۆ نموونە من زۆر بە گونجاوی دەبینم کۆمەڵ و بزووتنەوە لەگەڵ پارتی تێکەڵ ببنەوە، یەکگرتووش ببێتە دوو بەش، بەشێکیان بچنە نێو یەکێتی و بەشەکەی دیکەش بۆ ناو گۆڕان. یان پێکەوە بچنە نێو گۆڕان.

## بۆچی ئەم پێشنیارە دەکەم؟

یەکەم: ئەم ململانێ و دوژمنداریییە شاراوەیەی نێوان پارتە ئیسلامییەکان و ئەوانیتر نامێنێت کە بە پاڵنەری ئایدیۆلۆژی و ململانێی سیاسی دروست بووە.

دووەم: لەمپەری دەروونیی نێوان پارتەکانی دیکە و ئیسلام نامێنێ. ئیسلام چیتر وەک ئایدیۆلۆژیای پارتە ئیسلامییەکان ڕەفتاری لەگەڵ ناکرێت. بەڵکو وەکو ئاین و بەها و مێژووی میللەت.

سێیەم: چیتر ئەندامە ئیسلامییەکان ناخرێنە نێو زیندانەوە بە تۆمەتی تیرۆر.

چوارەم: هەر پارتێکی توندڕەو دروست ببێت بەناوی ئیسلامەوە، لە نێو میللەتی ئێمە جێی نابێتەوە.

پێنجەم: ئیسلامییەکان، ئەم سێ پارتەی کوردستان دەوڵەمەند دەکەن بەو باکگراوندە مەعریفی و ئەدەبیەی هەیانە، زیاتر بەرەو حیکمەت و پێگەیشتنیان دەبەن.

شەشەم: قسەی کەسانێکی وەک مامۆستا عەلی باپیر و مامۆستا محەممەد فەرەج و کەسایەتییەکانی دیکە، لە نێو پارتی و یەکێتی و گۆڕان، کاریگەریی خۆی دەبێت لە بێدارکردنەوەو هۆشیارکردنەوەی ئەندامانی ئەم پارتانە، لە ئاقار گەندەڵیکردن و زوڵمکردن، زیاتر وەک ئەوەی لە دەرەوە لە جوغزی ڕەخنەی حیزبایەتی بیکەن.

حەفتەم: سوننەتی پێغەمبەر یوسف (درودی خوای لەسەر بێت) دووبارە دەکەنەوە کە دەچنە نێوەندی بڕیار و سیاسەتی کارا بۆ چاکسازی و ئاشتەوایی و پێشخستنی میللەت.

هەشتەم: ئیسلامییەکان لە گۆشەگیری و لاپەڕگەیی ڕزگاریان دەبێت و ئیتر نامۆ نامێنن، قسەو ئامۆژگارییەکانیان بێ بایەخ نامێنن.

نۆیەم: ئەگەر هەر حەز و ویستێکی شاراوە لە نێو یەکێتی و پارتی و گۆڕان هەبێت بۆ شەڕخوازی، گەڕانەوە بۆ ڕۆژانی شەڕی ناوخۆ، هەنگاوێکی لەم جۆرە دەکرێ ببێتە مایەی خێر بۆ هەموو لایەنەکان و ڕێگرتن لەبەردەم ویستێکی ترسناکی لەم جۆرە لە لایەن یەکێتی و پارتی و گۆڕان کە دیارە هەریەکەیان پانتاییەکی فراوانی میللەت لە گەڵیەتی.

دەیەم: نزیکەی چارەکە سەدەیەکە، ئیسلامییەکان لە ژێر باڵی پارتی و یەکێتی کار دەکەن. زۆربەی جاران دروێنەیان تاڵ بووە. دەستەمۆی ئەم دوو پارتە بوون کە هەموو شتێکیان قۆرخ کردووە. باشترە لەگەڵیان بوەستن و هەوڵی چاکسازیی ڕاستەقینەیان لەگەڵ بدەن، لە ناوەوە، نەک وەک ژمارەیەکی بێ هێزی لە دەرەوە وەستاو هەمیشە چاوەڕێی خێر و پاداشتێک بن.

ئەم کارەی ئیسلامییەکانی کوردستان، گەر بیکەن، دەبێتە مۆدێلێکی نوێی جیهانی ئیسلام و ئەزموونێک، شایەنی ئەوە دەبێ ببێتە دیاردەیەکی نوێ بۆ جیهانی ئیسلام و وەرچەرخانێکی گەورە لە مێژووی میللەتانی موسڵمان.



هێمن عەبدوڵڵا

# ناوچە دواخراوەکان

جاران کێشەی هەرە گەورەی باشووری کوردستان و شۆڕشەکەی، ناوچە دابڕاوەکان بوو، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات بایەخی ئەو کەیسە کاڵتربووەتەوە. ئەو ناوچانەی شۆڕشیان لەسەر کۆتایی پێدەهێندرا و مێژی دانوستاندنەکان بەهۆیانەوە ساردوسڕ دەبوون، بڕیاردان لەسەر چارەنووسیان ڕۆژ بە ڕۆژ دوادەخرێت. ڕاستتر وایە لەمەودوا ئەو ناوچانە ناوبنێین ناوچەی دواخراو.

ناوچە دواخراوەکان نزیکەی نیوەی خاکی باشووری کوردستان پێکدەهێنن. کەرکووک گەورەترین شاری ئەو ناوچانەیە و زۆرتر لە هەمووان باسیدەکرێت، بەڵام زۆر شار و گوندی دیکەش هەن کە دانیشتووانیان وەکو خەڵکی هەولێر و سلێمانی و دهۆک دانیشتووانی ڕەسەنی کوردستانن. بەڵام ئەو ئازادی و خۆشگوزەرانییەی هەولێری و سلێمانی و دهۆکییەکان هەیانە، ئەوانە لێی بێبەشن. لە شۆڕشەکانی کوردستاندا، بەتایبەتیش لە شۆڕشی ئەیلول، ئەو ڕاستییە دەزانرا و پێداگیریش لەسەر سەلماندنی دەکرا. ئێستاش هەمان پێداگیری لە ئەدەبیاتی حیزبەکاندا هەیە، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ خاوتر دەبێتەوە.

لە هەڵمەتی بانگەشەکانی هەڵبژاردندا ناوچە دواخراوەکان زۆر کەم باسیانکرا. کاتێک کەیسێک کێشەی هەرە گەورەی وڵاتێک و گەلێک بوو بێت و لە هەڵمەتی بانگەشەکردنی هەڵبژاردندا کاندیدەکان بە گرنگی نەزانن باسی بکەن، چیدیکە کێشەی هەرە گەورە نییە. کێشەی گەورە پێویستی بە بیرکردنەوەی گەورە هەیە بۆ چارەسەرکردنی نەک بە قسەی ناو کتێبان.

ڕژێمەکانی عێراق دەیانگوت کورد بۆیە پێداگیری لەسەر کوردستانیبوونی کەرکووک و ناوچەکانی دیکە دەکەن چونکە نەوتیان لێیە. ئەم تێگەیشتنە لە میدیای جیهانیشدا ڕەنگیدابووەوە، بەڵام هەمیشە سەرکردایەتیی کورد ئەمەی ڕەتدەکردەوە. کەچی دوای دۆزینەوەی نەوت لە ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستان، بە ڕێکەوت بووبێت یان بە بەرنامە، ئەو گەرموگوڕییەش بۆ سەلماندنی کوردستانیبوونی ئەو ناوچانە نەما. ئەمەش بەڕوونی لە شێوازی بەشداریکردنی حیزبە کوردییەکان لە هەڵبژاردنەکانی مووسڵ و بەدوایدا لە کەرکووکیش بەزەقی دەرکەوت.

هێشتا کابینەی نوێی حکومەتی کوردستان پێکنەهاتووە و دانوستاندن لەنێوان لایەنەکاندا لەسەر دابەشکردنی پۆستەکان بەردەوامە. یەکێک لەو پۆستانەی دانوستاندنی لەسەر دەکرێت و هەوڵدەدرێت حیزبێکی پێ قایل بکرێت بێتە نێو حکومەتەوە پۆستی سەرۆکی دەستەی گشتیی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانە. ئەگەر گەڕاندنەوەی ئەو ناوچە کوردستانییانە کێشەی هەرە گەورەی باشووری کوردستان بووایە، نەدەبووایە ئەو پۆستە و ئەو دەزگایە بخرێتە مامەڵەی پێکهێنانی حکومەتەوە. دەبووایە لەجیاتی ئەوە، دەستەکە بکرێتە دامەزراوەیەکی پرۆفێشناڵی دەستڕۆیشتوو کە لەلایەکەوە زەمینەسازی بکات بۆ گەڕاندنەوەی ناوچە دواخراوەکان و لەلایەکی دیکەشەوە پلانی دوای گەڕاندنەوەیان دابنێت، نەک وەکو ئیمتیاز بدرێتە ئەم حیزب و ئەو بزووتنەوە.

پرسیارێک کە لە باشووری کوردستاندا زۆر دەبیسترێت ئەمەیە: گریمان وای لێهات هەرێمی کوردستان بووە دەوڵەتی سەربەخۆ، ئایا کەرکووک و ناوچەکانی دیکەش بەشێک دەبن لەو دەوڵەتە یان چارەسەری کێشەکەیان وەک هەمیشە دوادەخرێت بۆ داهاتوو؟ بەو بێنازییەی ئەو ناوچانە لە ئەجێندای سیاسیی حیزبەکانی کوردستاندا هەیانە، پێناچێت پرسیارەکە وەڵامێکی دڵخۆشکەری هەبێت!






بێستون عوسمان

# ئایا ئەرمینیا دەبێتە دۆستی نوێی تورکیا؟

24 ی نیسانی ئەمساڵ، وەک هەموو ساڵێک ئەرمەنییەکان یادی کۆمەڵکوژییەکەی 1915 یان کردەوە. شەوی 23 ی نیسان گەنجانی ئێریڤان لە مەیدانی ئازادی شارەکەیان کۆبوونەوە و دوای یادکردنەوەی قوربانییەکانیان، ئاڵای تورکیایان سووتاند وەک دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر تورکەکان کە تۆمەتباریان دەکەن بە کۆمەڵکوژکاری باو و باپیرانیان لە جەنگی جیهانی یەکەمدا. ئەو تۆمەتانەی دەخرێنە پاڵ تورکیا زۆر جددین. بەڵام کۆماری تورکیا لە دامەزراندنەوە هەتا ئەمڕۆ، بە باشتری زانیوە خۆی لەم باسە بەدووربگرێت و هەموو هەوڵە دیبلۆماتییەکانی بخاتەگەڕ بەمەبەستی ڕێگرتن لە وڵاتانی جیهان بۆ ناسینی ئەم کۆمەڵکوژییە بەفەرمی. جێی سەرنج بوو، کە ئەمساڵ ڕەجەب تەییب ئەردۆغان لە هەنگاوێکی چاوەڕوان نەکراودا پەیامێکی بڵاوکردەوە و سەرەخۆشی لە ئەرمەنەکان کرد. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە کە "ئایا مەبەستی ئەردۆغان لەم پەیامە دروستکردنی ڕۆژەڤێکی ئالتەرناتیڤی کاتییە؟ یان ئەم پەیامە دەستپێکی قۆناغێکی نوێیە بۆ پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەرمینیا؟"

دەسەڵاتی پارتی داد و گەشەپێدان لە ماوەی 11 ساڵی ڕابردوودا چەند هەنگاوێکی نا لە بابەتە هەستیارەکانی تورکیا کە بە درێژایی مێژووی تورکیا تەنانەت باسکردنیان بڤە بوو. ئەردۆغان مەبەستی هەرچییەک بێت لەم هەنگاوانە، ئەنجامەکانیان کاریگەری ئەرێنییان هەیە لەسەر پرۆسەی دیموکراسی و فراوانکردنی ئازادییەکانی تاکەکەس لە تورکیا. سیاسەتەکانی ئەردۆغان هەر وەک کاریگەرییان لەسەر ناوخۆی تورکیا هەیە، بەهەمان شێوە لەسەر ئاستی ناوچەیی دەبنە هۆی گۆڕانکاری ڕیشەیی. پەیوەندییە پێشکەوتووەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا نموونەیەکی دیاری ئەم کاریگەرییە هەرێمیانەیە. 10 ساڵ لەمەوپێش کەس چاوەڕێی ئەوەی نەدەکرد ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان یەکێک بێت لە هاوپەیمانە سەرەکی و دۆستە نزیکەکانی تورکیا. بەڵام هەنگاوە یەک لە دوای یەکەکانی حکومەتەکی ئەردۆغان بۆ کرانەوە بە ڕووی گەلی کورد، بووە هۆی کۆبوونەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان و دەوڵەتی تورکیا لەسەر یەک مێز لە چوارچێوەی پرۆسەی ئاشتی لەسەر ئاستی ناوخۆی تورکیا و بنیادنانی پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوچەیی. ئێستا تورکیا لەسەر و بەندی دەستپێکردنی کرانەوەکی نوێیە و ئەمجارە ئەرمینیا ئامانجی نوێی ئەردۆغانە. لە ڕاستیدا کرانەوە بە ڕووی ئەرمینیا سیاسەتێکی نوێی ئەردۆغان نییە بەڵکو چەند ساڵێک پێش ئێستا دەستی پێکرد. یەکەم هەنگاو لە ساڵی 2005دا نرا. ئەردۆغان کە ئەو کاتە ماوەی 3 ساڵ بوو لەسەر کورسی سەرۆک وەزیران دانیشتبوو، نامەیەکی نارد بۆ ڕۆبەرت کۆچەریان، سەرۆک کۆماری ئەو کاتەی ئەرمینیا. سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە نامەکەیدا کۆچەریانی بانگهێشت دەکرد بۆ ئەوەی لیژنەیەکی هاوبەش پێکبهێنن لە مێژووناسانی هەردوو وڵات بۆ لێکۆڵینەوەی "ڕووداوەکانی 1915". ئەردۆغان پێشنیازی کردبوو کە ئەرشیفی وڵاتانی سێیەم بە بنەما وەربگیرێت بۆ لێکۆڵینەوەکە. بەرهەمی ئەم نامەیەی ئەردۆغان دانووتاندنەکانی 2007 بوو لە نێوان هەردوو وڵات لە سوید. لە ئەنجامی دانووستاندنەکانی 2007، تورکیا و ئەرمینیا تشرینی یەکەمی 2009 دوو پرۆتۆکۆلیان ئیمزاکرد بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان. بێ لەم پرۆتۆکۆڵانە، تۆپی پێ بووە هۆی دروستبوونی پەیوەندی دیبلۆماسی لەنێوان هەردوو وڵات. 2008-9-6 عەبدوڵڵا گوڵ، سەرۆک کۆماری تورکیا سەردانی ئێریڤانی کرد و لەگەڵ سێرج سارکیسیانی هاوتا ئەرمینییەکەی پێکەوە تەماشای یاری نێوان هەردوو وڵاتیان کرد. سارکیسیانیش 2009-10-14 سەردانی شاری بورسای کرد لە تورکیا و لەگەڵ گوڵی هاوتای تەماشای ڕۆڤانشی هەمان یارییان کرد. ئەوەی جێی سەرنجبوو، لە هەردوو ڕووبەڕووبوونەوەکەدا هەڵبژاردەی تورکیا براوە بوو.

بەڵام، ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکان هێندەی تەماشاکردنی تۆپی پێ ئاسان نەبوو! ساڵی 2010 سەرۆک کۆماری ئەرمینیا، پێش یادەوەرییەکانی 24 ی نیسان ڕایگەیاند کە پرۆسەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان هەڵدەپەسێرن. سارکیسیان تورکیای تۆمەتبارکرد بە خەمساردی لە هەنگاونان بۆ جێبەجێکردنی پرۆتۆکۆڵەکان.

ئەم لێدوانەی سارکیسیان بووە هۆی کزبوونی ئومێدەکان بۆ ئاشتی تورکی ئەرمەنی. پێ دەچێت ئەردۆغان، جارێکی دیکە بیەوێ لە دەرگای ئەرمینیا بداتەوە بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان.

ئامانجی حکومەتەکەی ئەردۆغان لە پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و هەوڵدان بۆ نزیکبوونەوە لە ئەرمینیا، لە یەک دەچن. یەکەم خواستی تورکیا، دروستکردنی سەقامگیریی سیاسییە لە ناوچەکە. سەقامگیری سیاسی، سەقامگیری ئابووری بەدوای خۆیدا دەهێنێت و لە ئەنجامدا ئاستی بژێوی گەلانی ناوچەکە بەرزدەبێتەوە. تورکیاش وەک یەکێک لە بەهێزترین بەرهەمهێنەرەکانی ناوچەکە سوود لەم بازاڕە وەردەگرێت. ئامانجی دووەمی تورکیا کە لە یەکەمیان گرنگترە بۆ ئەو وڵاتە، دروستکردنی سەرچاوەی وزەی ئالتەرناتیڤە. لەم بوارەشدا، ئەرمینیا هێندەی هەرێمی کوردستان گرنگە، چونکە تاکە ڕێی گەشتنی تورکیا بە سەرچاوەکانی وزە لە ئازەربایجان بەکارهێنانی خاکی ئەرمینیایە.

تورکیا، کێشەکانی لەگەڵ ئەرمینیا قوڵترە لە کێشەکانی لەگەڵ کورد. قەیرانی تورکی ئەرمەنی ڕەهەندێکی مێژوویی هەیە بەوەی کە دەوڵەتی عوسمانی تۆمەتبارە بە کۆمەڵکوژی 1 ملیۆن و نیو ئەرمەنی. هاوکات ڕەهەندێکی هەنووکەیی هەیە، بەوەی کە تا ئێستا کێشەی قەرەباغ کە ساڵی 1993 سەری هەڵدا چارەسەر نەکراوە. بەڵام کێشەی تورکیا لەگەڵ کوردیش زۆر ئاسان نەبوو، چونکە شەڕێکی 30 ساڵە لە هاوکێشەکەی تا بڵێی ئاڵۆز کردبوو. لە ئەنجامدا ئەگەر ئەردۆغان توانیبێتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کورد بە ئاستێکی باش ئاسایی بکاتەوە. چاوەڕوان دەکرێت کە لەگەڵ ئەرمەنیش بگاتە ئەنجام. بێگومان ئەم پێڤاژۆیە، کاتێکی زۆر و هەوڵی زیادتری دەوێت، چونکە کۆمەڵگای ئەرمەنی زۆر تووڕەیە لە تورکیا و ڕازیکردنی ڕای گشتی ئەو وڵاتە بۆ دۆستایەتی لەگەڵ تورکیا بە دەیەها ساڵی دەوێت.



دەیڤد ڕۆمانۆ

# هاوسەرگیرییەکی درێژ

لەنێوەندی سیاسی تورکیادا، نوکتەیەکی باو هەیە دەڵێ "ئەمریکا دەیەوێ تورکیا و کوردی عێراق دۆست بن، بەڵام هاوسەرگیری نەکەن". لەکاتێکدا هاریکاریی تورکیا و هەرێمی کوردستان لە بواری نەوت و غازدا برەوی زیاتر بەخۆوە دەبینێ، چاودێران زیاتر ئەو پرسیارە دەکەن ئایا ئەم پەیوەندییە درێژە دەکێشێ یاخود کورتخایەن دەبێت. پەیوەندییەکی ستراتیژی درێژخایەن، هەروەک هاوسەرگیرییەکی بەهێز، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی نیشتمانیی هاوبەش و ڕێز لەیەکترگرتن و سەربەخۆیی هەردوولا لەدایک دەبێ. بەپێچەوانەوە پەیوەندی کورتخایەن لە بەرژەوەندییەکی سیاسی کاتییەوە سەرچاوە دەگرێ و هەمیشە پشت بە کەسایەتی و پەیوەندی نزیکی ئەو سەرکردانە دەبەستێ کە لە داهاتوویەکی نزیکدا لە دەسەڵاتدا نامێنن. هەروەک هاوسەرگیری کاتی، هاریکارییەکی لەم جۆرە تەنیا بۆ جێبەجێکردنی پێداویستی کاتی و ئارەزووەکانی یەکترە، بەڵام هەردوولا دەزانن ڕێککەوتنەکەیان لە ماوەیەکی کورتدا کۆتایی دێت. ئایا پەیوەندیی ئەنقەرە و هەولێر دەبێتە پەیوەندییەکی ستراتیژی ڕاستەقینەی هاوبەش یان تا ئەوکاتە درێژەی دەبێت کە ئەردۆغان و بارزانی وەک سەرۆکی هەردوو حکومەت دەمێننەوە؟

ئەوانەی دەڵێن ئەو پەیوەندییە پشت بەمانەوەی ئەم دوو سەرۆکە دەبەستێ کە حاڵی حازر لە دەسەڵاتدان، دەڵێن ئەم دوو سەرۆکە پەیوەندییەکی باشیان هەیە، بۆیە لە بەرامبەردا هاریکاری حکومەتەکەیان بەهێزە. دڵنیانیم کە بارزانی و ئەردۆغان حەزیان بە چارەو کەسایەتی یەکدی بێت. زۆر لەمەوبەر نەبوو کە یەکدییان تاوانبار دەکرد و هەڕەشەیان لەیەکدی دەکرد، ئەوکات ئەنقەرە لەبری هەولێر گفتوگۆی لەگەڵ بەغدا دەکرد ئەگەر پێویستی بەشتێک بووایە، وەک هاوکاریکردن لە دژی پارتی کرێکارانی کوردستان. هەرچەندە ئێستا پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا زۆر جیاواز دەردەکەوێ، بەڵام بەڵگەیەکی ئەوتۆ نییە لەسەر ئەوەی شتەکان پێشکەوتنیان بەخۆوە بینیوە بەهۆی پەیوەندییەکی تایبەت و شەخسی نێوان ئەم دوو سەرۆکە یان وەزیرە باڵاکانیان.

کەواتە گۆڕانکارییەکە چی بوو؟ یەکەم پێشکەوتنی بەرچاو کاتێک ڕوویدا کە ئەردۆغان کۆتایی بە کاریگەری و دەسەڵاتی فەرماندە سەربازییەکان لە تورکیا هێنا.

لەگەڵ نەمانی کاریگەری ئەم گرووپە لە تورکیا، ئەو بەرپرسانەی ئەنقەرە کە زیاتر تەرکیزیان لەسەر ناسنامەی ئیسلامی بوو وەک لە ناسنامەی تورکی، هەستیان بە ئازادی کرد لە ئامێزکردنەوە بۆ کوردی عێراق. تائێستا هۆکارە ستراتیژییەکانیان بۆ ئەم پەیوەندییە لەگەڵ هەرێمی کوردستان زیاتر بووە لە پەیوەندییە شەخسییەکانیان. بەر لە هەموو شتێک وادەردەکەوێ کە پارتی داد و گەشەپێدان دەتوانێ دەنگی پێویست بهێنێ بۆ مانەوە لە دەسەڵات، بەمەرجێک باری ئابووری وڵات بەباشی بمێنێتەوەو بەردەوام بێت لە پاراستنی پەیوەندییەکەی لەگەڵ هەردوو نەتەوەی کوردو تورک. نزیکبوونەوە لە نەتەوەی کورد ئاسانتر بووە کاتێک پارتی دادو گەشەپێدان دەتوانێ بڵێ "ئەم حکومەتە دژی کورد نییە، بەڵکو دژی پەکەکەیە، تەماشای چاکسازی و پەیوەندییە بەهێزەکەمان لەگەڵ سەرۆک بارزانی و تاڵەبانی بکەن!". ئەگەر هاوڕێ کوردە نوێیەکەیان کە ئێستا ئەنقەرە دەیباتە هەموو ئاهەنگ و پێشوازییەکانییەوە، یارمەتی هێشتنەوەی ئاگربەست و شەڕنەکردنی پەکەکە و گرووپەکانی لە سووریا لە دژی تورکیا بدات، ئەوە هۆکارێکی دیکە دەبێت بۆ هێشتنەوەی ئەم هاوڕێیەتیە بۆ ماوەیەکی درێژتر.

هێشتنەوەی ئابووریی تورکیا بەشێوەیەکی باش کە یارمەتیدەر بێت لەبردنەوەی هەڵبژاردنەکان، ئاڵۆزترە. بەشێکی سەرەکی لە ستراتیژی ئابووری پارتی دادوگەشەپێدان پشت بە هەناردەکردنی وزە بۆ هەنگاریا دەبەستێت، کە ئابوورییەکەی لە گەشەکردنێکی خێرادایە. بەتایبەت پێویستیان بە غازی سروشتییە بۆ وێستگەکانی کارەبای تورکیا، ئەوەی لە بۆڕییەکانی ڕووسیا و ئێرانەوە دێت کەمە و گرانە بە بەراورد بەو گەشەکردنەی ژێرخانی ئابووریی تورکیا. زیاد لەوەش ڕووسیا و ئێران دوو هەڕەشەی ڕاستەقینەن بۆ سەر تورکیا و بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکەدا. بەڵام هەرێمی کوردستان ئەوەندە دەسەڵاتی نییە ببێتە هەڕەشە بۆ سەر تورکیا و جگە لەوەش بەنرخێکی هەرزانتر غاز و نەوت بە تورکیا دەفرۆشێ. تەنانەت ئەگەر تورکیا خواستی بووایە نەوت و غازی کوردستان لەڕێگەی حکومەتی بەغداوە بکڕێ، هێشتا دەبوو ئەو نەوت و غازە بەناو خاکی کوردستاندا بڕوات.

وادەردەکەوێ بەرپرسانی بەغدا زۆر نزیکترین لە ڕووسیاو ئێران و ڕژێمی ئەسەد. بەتایبەت لەگەڵ هەنگاوە نوێیەکەی تورکیا بۆ سەپاندنی سیاسەتی دەرەوەی لە هەرێمێکدا کە ململانێی شیعەو سوننە حەتمیە، کوردە سوننەکانی عێراق وەک هاوپەیمانێکی سروشتی بۆ تورکیا دەردەکەون. ئێستاش حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک تەنیا دراوسێی تورکیا دەردەکەوێ کە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ نەبێت. پێناچێت هیچکام لەم هۆکارە ستراتیژیە سەرەکیانە لە ماوەیەکی نزیکدا بۆ تورکیا بگۆڕێن. لەلایەکی دیکەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە دەروازەیەکە بۆ گواستنەوەی نەوت و غازەکەی و لەگەڵ بەدیلێک بۆ جێگرتنەوەی بەغدا. جگە لەوەش بەرپرسانی هەرێمی کوردستان زۆر حەزیان بە پەکەکەو ڕێبازە چەپەکەی نییە کە دژی سەرمایەدارییە. لەبەر ئەوە پێویست ناکات سەرکردەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان حەزیان بە یەکتر بێت. چونکە بەردەوام پێویستیان بەیەکتر دەبێت، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بەردەوامبوونی پەیوەندییەکی سیاسی درێژخایەن و هاوسەرگیرییەکی درێژ.



عەبدولڕەحمان سدیق*
asidiq1962@yahoo.com

# ریسایکلینگ
# پاشەکەوتکردنی داراییە

زبڵ و خاشاک بریتییە لەگشت ئەو گواستراوە فڕێدراوانەی هەر شوێنێک کە جێهێشتنیان زیان بەسەلامەتی و تەندروستیی مرۆڤ دەگەیەنێت.

زبڵ و خاشاک لەسەر بنەمای سەرچاوەکانی، بەم جۆرە پۆلێن دەکرێن:

1- خاشاکی ماڵان
2- خاشاکی کارگەکان
3- خاشاکی کێڵگەکان
4- پاشماوەی بیناکان

پرۆسەی مامەڵەکردنیش لەگەڵ زبڵ و خاشاکدا شەش هەنگاوی هەیە، وەک: چاودێریکردنی، کۆکردنەوەی، گواستنەوەی، چارەسەرکردنی، ریسایکلینگ و ڕزگاربوون لێی.

ئەمەش بەمەبەستی:

یەکەم: کەمکردنەوەی ئاسەوارە نێگەتیڤەکانی لەسەر ژینگەو تەندروستی و دیمەنی گشتی.

دووەم: دەستخستنەوەی دەرامەتەکان و دووبارە بەکارهێنان و دروستکرنەوە لێیان.

سێیەم: پاراستنی دەرامەتە دەست لێنەدراوەکان.

چوارەم: کەمکردنەوەی زبڵ و خاشاک.

پێنجەم: دۆزینەوەی هەلی کاری نوێ.

دووبارە دروستکردنەوەی مادده بەکارهاتووەکان خۆی لەخۆیدا شۆڕشێکی گەورە بوو بۆ کەمکردنەوەی بڕی مادده فڕێدراوەکان و پاشماوەکان. چونکە چەمکێکی نوێی داهێنراو بوو بۆ بەڕێوەبردنێکی تەواوکار لەبواری مامەڵەکردن لەگەڵ پاشماوەکاندا کە جاران تەنها بەڕێگەی سووتان لەکۆڵ دەکرایەوە لەکاتێکدا چەندین گرفتی ژینگەیی دیکەی بەدوای خۆیدا دەهێنا، یان بەشێوازی لەچاڵنان بەشێوەیەکی زۆر سادەو سەرەتایی کە ئەمیشیان گرفتی ژینگەیی بەدواوە بوو.

بەداخەوە لەوڵات و هەرێمی ئێمەدا هێشتا کار بەیەکێک یان هەردوو ئەو شێوازە سەرەتاییانە دەکرێت.

ئێمە ئەگەر بڕوانینە وڵاتانێک کە هەندێکیان نزیکن لەخۆمانەوە و زۆریش لەڕیزی وڵاتانی پێشکەوتوودا نین، دەبینین لەبواری دووبارە دروستکردنەوەدا هەنگاوی گەورەیان ناوە و ساڵانە بڕێکی زۆری ئەو پاشماوانە دووبارە دروستدەکەنەوە.

دووبارە دروستکردنەوە بەچەند هەنگاوێک دەبێت لەوانە:

کۆکردنەوە، پاشان جیاکردنەوە ئینجا مامەڵەکردنی بەماددەی جۆراوجۆر، دواجار دووبارە دروستکردنەوە.

بڕی ماددەی پاشماوەکان ئەگەر بەپێی ئەو هاوکێشەیە لێی بڕوانین کە هەر تاکێک ڕۆژانە نزیکەی (1.5)کیلۆ گرام لەماددەی پاشماوە بەجێدەهێڵێت، ئەوا دەتوانین بزانین ساڵانە لەسەر ئاستی شارێک، هەرێمێک، وڵاتێک چەند ملیۆن تەن لەو ماددانە بەجێ دەمێنن.

ئەگەر بەشێوەی ڕێژەی سەدی لەبڕی ئەو ماددانە بڕوانین، ئەوا دەبینین ڕێژەیان بەم شێوەیە:

40% مادده ئۆرگانییەکان، 20% کاغەزو کارتۆن، 15% پلاستیک 7% مادده کانزاییەکان، 5% شووشە، 4% قوماش و چنراوەکان، 9% ماددەی دیکە.

ئەگەرچی ماوەیەکە لێرەو لەوێ باس لەدانانی بەردی بناغەی کارگەی ریسایکلینگ دەکرێت، بەڵام پێویستە بەپەلە وڵاتی خۆماندا کارگەی جۆراوجۆر بۆ دووبارە دروستکردنەوەی ئەم ماددانە دابمەزرێنین، بەتایبەت کە ئێستا لەسایەی زۆربوونی دانیشتووان و زۆرتر بەکاربردنی شتومەکی ئامادەکراودا، ساڵانە بڕێکی زۆری ئەو پاشماوانە بەجێ دەمێنن.

بۆنموونە ئێستا لە وڵاتێکی وەک سعودیە نزیکەی (2500) کارگە هەن بۆ دووبارە دروستکردنەوە، یەکێک لەو کارگانە کارگەی دووبارە دروستکردنەوەی کاغەز و پەڕاو و پەرتووک و ئەو کارتۆنانەی فڕێدەدرێن کە بەداخەوە لای خۆمان کارگەی لەم جۆرەمان نییە.

بۆیە لەساڵێک لە ساڵانی ڕابردوودا (700) تەن لەکتێب و پەرتووکی بەکارهاتوو لەپارێزگایەکی هەرێمی کوردستانەوە درایە وڵاتێکی دراوسێ بەنرخێکی هەرزان و بەبڕی (18) ملیۆن دیناری ئێستا، ئەمە لەکاتێکدا لەوڵاتێکی وەکو عێراقدا دەیان ساڵ لەمەوبەر کارگەی بەرهەمهێنانی کاغەز و دووبارە دروستکردنی هەبوو لەشاری (عەمارە)ی باشووری عێراق.

هەروەها لەو کارگانەی کە پێویستە بنیاتبنرێن، کارگەی دووبارە دروستکردنەوەی مادده پلاستیکیەکانە بۆ سوود وەرگرتن لەهەزاران تەن لەو ماددانە کە ساڵانە فڕێدەدرێن و گرفتی ژینگەیی بۆ ئاو و خاک و هەوا دروست دەکەن.

لەبەر ئەمانەو زۆر هۆی دیکە، پێویستە کارگەی لەو جۆرە هەبن و هاووڵاتیانیش فێربکرێن بۆ جیاکردنەوەی پاشماوەکان لەماڵەوەو شارەوانیش مادده پاشماوەکان بەجیا کۆبکاتەوە، کاغەز و کارتۆن بەجیا، پلاستیک بەجیا، شووشە بەجیا، کانزاکان بەجیا، بەمەش ژینگە لەملیۆنان تەن لەو ماددانە ڕزگار دەکەین و سروشتیش پارێزراو دەبێت.

***نووسەر و ڕۆژنامەنووس و یەکەم وەزیری ژینگەی عێراق لەدوای ڕووخانی ڕژێم**

WWW.RUDAW.NET
RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



عەزیز وەیسی بۆ (ڕووداو):

## هێڵی لەڤ عەزیز وەیسی دووەمە

10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : سالّح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵلا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد
هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net

www.farukmedicalcity.com




چاودێریکردنێکی پزیشکیی بێ وێنە

لە شاری پزیشکیی فاروق، تەندروستیی نەخۆشەکانمان ئەرکی سەرەکیمانە. وە بە نوێترین شێوە و بەهۆی تەکنۆلۆجیای تازە و بە شارەزایی و پسپۆڕیی تواناداری کادرە پزیشکییەکانمانەوە کۆشش دەکەین کە بەرزترین ڕادەی خزمەتگوزاریی چڕوپڕی پزیشکایەتی بۆ نەخۆشەکانمان دابین بکەین.

fmc
FARUK MEDICAL CITY

شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود، سلێمانی، کوردستان، عێراق | +964 (0) 770 900 0000

REKLAM